# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٩٧)- (١٥)ی کانونی دووەم ٢٠٢٤




## چارەسەرکردنی مەترسییەکانی جیهان پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەی متمانە هەیە

### لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان - داڤوس

# مەسرور بارزانی باس لە ئالینگارییەکان و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ تەنگژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات




# سەردانی کۆندۆلیزا ڕایس بۆ هەولێر و سەڵاحەددین ساڵی ٢٠٠٥

## ٩٨


ڕۆژی ١٥ی ئایاری ٢٠٠٥، کۆندۆلیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەردانی کوردستانی کرد کە پێک هاتبوو لە: جەنەڕاڵ ئۆدیێرنۆ یاریدەدەری سەرۆکی ئەرکانی ئەمەریکا، دەیڤید ویلش، یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیک جۆنز، ڕاوێژکاری ڕایس بۆ کاروباری عێراق.

لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ خاتوو ڕایس کە هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئامادە بوون، گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی ناوچەکە و عێراق کرا و بیروڕا ئاڵوگۆڕ کران. لە بەشێکی کۆبوونەوەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سوپاسی کردین بۆ ڕۆڵ و هەوڵەکانمان لە بەرەوپێشەوەبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. هەروەها سێ خاڵی گرنگیشی خستە ڕوو کە بەم شێوەیە بوون:

١- سەبارەت بە پرسی کەرکووک داوای کرد هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی کێشە و گیروگرفت ڕوو نەدات. منیش پێم ڕاگەیاند، ئەگەر ماددەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی وڵات جێبەجێ بکرێت، کێشەکان چارەسەر دەبن و کەرکووک دەبێتە نموونەی پێکەوەژیان.

٢- هەوڵ بدرێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ تورکیا باش و ئاسایی بن. لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند کە باشە و هاوکاریمان بکەن و یارمەتیمان بدەن لەو بارەیەوە.


٣- پێم خۆشە پەیوەندییەکانمان بەردەوام بن و هەر کات پێویست بوو بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە بکە، هەوڵ بدەن دەستوورێکی دیموکراتی بنووسرێت، وەک ئەمەریکا. کاتی خۆی باب و باپیرانمان کۆیلە بوون، بەڵام لەژێر سایەی دەستووری دیموکراتیی ئەمەریکا، من وەزیری دەرەوەی ئەمەریکام.




(حەمە کەریم عارف پیاوێك پڕپڕ لە کوردستان و لێوانلێو لە جیهان!) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوی نووسەر(غازی حەسەن)ە، مەبەستی نووسەر لەم کتێبەدا هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی تایبەتی و مەسەلە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ڕەخنەیی و زمانەوانییەکانی حەمە کەریم عارفە، ئەو خووی داوەتە وەرگێڕان و پێی وایە کە کتێبخانەی نیشتمانیی هەر میللەت و نەتەوەیەك بەرهەمی وەرگێڕدراو ڕێژەیەکی فرەی پێك هێناوە، چونکە میللەت لە هەر ئاستێکی ئەپستمولۆجیشدا بێت، هەمیشە پێویستی بەوەیە ئاگای لە بیروبۆچوون و دەستکەوتە زانستی و ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی و هزرییە جۆراوجۆرەکانی میللەتانی دیکە هەبێت، بۆچوون و ئاراستە هزرییەکانی لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و .. بزانێت.

غازی حەسەن لەم کتێبەیدا (٨١) پرسیاری لە حەمە کەریم عارف کردووە، لە هەموو بوارەکاندا، سەبارەت بەزمان وەڵامی داوەتەوە کە: زمان وەك دیاردەیەکی زیندوو، بە گوێرەی زەروورەتە حەیاتییە ماددی و مەعنەوییەکان، لە گۆڕانی بەردەوامدایە و کەس لەم حەقیقەتە واقیعییە بەدەر نییە و نابێت. هەر لەسەر بابەتی وەرگێڕاندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە کتێبخانەی کوردی یەکێکە لە کتێبخانە هەژارەکان، بەم حاڵەشەوە دەبینین کە ئاستی هۆشیاریی خەڵکی کورد تا ئێستاش نزمە کە کاری وەرگێڕان بە کارێکی کەم و سووك تەماشا دەکەن. وەرگێڕان لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ پرۆژەیەکی بەرنامەداری سیستەماتیك نەبووە، زۆر خاو بووە، ژمارەی وەرگێڕی جددی لە ژمارەی قامکەکانی دەست تێنەپەڕیوە.

نووسەری ئەم کتێبە پرسیاری زۆری دەربارەی بەرهەمەکانی ڕۆمان و ڕەخنە و شیعر و بوارەکانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لێ کردووە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانیشی لە حەمە کەریم عارف وەرگرتووەتەوە.. ئەو لە کۆتاییدا نووسیویەتی: دەزانێت بۆ چ مەبەستێك دەئاخڤێت، سازش لەسەر دەق ناکات، هەمیشە توانای خۆی لەنێو دەقە گەورە جیهانییەکاندا تاقی دەکاتەوە، ئەو دەق لەپێناو زیادکردنی ژمارەیەکی ڕزیوی تازە لەنێو کتێبخانەی کوردی هەڵنابژێرێت، ئەو وەکو سەرچاوە و داهێنان و نێوبانگی دەقەکە کە مرۆڤایەتی بەخۆی مژول کردووە، دەستەبژێری شتەکان دەکات. دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە (غازی حەسەن) دەکەین، هیوای تەندروستیش بۆ نووسەر و وەرگێڕی بە توانا(حەمە کەریم عارف) دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان


بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری


*Web: www.gulanmedia.com*

«« پ.د. سەباح سابیر خۆشناو :



## کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەوڵەکانی خنکاندنی ئابووری هەرێم ڕەهەندی سیاسی و ئەجیندەی دەرەکیی لە پشتە

«« موحسین یادگار فەیلی :




## جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە مەبەستی تەعریب و لێدانی کورد بووە

«« مەندوح سینۆ حاجی جەمال :



## یەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بیر و هزری نەتەوەیی و کوردایەتییان نەبووە


«« پرۆفیسۆر جەیمس سپێرلینگ :



## سیستمی لیبراڵی سەرەڕای کەموکوورییەکانی باشترین سیستمە کە ئومێدی بۆ بخوازین

دڵشاد میران :

**ئێران و ئەمریکا خوازیاری ئەوە نین دۆخەکە لە عێراقدا بگاتە ئاستێک زیان بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت**






تەرزە مزەفەر :

**هەر وەرزشێک زەحمەتی خۆی هەیە، بەڵام خۆشەویستی بۆ یاری وا دەکات ماندوو بوونت بیر بچێتەوە**



ڕەوشەن چەلکەر :


**زۆر گرنگە ئافرەتی کورد لە ڕێگەی هونەرەوە پەیامی خۆی بگەیەنێت**



**دووربین و کامێرا پێکەوە**



**کاربۆهیدرات و دابەزاندنی کێشی لەش**



شانوکار عادل حەسەن :

**بەری سەرهلدانێ شانوکار ب کەسێن شورەشگێر دهاتنە بەرچاڤ کرن**



WORLD ECONOMIC FORUM

# دووبارە بونیادنانەوەی متمانە

## کۆڕبەندی ئابووریی جیهان – داڤۆس ٢٠٢٤

---

## شەڕ و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن کۆتاییان دێت؟

---

## پێشوازی لە جیهانێک دەکەین، گەرما ٣ پلە بەرز دەبێتەوە

ڕۆژی ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، کۆڕبەندنی ئابووریی جیهان- داڤۆس، نۆزدەهەمین ڕاپۆرتی خۆی بە ناونیشانی «مەترسییە جیهانییەکان» بڵاو کردەوە، وەك ئامادەکارییەك بۆ پیشاندانی ئەو مەترسییانەی کە لە ڕۆژانی ١٥-١٩ی کانوونی دووەم لە ماوەی چوار ڕۆژدا لە پەنێڵەکانی کۆڕبەندەکە بە ئامادەبوونی بەڕێزان مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی وڵاتانی دیکەی جیاواز و خاوەن کۆمپانیا هەمە جۆرەکان بەگشتی و داهێنانە تازەکانی زیرەکیی دەستکرد و پسپۆڕ و ئەکادیمی و بزنێسمانەکان لەسەرانسەری جیهان بەڕێوە دەچێت، ئامانجیش لە کۆکردنەوەی ئەم هەموو کەسایەتییە جیاوازە لەو کۆڕبەندە، بە ئومێدی ئەوەیە کە سەرکردەی حکومەتەکان و پیاوانی کار و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پسپۆڕان بتوانن گفتوگۆیەکی کراوە بونیاد بنێن، تاکو بتوانن هەنگاوی پێویست هەڵبگرن بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە و دەرفەتی پێویست بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چارەسەری درێژخایەن بۆ کێشەکان بدۆزنەوە.

یەکێك لەو کێشە و مەترسییانەی لەم کۆڕبەندە تیشکی دەخرێتە سەر، هەڵکشانی شەڕ و توندتیژییەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە دواى هێرشەکانی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ شەڕێکی کاولکار و خوێناوی بەدوای خۆیدا هێنا و، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت، کە تەواوی ناوچەکە بگرێتەوە، بەتایبەتی کە لایەنی دیکەی وەك «چەکدارانی حوسی لە یەمەن و گرووپ و میلیشیا لە یاسا دەرچووەکانی عێراق و سووریا و لوبنان»ی بوونەتە بەشێك لەم شەڕە و بەردەوام هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و عێراق و، هەروەها بەردەوام چەکدارانی حوسی لە یەمەن هێرش دەکەنە سەر کەشتییەکانی دەریای سوور و خەریکە ڕێڕەوی ئاوی لە دەریای سوور بۆ نۆکەندی سویس دەکەوێتە مەترسییەکی گەورە و لە بەرانبەریشدا هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا، هەم کاردانەوەیان هەیە بە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگای ئەو هێزانە و، وەك ئەوەی لە بەرەبەیانی هەینیی ڕابردوو (١٢ی کانوونی ٢٠٢٤) بینیمان کە هێزەکانی بەریتانیا و ئەمریکا بە هێرشی ئاسمانی و ڕۆکێت هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی چەکدارانی حوسییەکان لەیەمەن، لەم چوارچێوەیەدا لە کۆڕبەندی ئەمساڵدا پەنێڵێك دیاری کراوە بە ناونیشانی «کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: ئەم گەمەیە چۆن کۆتایی دێت؟» کە بەڕێزان مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەید بەدر بن محەمەد ئەلبوسعێدی وەزیری دەرەوەی عومان، لولوە ئەلخاتر وەزیری دەوڵەت بۆ هاریکاری نێودەوڵەتی لە وەزارەتی دەرەوەی قەتەر، محەمەد قەرقاش ڕاوێژکاری دیپلۆماتی سەرۆکی ئیمارات، کارین ڤۆن هیبل بەڕێوەبەری گشتیی ئامۆژگای پادشایی،« RUSI» باس لە مەترسی و دەرهاویشتە ترسناکەکانی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانە دەکەن و هەوڵ دەدەن شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەترسییانە بخەنەڕوو.

لە ئەجینندای ئەم کۆڕبەندەدا کە ڕاپۆرتێکی ١٢٤ لاپەڕەیی بە ناونیشانی «مەترسییە جیهانییەکان»ی بۆ ئامادە کراوە، ڕاپۆرتەکە وێڕای ئەوەی زۆر بە وردی کۆی ئەو مەترسییانەی ئاماژە پێ کردووە، کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە و، لە بەشێکیدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە لە ڕاپۆرتی ١٨هەمینی پارساڵدا، ئاماژەیان بەوە کردووە، ئابووریی جیهان بە ئاسانی دوای پەتای کۆڤید ١٩ نابووژێتەوە، بەڵام ئەمساڵ کە پێ دەنێنە ساڵی ٢٠٢٤ لەسەر پاشخانی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و نەبوونی دڵنیایی لەسەر سێکتەری ئابووری، جیهان ڕووبەڕووی دوو کێشەی سەرەکی دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە «مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و بوونی شەڕ و کێشە لە جیهاندا».

ئەو گرژی و ئاڵۆزییە جیۆسیاسییانەی ئەمڕۆ بوونیان هەیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕ و کاری دوژمنکارانەی کە لە زۆر شوێنی جیهان سەرهەڵدەدەن و ئاراستەی سیستمی جیهان بەرەو سیستمێکی فرەجەمسەری، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان «داخۆڕانی متمانە و ناسەقامگیری» لێ دەکەوێتەوە،

**کۆڕبەندی ئەمساڵ (کۆڕبەندی ئابووریی جیهان – داڤۆس) ئامادە کراوە، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە لە ڕاپۆرتی ١٨ هەمین، ئاماژەیان بەوە کردووە، ئابووری جیهان بە ئاسانی دوای پەتای کۆڤید ١٩ نابووژێتەوە**

**ساڵی ٢٠٢٤ لەسەر پاشخانی پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و نەبوونی دڵنیایی لەسەر سێکتەری ئابووری، جیهان ڕووبەڕووی دوو کێشەی سەرەکی دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە «مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا و بوونی شەڕ و کێشە لە جیهاندا»**

**ئەو گرژی و ئاڵۆزییە جیۆسیاسییانەی ئەمڕۆ بوونیان هەیە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕ و کاری دوژمنکارانەی کە لە زۆر شوێنی جیهان سەرهەڵدەدەن و ئاراستەی سیستمی جیهان بەرەو سیستمێکی فرەجەمسەری، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان «داخۆڕانی متمانە و ناسەقامگیری» لێ دەکەوێتەوە**

**ڕاپۆرتی مەترسییەکانی جیهان، جیهان لەوە ئاگادار دەکاتەوە، ئەم قۆناغە، قۆناغی وەرچەرخانی سیستمی حوکمڕانییە، هەروەها ئەو مەترسییە ترسناکانە، شی دەکاتەوە کە لە ماوەی ٢-١٠ ساڵی داهاتوو ڕووبەڕووی ئابووری و کۆمەڵگەکانی جیهان دەبێتەوە**

**ئەم کێشە و مەترسییە ترسناکانەی مرۆڤایەتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، پێویستی بە هاوکاریی کۆی دەوڵەتانی جیهان و تواناکانی مرۆڤایەتی هەیە**

**ئەگەر مرۆڤایەتی ئامادەباشی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانە، دەکرێت زۆر هەلی باشیش بۆ دووبارە گێڕانەوەی متمانە و هاوکاری لە نێوان هەموو کاراکتەرە پەیوەندیدارەکاندا بڕەخسێت**

هەمــوو ئــەو گۆڕانکارییانــەش هــاوکات لەگــەڵ گۆڕینــی کەشوهەواو بەرزبوونەوەی پلەی گەرما کــە هەمــوو ئاســتێکی تێپەڕانــدووە و، ســەرباری ئەمــەش ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ نرخــی شــمەکەکان بەرزتــر دەبێتــەوە و ئاســتی گوزەرانــی خەڵکــی قورســتر دەبێــت و خەریکــە نەبوونــی دڵنیایــی لەسەر سەقامگیریی ئابووری دەبێتە دیاردەیەك و هەمــوو جیهــان دەگرێتــەوە.

کۆڕبەنــدی ئەمســاڵ، وێــڕای ئــەوەی جەخــت لەســەر کــۆی مەترســییەکانی جیهــان دەکاتــەوە، لــە هەمــان کاتــدا ئەوەشــی نەشــاردووەتەوە کــە میدیــا و سۆشــیال میدیــا بــە شــێوەیەکی زۆر ناتەندروســت مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم مەترســییانە دەکــەن و ڕووماڵیــان دەکــەن و دەیانگوازنــەوە بــۆ هاووڵاتیــان، کــە زۆربەیــان بــە ڕێگــەی هەواڵــی ســاختە و چەواشــەکارانە مامەڵەیــان لەگــەڵ کــردووە، وای کردووە ئاستی مەترسییەکان زیاتر و خێراتر بکەن و کۆمەڵگەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری هەســت بــە لاوازی و بێدەســەڵاتی بکــەن.

ڕاپۆرتــی مەترســییەکانی جیهــان، جیهــان لــەوە ئــاگادار دەکاتــەوە، ئــەم قۆناغــە، قۆناغــی وەرچەرخانــی سیســتمی حوکمڕانییــە، هەروەهــا ئــەو مەترســییە ترســناکانە، شــی دەکاتــەوە کــە لــە مــاوەی ٢-١٠ ســاڵی داهاتــوو ڕووبــەڕووی ئابــووری و کۆمەڵگەکانــی جیهــان دەبێتــەوە، لەنــاو ئــەم جیهانــە پــڕ مەترســییەدا، چــۆن دەتوانیــن هەنــگاو هەڵبگریــن بــۆ جیهانێــك کــە شــوهەواکەی بــە جۆرێــك گۆڕانــکاری بەســەردا دێــت و گەرمــا بــە ٣ پلــەی ســەدی بــەرز دەبێتــەوە، کــە ئەمــەش بــە شــێوەیەکی ڕیشــەیی کاریگــەری ئــەم هەســارەیە دەبێــت، وەك ئاشکراشــە کاریگەرییەکانــی گۆڕینــی کەشــوهەوا پێناســەی ئاینــدەی ئــەم هەســارەیەمان دەکاتــەوە. بۆیــە ڕاپۆرتەکــە دەپرســێت: ئایــا پەرەپێدانــی مرۆیــی لــە جیهانــدا گەیشــتووەتە ئــەو ئاســتەی بتوانیــن خۆمــان لەگــەڵ ئــەم ژینگــە تازەیە بگونجێنین؟ ئەمە لە کاتێکدا لە بەشێکی زۆری ئــەم جیهانــە پەرەپێدانــی مرۆیــی بــە هــۆی بارگرانــی قــەرز و ئاســتی نزمــی ئابــووری، توانــای مرۆیــی لەبــەر یــەك هەڵوەشــاندووەتەوە.

ئــەم کێشــە و مەترســییە ترســناکانەی مرۆڤایەتــی ڕووبەڕوویــان دەبێتــەوە، پێویســتی بــە هاوکاریــی کــۆی دەوڵەتانــی جیهــان و تواناکانــی مرۆڤایەتــی هەیــە، ئــەو ڕەشــبینییەش لــەم مەترســییانە ســەر هەڵــدەدەن «داخوڕانــی هاریــکاری و متمانە»یــە، کــە وەك پێویســت ناتوانــن مامەڵــە لەگــەڵ ئــەم مەترســییانە بکــەن. لــە ڕاپرســیەکەدا کــە ئەنجومەنــی ڕاپۆرتــی «مەترســییەکانی جیهــان» بــۆ کۆڕبەنــدی ئەمســاڵی ئابووریــی جیهــان — داڤــۆس ئەنجامــی داوە ســەبارەت بــە ئاینــدەی سیســتمی جیهانــی بــەرەو فرەجەمســەری، ئــەوەی جێگــەی نیگەرانییــە، ئەوەیــە کــە «دوو لەســەر ســێی» ئەوانــەی بەشــداریی ئــەو ڕاپرســییەیان کــردووە، بــەو جــۆرە وەڵامیــان داوەتــەوە: «لــە مــاوەی ١٠ ســاڵی داهاتــوودا سیســتەمی جیهانــی دەگــۆڕێت بــۆ سیســتمی فرەجەمســەریی هێــزی گــەورە و مامناوەنــد و کێبڕکێــی تونــد لــە جیهانــدا.»

ڕاپۆرتــی کۆڕبەنــدی ئابووریــی جیهانــی لــە مەترســییەکی دیکــەش جیهــان ئــاگادار دەکاتــەوە و جەخــت لــەوە دەکاتــەوە کــە «ئاینــدە جێگــر نابێــت و، لــە دەیــەی داهاتــوو فرەیــی و ئاینــدەی جیــاواز دەبینیــن، لەگــەڵ ئــەوەی دروســتبوونی دیــاردەی نادڵنیایــی «uncertainty» لەســەر ئاســتی کــورت مــەودا کاریگەریــی تــەواوی لەســەر دیاریکردنــی ســیمای ئــەم جیهانــە دەبێــت، بــەڵام ئەگــەر مرۆڤایەتــی ئامادەباشــی هەبێــت بــۆ ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەو مەترســییانە، دەکرێــت زۆر هەلــی باشــیش بــۆ دووبــارە گێڕانــەوەی متمانــە و هــاوکاری لــە نێــوان هەمــوو کاراکتــەرە پەیوەندیدارەکانــدا بڕەخســێت.

لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەم ڕاپۆرتــە گرنگــە، کــە لــە پرۆگرامــی کۆڕبەندەکــە ڕێــك خــراوە، ئــەوەی جێگــەی هەڵوەســتەیە، ئەوەیــە کــە لــە ڕێوڕەســمی کردنــەوەی کۆڕبەنــدی داڤــوس ئــەو کەســایەتییانە دەناسێنرێن کە خەڵاتی کریستاڵی ساڵی ٢٠٢٤ی کۆڕبەندەکەیــان پــێ دەدرێــت، ئەوانــەی خەڵاتــی ئەمســاڵیان بردووەتــەوە، ســەرکردەی ڕۆشــنبیرە دیارەکانــی جیهانــن، ئــەوان خــەڵات دەکرێــن، لەبــەر ئــەوەی کارەکانیــان لــە خزمەتــی پاراســتنی ژینگــە و سرووشــت و مافەکانــی مــرۆڤ و تێگەیشــتنی کەلتــوورە جیــاوازەکان بــووە.

لایەنێکــی دیکــەی دەســتپێکی ئەمســاڵی کۆڕبەندەکــە، ئەوەیــە کــە لــە دەســتپێکی ســاڵانی پێشــوو جیاوازتــر دەبێــت و، لــە دوای خەڵاتکردنــی ئــەو کەسایەتییانە، کۆڕبەندەکە بە کۆنسێرت دەست




پێدەکات، کە سنووری نەریتی ئاهەنگەکانی کردنەوەی بۆنەکان تێدەپەڕێنێت و دەیگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی تازەی زیرەکیی دەستکرد، کە ڕەفیق ئەنادۆڵ دایهێناوە، ئەمەش ئەزموونێکە پێمان دەڵێت کە چۆن هونەر هەستمان بە ئاگا بهێنێتەوە و بیجوولێنێت، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ پێکەوە گرێدانەوەی سیستمی ژینگەی ناوچە دوورەکانی بیابانەکان و دارستانەکانی ئەمازۆن، کە چەندین هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانیبێژی بەناوبانگی جیهان تێیدا بەشدار دەبن.

ئەم دوو ڕووداوە گرنگە کە پێش دەستپێکی پەنێڵەکانی کۆڕبەندەکە و باسکردنی مەترسییە ڕاستەقینەکان پێشکەش دەکرێن، ئاماژەن بۆ ئەوەی:

١. بە خەڵاتکردنی کۆمەڵێك کەسایەتیی داهێنەر بە خەڵاتی کریستاڵ، کە داهێنانەکانیان کاریگەرییان هەبووە لەسەر «کەمکردنەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشو هەوا، ژیانی سرووشتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دروستکردنی تێگەیشتن لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکان»، کۆڕبەندە دەیەوێت بە جیهان بڵێت: وێڕای هەموو مەترسییە ترسناکەکان و نەبوونی متمانە و هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسییانە، بەڵام ئومێدێکیش هەیە، کە خەڵکانێك هەن خۆیان تەرخان کردووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ڕێگرتن لەو مەترسییانە.

٢. بە نمایشکردنی داهێنانێکی زیرەکیی دەستکرد، کە شێوازی نەریتیی هەموو کۆڕ و کۆڕبەند و کۆنفرانسە جیاوازەکان بگۆڕێت، ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرا و ئەرێنییانەی کە هونەر لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پێشکەشی مرۆڤایەتی دەکات و، وا دەکات هەستمان بەئاگا بهێنێتەوە و بیجوولێنێت، بۆیە دوای ئەم نمایشەی داهێنانەکەی زیرەکی دەستکرد، کۆنسێرتێك کە تیایدا چەندین هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانیبێژی جیهانی بەشداری تێدا دەکەن و، لە میانەی ئەو کۆنسێرتە دەیانەوێت، بیابانە دوورەکانی جیهان لەگەڵ دارستانەکانی ئەمازۆن پێکەوە گرێ بدەنەوە و، لەمەوە بە مرۆڤایەتی دەڵێن: «ئەگەر هونەر بتوانێت هەستتان بە ئاگا بهێنێتەوە و بیجوولێنێت، ئەوا ئیرادەی مرۆڤایەتی بەو ئاستەیە بیابانە دوورەکانیش وەك ئەمازۆن بکاتە دارستان و بیکاتە سەرچاوەی ئۆکسیجین و کۆتایی بە مەترسییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا بهێنێت».

**لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆڕبەندی داڤۆس ئەو کەسایەتییانە دەناسێنرێن کە خەڵاتی کریستاڵی ساڵی ٢٠٢٤ی کۆڕبەندەکەیان پێ دەدرێت**



**دڵشاد میران**

سیاسەتمەدار و شارەزا لە دۆخی عێراق بۆ گوڵان:

# ئێران و ئەمریکا خوازیاری ئەوە نین دۆخەکە لە عێراقدا بگاتە ئاستێک زیان بە بەرژەوەندییەکانیان بگەیەنێت

# میلیشیا چەکدارەکان بە ناوی فەڵەستین و موقاوەمەی ئیسلامی لە دژی ئەمریکا هەوڵی زیادکردنی نفووز و دەسەڵاتی خۆیان لە عێراق و ناوچەکەدا دەدەن

**هێرشە درۆنییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و ئەگەری پەلکێشکردنی جەنگی نێوان ئیسرائیل و حەماس بۆ تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دڵشاد میران سیاسەتمەدار و شارەزا لە دۆخی عێراق. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** شەڕی ئیسرائیل و حەماس لەلایەك و ململانێکانی ئێران و چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و حزبوڵا و حوسییەکان بەرانبەر ئەمریکا لەلایەك، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرەو دۆخێکی نادیار پەلکێش کردووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە لەم بارگرژی و پەرەسەندنانە، چارەنووسی عێراق و حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بەرەو کوێ دەبات؟**

- پشتگوێخستنی چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشە و گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی پشتگوێخستنی چارەسەری چەندین دەیەی کێشەی فەڵەستین و کورد، دەرگا لە بەردەم هەموو ئەگەر و گرژییەکاندا واڵا دەکات، ئەوەتا دوای ٥٠ ساڵ لە شەڕی ساڵی ١٩٧٣ دووبارە ئاگری شەڕی کێشەی فەڵەستین هەڵگیرسایەوە، بە هێرشکردنی چەکدارانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و دواتر هێرشی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و کوژرانی زیاتر لە ٢٢ هەزار کەس لە فەڵەستینییەکان و ١٠٠٠ کەسیش لە ئیسرائیلییەکان، پرووشکی ئاگرەکەش بەرەو حزبوڵای لوبنانی و حوسییەکانی یەمەن و گرووپە چەکدارەکانی ئێران لە سووریا و عێراق پەلی کێشا، هەرچەندە شەڕی میلیشیاتە چەکدارەکانی سەر بە ئێران بە ناوی موقاوەمەی ئیسلامییەوە پەیوەندییەکی قووڵی بەو ململانێیەوە هەیە کە چەندین ساڵە لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەکەدا سەری هەڵداوە، بەواتایەکی دیکە ئەو بارگرژی و هێرشە مووشەکی و درۆنییانەی لە ئێستادا لە سووریا و عێراق بەرانبەر بارەگاکانی ئەمریکا لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە میلیشیاتە چەکدارە توندڕەوەکانەوە، بەناوی (موقاوەمەی ئیسلامی لە عێراق) بە پاساوی فەڵەستین و دژایەتیی ئەمریکا ئەنجام دەدرێت، وەکو قۆزتنەوەی هەلێکە لەلایەن ئەو میلیشیاتانەوە بۆ ئەوەی ئەجیندەی تایبەتیی خۆیان لە ناوچەی نفووزی خۆیان پەیڕەو بکەن، فشاریان لەسەر حکومەتەکەی سوودانییش دروست کردووە، بۆ سەپاندنی زیاتری پێگە و دەسەڵات و نفووزی خۆیان لە هەموو جومگەکانی عێراقدا، ئەمەش مەترسییەکی زۆری تێدایە، نەك تەنیا لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش، هەروەکو چۆن بینیمان هێرشی درۆنی بۆ سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و بارەگای پێشمەرگە پێشهاتێکی مەترسیدارە.

**پشتگوێخستنی چارەسەری چەندین دەیەی کێشەی فەڵەستین و کورد، دەرگا لە بەردەم هەموو ئەگەر و گرژییەکاندا واڵا دەکات**

**بارودۆخی هێرشکردنە سەر ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بەم نزیکانە کۆتایی نایەت لە ناوچەکە و عێراقدا ئاڵۆزتریش دەبێت**

**گرووپە چەکدارەکان یەکڕیزی لە نێوانیاندا نییە و بەسەر دوو مەرجەعدا دابەش بوون، ئەویش مەرجەعی ئێران لە قوم و مەرجەعی عێراق لە نەجەفە، کە وەلایان بۆ سیستانی هەیە**

*** لە دوا دیداری نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی ئیدانەی هێرشکردنە سەر پێشمەرگە کرا، بەڵام بارگرژییەکان و هێرشەکانی میلیشیاتە**

**توندڕەوەکان بەردەوامیی هەیە، ناکۆکی و بیروبۆچوونی جیاواز لە نێوان ئەم میلیشیاتە چەکدارانەدا چییە و چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەم پێشهاتە نوێیانە هەیە؟**

- بە ڕای من بارودۆخی هێرشکردنە سەر ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بەم نزیکانە کۆتایی نایەت لە ناوچەکە و عێراقدا ئاڵۆزتریش دەبێت، چونکە خەسڵەت و سرووشتی ئەم گرووپە چەکدارانەی حەشدی شەعبی و میلیشیاتە چەکدارە توندڕەوەکان لەوەدایە، کە جڵەوگیرییان وا ئاسان نییە و پەیوەندییان بە ئەجندەی موخابەراتی دەرەکییەوە هەیە، بۆیە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە بەپێی حیکمەتی سەرۆك بارزانی مامەڵە بکەین و بە وریاییەوە بڕوانینە بارودۆخەکە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و تەنانەت ئێرانیش بپارێزین و خۆمان لە هەموو پێکدادان و شەڕێك دوور بگرین، چونکە دواجار لە ناو خودی ئەم گرووپە چەکدارانەشدا دووبەرەکی، یان بۆچوون و مەرام و مەبەستی جیاواز هەیە، بۆ نموونە هەر یەك لە (کەتائیبی سەید ئەلشوهەدا و بزووتنەوەی نوجەبا و حزبوڵای عێراق و لیواکانی خوراسانی و چەندین گرووپی بچووکی دیکە) جیاوازن لە لایەنەکانی (عەسائیبی ئەهلی حەق و ڕێکخراوی بەدر) کە جۆرێك لە شەرعییەت و ئەندام پەرلەمانیشیان لە عێراقدا هەیە. گرووپە چەکدارەکان یەکڕیزی لە نێوانیاندا نییە و بەسەر دوو مەرجەعدا دابەش بوون، ئەویش مەرجەعی ئێران لە قوم و مەرجەعی عێراق لە نەجەف، کە وەلایان بۆ سیستانی هەیە و لەلایەن قەیس خەزعەلی و هادی عامرییەوە بەڕێوە دەبرێن و بەرژەوەندیی زۆر گەورە و فراوانیان لە عێراقدا هەیە و، نایانەوێت بەرژەوەندییەکانیان تووشی زیان ببێت، بە پێچەوانەی ئەوەی دووەمی میلیشیاتە چەکدارەکانی شیعەوە کە وەکو چەتە و توندڕەوی بۆ ئەجندەی ڕەهای ئێران کار دەکەن و لە قۆناغی پەرەسەندن و چەسپاندنی پێگە و نفووزی خۆیاندان و، بەرانبەر قەوارەی هەرێمی کوردستانیش دوژمنکارن بە هاوشێوەی میلیشیاتە چەکدارەکانی جیلی پێشوو نین. ڕاستە مەترسییەکان زۆرن لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان بە هاوشێوەی باشووری لوبنان و حوسییەکانی یەمەن و بگرە دیمەنی ناسەقامگیریی زۆر لە ناوچەکە و عێراق دەبینرێت. ئەوەتا هێرشەکان حوسییەکانیشی گرتەوە و شوێنەوارەکانیشی دیارە، بەڵام نە ئێران و نە ئەمریکا بە لانیکەم لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەدا نین، ڕووداوەکان بگاتە ڕاددەیەك دارمانی تەواوەتی و تەقینەوە گەورەکە لە عێراقدا ڕوو بدات و، دۆخەکە بگاتە ڕادەیەك لەدەست هەردوو لا دەربچێت، چونکە هەردوو بەرە بەرژەوەندیی زۆریان لە عێراقدا هەیە و خوازیاری ئەوە نین، لە ناو ئەم هەموو پەرتوبڵاوییەی حزبەکانی عێراق و بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دۆخەکە لەوە زیاتر تێك بچێت، من وای نابینم ئەم ڕژێمە نیمچە دیموکراتی و تا ڕاددەیەك یەکپارچەیەی عێراق تێك بچێت و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە یەکجاری ڕوو لە خراپتر بکات.

*** لە دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆك وەزیران پێشوازیی دەربڕی لە هەڵگرتنی ئەو کۆت و بەربەستانەی لە عێراقدا خراوەتە بەردەم ئاساییبوونەوەی دۆخی ناردنی پشکی هەرێم و مووچە، ئایا لە ناو ئەو هەموو تەمومژ و تێکچوونی دۆخەکەدا و بەردەوامیی هاویشتنی درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هێشتا بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە ترووسکاییەك ماوە؟**

- هەرچەندە لە ناو شیعەدا گرووپێك پەیدا بوون، قەناعەتیان وایە بە تەنیا دەتوانن حوکمی عێراق بکەن، واتا بڕوایان بە شەراکەت و هاوبەشی لەگەڵ سوننە و کورد نییە، کە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی فیدراڵی دامەزراوە و لە دەستووردا چەسپێندراوە، ئەوەتا نەوەی دووەمی قیادەی حزبە ئیسلامییە شیعە چەکدارەکان کە پارەیەکی زۆریان بەرکەوتووە، ئەم خەونەیان هەیە و لەژێر پاساوی زۆرینە و بەهێزیی نفووزیاندا دەیانەوێت دۆخەکە بشێوێنن، ئەم ڕەوتە سەرناکەوێت و بە دڵی جیلی یەکەمی حزبە شیعەکان نییە، چونکە دواجار ئەوە شیعەیە کە دوای سەدەیەك لە حوکمڕانیی سوننە دۆخەکەی بەدەستەوەیە و ئەم جارە لەدەستی بچێت، هەرگیز وا بە ئاسانی جڵەوی

**لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە بەپێی حیکمەتی سەرۆك بارزانی مامەڵە بکەین و بە وریاییەوە بڕوانینە بارودۆخەکە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و تەنانەت ئێرانیش بپارێزین و خۆمان لە هەموو پێکدادان و شەڕێک دوور بگرین**

**نە ئێران و نە ئەمریکا بە لانیکەم لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئەوەدا نین، ڕووداوەکان بگاتە ڕاددەیەک دارمانی تەواوەتی و تەقینەوە گەورەکە لە عێراقدا ڕوو بدات**

**وای نابینم ئەم ڕژێمە نیمچە دیموکراتی و تا ڕاددەیەک یەکپارچەیەی عێراق تێک بچێت و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیش بە یەکجاری ڕوو لە خراپتر بکات**

**لە ناو شیعەدا گرووپێک پەیدا بوون، قەناعەتیان وایە بە تەنیا دەتوانن حوکمی عێراق بکەن، واتا بڕوایان بە شەراکەت و هاوبەشی لەگەڵ سوننە و کورد نییە، کە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی فیدراڵی دامەزراوە**

بۆ ناگیرێتە دەست. عێراق لەسەر بناغەیەك چەسپێندراوە كە دەبێت ڕەچاوی (كورد و سوننە و شیعە) بكرێت و تاكڕەوی ناخوات، تەنانەت دەركردنی هێزەكانی ئەمریكا لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە، ئەوان لە دەسەڵاتیاندایە یاسا دەربكەن، ئەوە حكومەتی عێراقە كە وەكو دەسەڵاتی جێبەجێكار دەتوانێت بڕیار دەربكات، خۆ پێشتریش بە زۆرینە لە پەرلەماندا بڕیار دەر دەكرا، كە هێزەكانی ئەمریكا نابێت لە عێراق بمێننەوە، ئەو كاتیش ئەمە بووە جۆرێك لە پێشنیار بۆ حكومەت، حكومەتەكەی محەمەد شیاع سوودانی هەرچەندە بەرهەمی لایەنەكانی هاوپەیمانێتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە و لە ناویشیاندا حزبە سیاسییەكانی ئیتاری تەنسیقی و باڵادەستیی گرووپەكانی حەشدی شەعبییە، بەڵام باش دەزانن، بوونی هێزەكانی ئەمریكا لەژێر چەتری هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدا بۆ ڕاگرتنی باڵانسی نفووزی ئێران و ئەمریكایە لە ناوچەكەدا و، دەرچوونیان زیانی نەك تەنیا سیاسی و سەربازی دەبێت، بەڵكو زیانی ئابووری و ناسەقامگیری و ئەمنیشی لێ دەكەوێتەوە، ئەوەتا زۆر لە سوننە و كورد دژی دەركردنی هێزەكانی ئەمریكان و بەشێكی شیعەش كە لەبەرەی مەرجەعی نەجەفن بە هەمان شێوەن، خۆ بوونی هێزەكانی ئەمریكا تەنیا هێزی شەڕكەر نین، بەڵكو مەسەلەی ئابووری و دارایی و نەوت و پەیوەندییەكانی عێراقە لەگەڵ ڕۆژئاواشدا، هەر خۆی لە خۆیدا سەقامگیریی عێراق ڕەنگدانەوەی لەسەر سەقامگیریی ئێران و توركیا و وڵاتانی ناوچەكەش هەیە.

*** ئایا دواجار بەردەوامیی ئەم ململانێ و كێشمەكێشانە كاریگەریی لەسەر ئابووری و بودجە و خۆشگوزەرانی و خراپبوونی زیاتری دۆخی دارایی و ئابووری و خۆشگوزەرانی عێراقییەكان بە هەرێمی كوردستانیشەوە نابێت؟**

- كێشەی ئێمە بۆ نەبوونی یەكڕیزیی نێومالّی كورد دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەو لایەن و حزبانەی لە حوكمڕانیی هەرێمی كوردستانیشدا بەشدارن، بەپێی پێویست بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەكەیان لە ئەستۆ نەگرتووە، هەر كاتێك كورد پەرتەوازەیی سیاسیی نەبووە، هێزە نەیارەكان نەیانتوانیوە سوود لە دووبەرەكی وەربگرن و فشارەكانیان زیاد نەبووە، ئەوەتا نە پارتی و نەیەكێتیی تەواجودیان لە بەغدا بەهێز نییە، هەرچی دەستكەوتی كوردە لە عێراقدا دوای ڕووخانی ڕژێم لە ڕێگەی ئەم یەكگرتوویی و پێكەوە كاركردنەوە بەدەست هاتووە، تا ساڵانی ٢٠١٣ كورد لە بەغدا پێگەیەكی بەهێزیان هەبوو، گەڕانەوەی ئەم پێگەیە بە یەكگرتوویی و تەبایی و بوونی سیاسەتمەدارانی بەهێزمان لە بەغدا دروست دەبێت و، كاریگەریی زۆر ئەرێنیی لەسەر پەیوەندییەكانمان دەبێت، ئەم جۆرە هەڵسوكەوتە خراپەی بەغدا بەرانبەر هەرێمی كوردستان و خەڵكەكەی بۆ بەهێزیی نەیارانی كورد ناگەڕێتەوە، بەڵكو بۆ بێهێزیی كورد لە بەغدا و لەناو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەگەڵ ئەمریكییەكانیشدا دەگەڕێتەوە. من باش لەو ڕاستییە تێدەگەم كە ئەمریكییەكان بەرژەوەندیخوازن، بۆیە دەبێت بەرژەوەندیی ئێمەش تێكەڵ بەو بەرژەوەندییە بكرێت، دەبێت لەگەڵ بەغدا لەلایەن سیاسەتمەدار و كەسە یەكەمەكانی هەردوو حزبەوە تەواجودمان هەبێت، دانوستان و لێكتێگەیشتنی ناوبەناو لەسەر چەند پرسێك نابێت، بەڵكو دەبێت لە هەموو لایەكەوە لە ڕووی بودجە و مووچە و نەوت و ماددەی ١٤٠ و حوكمڕانی و حكومەتە خۆجێییەكان و وەزارەتەكانەوە ڕۆڵ و پێگەی هاوبەشمان هەبێت، دەبێ لە بەرانبەر بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەكاندا بەرپرسیارێتیمان هەبێت و لە بەغدا پێكەوە لەسەر پرسە نیشتمانییەكان هاودەنگ و یەكگرتوو بین، پێویستە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش تەواجودمان هەبێت و بتوانین پەیوەندییەكان بكەینە فشار لەسەر بەغدا، چونكە دواجار كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق لە دەرەوەی سنوورەكان چارەسەر دەبن، كێشەكانیش ئەوەندە قورس و ئاڵۆز نین، چارەسەریان زەحمەت بێت، بەتایبەتی لەلایەن ئەم حكومەتەی محەمەد شیاع سوودانی كە دواجار ئەویش لەژێر فشاری گرووپە چەكدارەكانی بەدەر لە یاسادایە و، نایەوێت لەم بارودۆخەدا كێشەیەكی ئاڵۆزی دیكەی لەگەڵ هەرێمی كوردستان بۆ دروست ببێت.

**دەركردنی هێزەكانی ئەمریكا لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە، ئەوان لە دەسەڵاتیاندایە یاسا دەربكەن، ئەوە حكومەتی عێراقە كە وەكو دەسەڵاتی جێبەجێكار دەتوانێت بڕیار دەربكات**

**زۆر لە سوننە و كورد دژی دەركردنی هێزەكانی ئەمریكان و بەشێكی شیعەش كە لەبەرەی مەرجەعی نەجەفن بە هەمان شێوەن**

**كێشەی ئێمە بۆ نەبوونی یەكڕیزیی نێوماڵی كورد دەگەڕێتەوە، تەنانەت ئەو لایەن و حزبانەی لە حوكمڕانیی هەرێمی كوردستانیشدا بەشدارن، بەپێی پێویست بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەكەیان لە ئەستۆ نەگرتووە**

**پێویستە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییش تەواجودمان هەبێت و بتوانین پەیوەندییەكان بكەینە فشار لەسەر بەغدا، چونكە دواجار كێشەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و عێراق لە دەرەوەی سنوورەكان چارەسەر دەبن**




# ڕایەڵە پچڕاوەکانی ناو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بە ئاسانی پێکەوە گرێ نادرێنەوە

## تا چەند ئەندامانی پێکهاتە سەرەکییەکان شانازی دەکەن هاووڵاتیی ئەم دەوڵەتە بن؟



**هاوپەیمانی سیاسیی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی دەوڵەتێکی فرەیی و هەستکردنی پێکهاتە جیاوازەکان بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان، دوو ڕووی دراوی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتی سەرکەوتووە، بۆ ئەوەی ئەم دوو مەرجە سەرەکییە فەراهەم بن، ئەوا دەبێت، ڕایەڵەیەکی سیاسیی پتەو لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و دەوڵەت دروست بکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە دەوڵەت لەسەر دابەشبوونە نەتەوەیی و ئایینەکانەوە هەنگاو بەرەو پیادەکردنی دەسەڵاتێکی گشتگیر و دادپەروانە هەڵبگرێت. هاووڵاتیان بتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بەوەی تا چەند شانازی دەکەیت کە هاووڵاتیت لەناو ئەم دەوڵەتەدا؟**

**ئەو تێگەیشتنەی بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی سەرکەوتوو باسم کردووە، زۆر جیاوازە لەو تێگەیشتنەی کە زۆربەی دروستکەرانی سیاسەتی هاوچەرخ تێیگەیشتوون، دوای ئەو شەڕانەی لە عێراق و ئەفغانستان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بەڕێوە چوون، هەموو ناوەندەکانی هزر و حکومەتەکانی ڕۆژئاوا، هەوڵیان بۆ ئەوە دا، پرۆگرمێک دابڕێژن کە بتوانرێت لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا ڕایەڵەیەکی پێتەو لە ناو پێکهاتە جیاوازەکان بکرێت و لەگەڵ پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردنی دەوڵەتی گرێ بدەنەوە، بەڵام بێئاگا بوون لەوەی کە کاری دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پتەو لەناو پێکهاتە جیاوازەکانی یەک دەوڵەت بە خولێک و دوانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا تەواو نابێت و ئەم پرۆسە چەندین نەوە دەخایەنێت، نەک چەند ساڵێک. هەر ئەمەش وایکرد، لەبری ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق بە ڕایەڵەیەک پێکەوە گرێ بدرێنەوە و خۆیان بە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتە بزانن، عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاوی هەڵگرت».**



**پرۆفیسۆر ئەندریاس ڤایمەر**

**کتێبی «بۆچی هەندێک وڵات بە یەکگرتوویی دەمێننەوە و هەندێکی دیکەشیان لەبەریەک هەڵدەوەشێن؟»**

## بۆچی عێراق هەرگیز نابێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ؟
## -١-
## ١٩٢١- ٢٠٠٣

مێژووی نەتەوەکانی جیهان، جیا لەوەی لە خاڵێکدا پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەموو نەتەوەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، لە هەمان کاتدا و لە خاڵێکی دیکەدا، سیاسەت و بیرۆکراسیەتی تەواوی ئیمپریالیزمە جیاوازەکانیش پێکەوە کۆدەکاتەوە و لە یەك دێڕدا پێناسەی دەکات کە ئەویش بریتییە لە سیاسیەتی «پەرت بکە و زاڵ بە . Divide and rule» و، لە چوارچێوەی ئەم سیاسەت و بیرۆکراسیەتەدا دەوڵەتێك دروست دەکەن، کە پرۆسەی بونیادنی ناسنامەی گەلێك لە دەوڵەتی فرەنەتەوەدا لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت و، دوای ئەوەی ئەو دەوڵەتەش بەجێ دەهێڵن، بە حیساب دەوڵەتی نیشتمانیی هاوچەرخ دامەزرێت، وەك دامەزراندنی کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٥٨، هەمان سیاسەت و بیرۆکراسیەت لەو دەوڵەتەدا پیادەکرێت، ڕاستە دەوڵەت «ئاڵا، پارە، پەساپۆرت، سوپا، پۆلیس و دامەزراوە»ی لە هەموو بوارەکاندا دەبێت، بەڵام هەرگیز گەلێك دروست نابێت کە لە چوارچێوەی ئەو گەلەدا پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان خۆیان بە هاووڵاتی ئەو دەوڵەتە بزانن و، هەمیشەش ئەو دەوڵەتە لە چوارچێوەی مەترسیی شەڕی ناوخۆ و لەبەریەکهەڵوەشان ڕزگاری نابێت.

ئەگەر لێرەوە هەڵوەستە لەسەر سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەریتانیا بکەین، کە لە هەموو ئیمپریالیزمەکانی دیکەی جیهان وەك « فەرەنسا،

هۆڵەندا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، ئەمریکای پێش شەڕی دووەمی جیهان، ژاپۆن و.. هتد» دەگرێتەوە، لەمەش زیاتر کوردستان و عێراقیش بەشێك بوون لەو سیاسەت و بیرۆکراسیەتەی بەریتانیا کە دەوڵەتی عێراقی پێ دامەزراندووە، ئەوا ئامانجی سەرەکیی سیاسەت و بیرۆکراسیەتی ئەم ئیمپریالیزمە ئەوە بووە «کەمینەیەك بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەدا بسەپێنێت و لەمەش زیاتر چاوپۆشی ئەوەی لێ بکات، ئەم کەمینەیە ئایین و ناسنامەی نەتەوە و پێکهاتە ئایینەکانی دیکە بگۆڕێت».

سرووشتی سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، لەناو دەوڵەتە کۆڵۆنیالییە جیاوازەکاندا، حوکمڕانیی ژێر پەردە و نهێنییە، هەر بۆیە ئەگەر لە باکووری سۆماڵ پەنای بۆ سەید محەمەد بردبێت (کە کەسایەتییەکی ئایینیی ناوداری باکوری سۆماڵ بووە) وەك کۆڵۆنیالییەکی بەریتانی، ئەوا لە دەوڵەتی بوتسوانا-ی ئەفریقیا پەنای بۆ پاشای هۆزی «بوتسوانا» بردووە و هەوڵی داوە کە تەواوی هۆزەکانی دیکەی ئەو دەوڵەتە لەناو هۆزی «بوتسوانا» بتوێنێتەوە، لە هیندستانیش بە باڵادەستکردنی هیندۆسەکان هەوڵی دا، تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە بسڕێتەوە و تەنانەت هەوڵی دا بۆ بە ئینگلیزکردنی زمان «Englishification»، ئەمەشی بە ئاسانی بۆ چووە سەر، بۆیە ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا زیاتر لە ٣ ملیار کەس زمانی ئینگلیزی بە زمانی دووەمی خۆیان پێناسە دەکەن.

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێك بەریتانیا عێراقی دامەزراند، هێندەی کێشەی سەرەکی سیاسەتی ئەو کاتی عەرەبی عێراق بوو (بە شیعە و سوننەوە)، هێندەی کێشەی لەگەڵ کورد و گەلی کوردستان نەبوو، بۆیە هەوڵی بۆ ئەوە دا، بە پیادەکردنی «حوکمڕانییە نهێنی»یەکەی پەنا بۆ کەسایەتییەك ببات کە هەردوو لا (عەرەبی شیعە و سوننە) پێی ڕازی بن و لەسەر مەزهەبی سوننەش بێت، بۆ ئەمە پەنای برد بۆ «فەیسەڵ حوسێن هاشمی» لە ئوردن و وەك «حاکمی مەدەنیی عێراق» کردی بە یەکەمین پاشا لە عێراقی دوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بەڵام کورد دژی ئەوە بوو ببێتە بەشێك لە دەوڵەتی عێراق، بۆیە لە سەرەتاوە زۆر بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید کرد، کە مەملەکەتی کوردستان لە سلێمانی ڕابگەیەنێت، ئینگلیز هیوای ئەوەی بە شێخ مەحموود بوو، کە هەموو کوردستانی بۆ کۆبکاتەوە و پاشان ئەو مەملەکەتە بکاتە بەشێك لە مەملەکەتی عێراق، بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت شێخ مەحموودی حەفید ناچێتە ژێر باری ئەو داوایەی ئینگلیز، هێرشی کردە سەر مەملەکەتی کوردستان و بە زەبری هێز ڕووخاندی.

ئینگلیزەکان بە شێوەی نهێنی لە هەوڵەکانی خۆیان بەردەوام بوون، هەر بۆیە دوای دامەزراندنی ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراق لە ساڵی ١٩٢٤، بەریتانیا لە ڕێگەی ڕاوێژکردن لەگەڵ بەشێك لە سەرۆك هۆزەکانی کورد، کە ئەمەی ناو لێنا «ڕیفراندۆم»، کوردستانیشی بەو دەوڵەتە دروستکراوە بە فەرمی ناساند و کاتێکیش لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو عێراق بە کوردستانەوە، وەك دەوڵەتێکی ئەندامی کۆمەڵەی گەلان خۆی ڕاگەیاند، ئەوە بوو گەلی کوردستان، ئەم پێوە لکاندنەوەی ڕەت کردەوە و لە سلێمانی شەڕی بەردەرکی سەرا ڕووی دا و چەندین کەسی تێدا شەهید بوون، دوای ئەویش بارزانییەکان ئەمەیان قبووڵ نەکرد، بۆیە لە ١٩٣٢ و ١٩٤٣ هەدوو شۆڕشە گەورەکەی بارزان (یەکەم و دووەم) هەڵگیرسا و، ڕاشکاوانەتر لە دوای ڕاگەیاندنی عێراق وەك دەوڵەتێکی ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، حوکمڕانیە نهێنییەکەی بەریتانیا لە عێراقدا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە، ئەوجا چ لەسەردەمی پادشایەتی بووبێت، یان دوای قۆناغی پۆست کۆڵۆنیاڵی کە لە ١٩٥٨ کۆماری عێراق ڕاگەیەندرا.

بیرۆکراسیەتی بەریتانیا لەناو دەوڵەتی عێراقدا، بە پلەی یەکەم بایەخی بە عەرەبی سوننە دا و، هەموو جومگە سەرەکییەکانی بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی عێراقی بە پلەی یەکەم کردە عەرەبی سوننە، بەتایبەتی «سوپا وپۆلیس»ی بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی عەرەبی سوننەدا چڕ کردەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی عەرەبی شیعە خۆیان ئارەزوومەندانە بەشدارییان لە دەسەڵاتی

**بیرۆکراسیەتی بەریتانیا کە دەوڵەتی عێراقی پێ دامەزراندووە، ئەوا ئامانجی سەرەکیی سیاسەت و بیرۆکراسیەتی ئەم ئیمپریالیزمە ئەوە بووە «کەمینەیەک بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەدا بسەپێنێت و لەمەش زیاتر چاوپۆشی ئەوەی لێ بکات، ئەم کەمینەیە ئایین و ناسنامەی نەتەوە و پێکهاتە ئایینەکانی دیکە بگۆڕێت»**

**لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک بەریتانیا عێراقی دامەزراند، هێندەی کێشەی سەرەکی سیاسەتی ئەو کاتی عەرەبی عێراق بوو (بە شیعە و سوننەوە)، هێندەی کێشەی لەگەڵ کورد و گەلی کوردستان نەبوو، بۆیە هەوڵی بۆ ئەوە دا، بە پیادەکردنی «حوکمڕانییە نهێنی»یەکەی پەنا بۆ کەسایەتییەک ببات کە هەردوو لا (عەرەبی شیعە و سوننە) پێی ڕازی بن و لەسەر مەزهەبی سوننەش بێت**

**ئینگلیز هیوای ئەوەی بە شێخ مەحموود بوو، کە هەموو کوردستانی بۆ کۆبکاتەوە و پاشان ئەو مەملەکەتە بکاتە بەشێک لە مەملەکەتی عێراق، بەڵام کاتێک بۆی دەرکەوت شێخ مەحموودی حەفید ناچێتە ژێر باری ئەو داوایەی ئینگلیز، هێرشی کردە سەر مەملەکەتی کوردستان و بە زەبری هێز ڕووخاندی**

**دوای ڕاگەیاندنی عێراق وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان، حوکمڕانییە نهێنییەکەی بەریتانیا لە عێراقدا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە، ئەوجا چ لەسەردەمی پادشایەتی بووبێت، یان دوای قۆناغی پۆست کۆڵۆنیاڵی کە لە ١٩٥٨ کۆماری عێراق ڕاگەیەندرا**

**دید و تێڕوانینی بەریتانیا بۆ دەوڵەتە کۆڵۆنیاڵەکانی سەردەمی ئیمپریالیزم، بەو جۆرە بووە کە پێویستە «پێکهاتەی فرەکەلتووری و فرەئاینیی ئەو دەوڵەتە بگۆڕێت، بۆ پێکهاتەی کەمینەی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتدا، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بووە، دەوڵەت بەهێز نابێت ئەگەر هامۆجینی و یەکڕەنگ نەبێت».**

حکومەتی پادشایەتی ڕەت کردەوە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش کپ بکاتەوە و نەیهێڵێت، هەر خۆی بواری بە عەرەبی سوننەی عێراق دا، کە بایەخ بە عروبە بدەن و هەوڵ بدەن پرۆسەی بەعەرەبکردنی کورد دەستپێبکەن، ئەم پرۆسەیە لە ساڵی ١٩٢٧ دوای لێدانی یەکەم بیری نەوت لە کەرکووك دەستی پێکردووە و، لە دوای کردنی حەویجەش بە قەزا، بواری دا کە هۆزە عەرەبییەکان لەو قەزایە نیشتەجێ بکەن.

وەك مێژوو پێمان دەڵێت، دید و تێڕوانینی بەریتانیا بۆ دەوڵەتە کۆڵۆنیاڵەکانی سەردەمی ئیمپریالیزم، بەو جۆرە بووە کە پێویستە «پێکهاتەی فرەکەلتووری و فرەئاینیی ئەو دەوڵەتە بگۆڕێت بۆ پێکهاتەی کەمینەی دەسەڵاتدار لە دەوڵەتدا، ئەمەش لە پێناوی ئەوە بووە، دەوڵەت بەهێز نابێت ئەگەر هامۆجینی و یەکڕەنگ نەبێت».

د.مارك کیرتس ئەکادیمی و ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی دامەزراوەی «ئاشکراکردنی ئەو بەڵگانەی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا کە بەربەستی نهێنییان لەسەر هەڵگیراوە - «DE-classified UK»، دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی ئارەزوومەندانەی «ئەمریکا، بەریتانیا، ئیسپانیا، کەندا، ئوستڕالیا» لە ساڵی ٢٠٠٣، لە ساڵی ٢٠٠٤ کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «بێماناکردنی گەل: پێشێلکارییە نهێنییەکانی بەریتانیا بۆ سەر مافی مرۆڤ- Un-people: Britains Secret Human Rights Abuses»، لەم کتێبەدا کە تەواوی پێشێلکارییە نهێنییەکانی حوکمڕانیی شاراوەی بەریتانیای لەسەر دەوڵەتانی کۆڵۆنیاڵیی ناو چوارچێوەی ئیمپریالیزمی بەریتانیا ئاشکرا دەکات و، بەشێکی تەواویشی بۆ ئەو پێشێلکارییانەی بەریتانیا تەرخان کردووە، کە دژی مافی مرۆڤ لە عێراقدا ئەنجامی داون، بەتایبەتی لە کۆمەڵکوژی شیوعییەکان لە ١٩٦٣ و پاشانیش لە پڕچەککردنی سوپای عێراق بە فڕۆکەی هەنتەر و چەکی قورس و هەروەها ناپاڵم و چەکی کیمایی و تێکشکاندنی شۆڕشی ئەیلوول و کۆمەڵکوژیی گەلی کوردستان. کە پار لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ لە وتارێکدا بە ناونیشانی: «کاتێك بەریتانیا سوپای عێراقی پڕچەك کرد، بۆ ئەوەی شەڕی جینوسایدی لە دژی کورد پێ بکات - When Britain armed Iraqs genocidal war on the Kurds».

مارك کیرتس هەم لە کتێبەکەی کە لە ٢٠٠٤ بڵاوی کردووەتەوە و هەم لەو وتارەشی کە چەند مانگ پێش (٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣) پێشکەشی کرد، ئەوەی بە بیری ئێمەی وەك هەرێمی کوردستانی هێنایەوە، ئەم چەند خاڵەیە:

١. بناغەی ئەقڵییەتی شۆڤێنیی دەسەڵاتدارانی عەرەبی سوننە لە ١٩٢١- ٢٠٠٣، دژی گەل و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، پیادەکردنی سیاسەتی نهێنی و ئاشکرای بەریتانیا بووە، لە سەردەمی پادشایەتی تا ساڵی ١٩٥٨، بە ئاشکرا مەمەلکەتی کوردستانی ڕووخاند، هەروەها هەر دوو شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزانی سەرکوت کرد.

٢. لە دوای ساڵی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی، حوکمڕانی هەر لە دەستی دەستەبژێری سوننەی کەمینە مایەوە، بەتایبەتی ئەفسەرەکانی سوپای عێراق، بۆیە ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئەوانەی پێیان دەگوتن «ئەفسەرانی ئازایخواز - الضباط الاحرار»، وەك عەبدولکەریم قاسم، کە بووە سەرۆك کۆماری عێراق، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا، ئاراستەی سیاسەتی کۆڵۆنیاڵی بەریتانیا بگۆڕێت، بەریتانیا هەوڵی دا، ئەم ئاراستەیە وەك خۆی بمێنێتەوە، بۆیە کەوتە هاندانی بەعسییەکان و پلانی بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم داڕشت، ئەوە بوو لە ١٩٦١ ئەو پیلانە جێبەجێ کرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، کاتێکیش بەعسییەکان لە ١٩٦٣ کودەتایان کرد و ئەو کۆمەڵکوژییەیان دژی حزبی شیوعیی عێراق ئەنجام دا، باڵیۆزی بەریتانیا خۆی سەردانی کۆشکی کۆماری عێراقی کرد و، پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێکردن و لەمەش زیاتر داوای لە بەعسییەکان کرد، یەکەیەکی سەربازی لە گاردی کۆماری بنێرنە بەریتانیا بۆ ئەوەی مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکەن و باشتر فێری کۆمەڵکوژییان بکەن.

٣. لەو سەردەمەدا (شەستەکانی سەدەی

ڕابردوو) کە شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی لەو پەڕی هەڵکشانی خۆیدا بوو، سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەش سوپای عێراقی شەکەت کردبوو، حکومەتی بەریتانیا (ئەوجا حکومەتەکە پارێزگاران بوو بێت، یان کرێکاران) هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە دابینکردنی «هەموو جۆرە فرۆکەیەک، تۆپی قورس و دوورهاوێژ، ناپاڵم، چەکی کیمایی و فسفۆر» وەک پابەندبوونی حکومەتی شانشینی بەریتانیا بۆ پڕچەککردنی سوپای عێراق بەردەوام دەبێت.

٤. لە میانەی ئاشکراکردنی بەڵگە نهێنییەکانی سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا لە کێتبەکەی ساڵی ٢٠٠٤، ئەو بەڵگەنامانەی ئاشکرا کردوون، کە سیاسەتی بەریتانیا لە عێراقی دوای ساڵی ١٩٥٨ – ٢٠٠٣ لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق دوو ڕووی یەک دراو بوون، هەموو کات وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و ئەمریکا لە ڕێگەی باڵیۆزەکانیان لە بەغدا، یەک سیاسەتیان پیادە کردووە و لە هیچ قۆناغێکدا دوو سیاسەتی جیاوازیان نەبووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە هەموو پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کە ڕژێمی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دژی کورد ئەنجامی دان، هیچ لایەکیان (بەریتانیا و ئەمریکا) نە پشتگیری کوردیان کرد و نە هەڵوێستێکی نەرێنیشیان بەرانبەر حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن پیشان دا.

کەواتە مارک کیرتس، لە ٢٠٠٤ بە تەواوی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستانی بەتایبەتی لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە پرۆسەی بە ناو «ئازادکردنی عێراق» بۆ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، بۆ ئازادکردنی گەلانی عێراق نییە لە زوڵم و دیکتاتۆرییەت، بەڵکو ڕووخانی ڕژێمێکە کە چیدیکە سوودی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز «بەریتانیا و ئەمریکا» نییە و، بەرژەوەندیی ئینگلیز وا دەخوازێت، ئەم ڕژێمە (بەعس و سەدام حوسێن) بڕووخێنرێت و، سیستمێکی دیکە لە عێراق دابمەزرێت، کە بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز «ئەمریکا و بەریتانیا» بپارێزێت.

دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە «بێ ماناکردنی گەل: پێشێلکردنە نهێنییەکانی بەریتانیا بۆ سەر مافی مرۆڤ»، ئایا ئێستا عێراق بووەتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارەش بدرێتەوە.

## -٢-
## عێراق لە ٢٠٠٣-٢٠٢٤

لە دوای ڕووخانی ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەفغانستان، کە ئەمریکا توانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ مسۆگەر بکات و، لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی ناتۆ هێرش بکاتە سەر ئەفغانستان، ئیدی بە ئاشکرا ئەو مافەی بە خۆی دا، هەر دەوڵەتێک بە هەڕەشە بزانێت و لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، بە زەبری هێز دەیڕووخێنێت و لە جێگەی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە، دووبارە دەوڵەت بونیاد دەنێتەوە و لە چوارچێوەی حوکمڕانییەکی دیموکراتیدا بوار بۆ ئەو گەلانە دەڕەخسێنێت کە خۆیان حوکمڕانیی خۆیان بکەن.

لە ماوەی دوو ساڵدا (٢٠٠١-٢٠٠٣)، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێجگە لە دەوڵەتانی ئینگلیزی زمان (ئەمریکا، بەریتانیا، کەنەدا و ئوستراليا (+ ئیسپانیا کە ئینگلیزی زمان نییە)، لەوە تێگەیشتن کە ئەمریکا لەسەر بەڵێنەکەی خۆی ڕاستگۆ نەبووە، بۆیە بۆ هێرشکردنە سەر عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمی «بەعس و سەدام حوسێن» پشتگیریی ئەمریکیان نەکرد و شەرعیەتی نێودەوڵەتییان پێ نەدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لیژنەی پشکنینی چەکە کۆکوژەکانی ڕژێمی بەعس کە دوایین ڕاپۆرتی دابووە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەی بەوە کردبوو کە عێراق هەتا ئێستاش لە تەواوی چەکەکە کۆکوژەکانی دانەماڵدراوە.

پێش دەستپێکردنی شەڕی عێراق و پرۆسەی بە ناو «ئازادکردنی عێراق» لە ناو هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراقدا، تەنیا سەرۆک مسعود بارزانی لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام بەگومان بوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆکار بوو:

١. سەرۆک مسعود بارزانی میراتگری ئەزموونی زیاتر لە ١٠٠ ساڵی فیکر و

**بناغەی ئەقڵییەتی شۆڤێنیی دەسەڵاتدارانی عەرەبی سوننە لە ١٩٢١- ٢٠٠٣، دژی گەل و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، پیادەکردنی سیاسەتی نهێنی و ئاشکرای بەریتانیا بووە**

**عەبدولکەریم قاسم، کە بووە سەرۆک کۆماری عێراق، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا، ئاراستەی سیاسەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیا بگۆڕێت، بەریتانیا هەوڵی دا، ئەم ئاراستەیە وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆیە کەوتە هاندانی بەعسییەکان و پلانی بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دارشت**

**لە هەموو پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کە ڕژێمی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دژی کورد ئەنجامی دان، هیچ لایەکیان (بەریتانیا و ئەمریکا) نە پشتگیری کوردیان کرد و نە هەڵوێستێکی نەرێنیشیان بەرانبەر حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن پیشان دا**



**پێش دەستپێکردنی شەڕی عێراق و پرۆسەی بە ناو «ئازادکردنی عێراق» لە ناو هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراقدا، تەنیا سەرۆک مسعود بارزانی لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام بەگومان بوو**

**سەرۆک بارزانی زۆر بە ئاشکرا بە هێزە سیاسییەکانی عێراقی ڕاگەیاند «ئێمە نابینە پرد و بە سەرماندا بپەڕنەوە و بگەنە دەسەڵات و هیچ مافێکیش بۆ کورد نەسەلمێنن»**

**ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە لە کوردستان پەناهەندە بوون، ئەوەیان لا قورس بوو، کە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی داهاتووی فیدراڵیی عێراقدا بسەلمێنن**

**لە بنەڕەتەوە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئەوە بوو، کە میراتی بیرۆکراسیەتی کۆڵۆنیاڵی کە ماوەی زیاتر لە ٩٠ ساڵ لای عەرەبی سوننە بوو، بگوازێتەوە بۆ عەرەبی شیعە کە هیچ ئەزموونێکیان لە بەڕێوەبردن و بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی هاوچەرخدا نەبوو**

عەقیدەی بارزانە، ئەم فیکر و عەقیدەیە کە ڕابەرایەتیی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە، ئەزموونی لەگەڵ داگیرکارانی «دەوڵەتی عوسمانی، ڕژێمی پادشایەتی عێراق وەک حوکمڕانیی بەوەکالەتی بەریتانیا، حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق لە ١٩٥٩ -٢٠٠٣» بووە.

٢. لەگەڵ کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد، سەرۆک مسعود بارزانی لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠ وەک نوێنەری جەنابی مستەفا بارزانی، شاهیدی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنامانەن، پاشان عێراق لێی پاشگەز بووەوە.

٣. لە دوای ساڵی ١٩٧٥-١٩٩١، لەگەڵ ئەوەی سەرۆک بارزانی وەک پێشمەرگەیەک بەردەوام لە بەرەکانی شەڕ بووە، هاوکات لەسەر ئاستی سیاسیی کوردستانی و عێراقی، لە هەوڵی دروستکردنی بەرەیەکی فراوان بووە، بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و عێراقی لەسەر سیستمی ئایندەی عێراق ڕێک بکەون، لە ماوەی ئەو ١٦ ساڵە هیچ هێزێکی سیاسی عەرەبی عێراق (بە سوننە و شیعەوە) نەیانسەلماند کە گەیشتنە دەسەڵات ئەو ڕێککەوتنی ئۆتۆنومیە جێبەجێ دەکەن، کە لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن ئیمزایان کردبوو، بۆیە سەرۆک بارزانی زۆر بە ئاشکرا بە هێزە سیاسییەکانی عێراقی ڕاگەیاند «ئێمە نابینە پرد و بە سەرماندا بپەڕنەوە و بگەنە دەسەڵات و هیچ مافێکیش بۆ کورد نەسەلمێنن».

٤. لە دوای ساڵی ١٩٩١ و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەرێمی کوردستان بووە ئەمری واقیع و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە لە کوردستان پەناهەندە بوون، ئەوەیان لا قورس بوو، کە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی داهاتووی فیدراڵیی عێراقدا بسەلمێنن.

ئەم ئەزموونە کەڵەکەبووەی سەرۆک بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی کە هیچ ڕێککەوتنێک ئیمزا نەکات، هەتا بە دڵنیایی و دروستی مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا نەچەسپێنرابێت، هەر بۆیە هەتا کۆی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە کۆنگرەکانی «لەندەن، پاریس، پیرمام» بە ئامادەبوونی ئەمریکا، ئیقراری ئەوەیان نەکرد، کە سیستمی داهاتووی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، سیستمێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی دەبێت، ئەم ئەمری واقیعەی ئێستای هەرێمی کوردستانیش وەک خۆی دەبێتە بەشێک لەو دەستوورەی بۆ ئەو سیستمە دەنووسرێتەوە و، تەواوی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، سەرۆک بارزانی بڕیاری نەدا ببێتە بەشێک لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق کە دواتر ئەمریکا کردی بە «داگیرکردنی عێراق» و، پاشانیش کە ڕژێمی بەعس ڕووخێنرا و ئومێدەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەمریکا پشتگیری گەلانی عێراق بکات و دەوڵەتێکی نوێ بونیاد بنێن، بەڵام لە بنەڕەتەوە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئەوە بوو، کە میراتی بیرۆکراسیەتی کۆڵۆنیاڵی کە ماوەی زیاتر لە ٩٠ ساڵ لای عەرەبی سوننە بوو، بگوازێتەوە بۆ عەرەبی شیعە کە هیچ ئەزموونێکیان لە



بەڕێوەبردن و بیرۆکراسیەتی دەوڵەتی هاوچەرخدا نەبوو، لە سەرووی هەمـوو ئەمانەشەوە، عێراق هەر وەك ئەو دەوڵەتە بمێنێتەوە کە لە ساڵی ١٩٢١ بەریتانیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی دروستی کردووە. لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژە بەو هەوڵانە دەکەین، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر دەوڵەتی عێراقدا نەیەت، کە لەم چەند خاڵەدا دەیخەینە ڕوو:

● لە دوای نیسانی ٢٠٠٣ کە ئەمریکا عێراقی داگیر کرد و تەواوی دامەزراوە سەربازی و پۆلیس و ئەمنییەکانی عێراق هەڵوەشایەوە، بێجگە لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هێزی پێشمەرگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، هیچ هێز و دامەزراوەیەکی دیکە بوونی نەبوو، لەماوەی نیسان تا تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ کە یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق نووسراوەتەوە کە تەنیا کەمتر لە شەش مانگ دەکات، ئەگەر ئەمریکا نیازی پاك بوایە، ئەو یاسا کاتییەی بەو جۆرە دادەڕشت کە چارەسەری کێشەی گەلی کوردستان لە عێراقدا بکات، بەڵام یاساکەی بە جۆرێك دارشتووە کە کێشەکانی کوردستانی لە عێراقدا ئاڵۆزتر کردووە، یاسای کاتی کە لە ٥٩ ماددە پێکهاتووە، ماددەی ٥٨ تایبەت کراوە بە «چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریەتی و زوڵمی بەعس لە ناویاندا کەرکوك» ئەمەش دوای شەڕێکی سیاسیی گەورە چووەتە ناو یاساکە، ماددەکەش بۆ هەموو عێراقە، نەك تایبەت بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان لە عێراقدا.

● لە ماوەی حکومەتی کاتی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) و هەوڵەکان بۆ نووسینەوەی دەستووری عێراق، دیسان لە دەستووری عێراقیشدا کە ١٤٤ ماددەیە، ماددەی ١٤٠ لە دوایین ماددەی دەستوورەکە حیساب دەکرێت، لەبەر ئەوەی چوار ماددەکەی دیکە زیاتر وەك ڕێنمایی و دروشم وان، لەم ماددەیەشدا (ماددەی ١٤٠) دیسان ماددەیەکی گشتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری و گۆڕینی ئیداری لە سەرانسەری عێراقدایە، نەك تایبەت بێت بە چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەمریکا بەئەنقەست

**لە دوای نیسانی ٢٠٠٣ کە ئەمریکا عێراقی داگیر کرد و تەواوی دامەزراوە سەربازی و پۆلیس و ئەمنییەکانی عێراق هەڵوەشایەوە، بێجگە لە هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و هێزی پێشمەرگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، هیچ هێز و دامەزراوەیەکی دیکە بوونی نەبوو**

**ئەگەر ئەمریکا نیازی پاک بوایە، ئەو یاسا کاتییەی بەو جۆرە دادەڕشت کە چارەسەری کێشەی گەلی کوردستان لە عێراقدا بکات، بەڵام یاساکەی بە جۆرێک دارشتووە کە کێشەکانی کوردستانی لە عێراقدا ئاڵۆزتر کردووە**

**بەبێ ئاگاداریی ئەمریکا کە خۆی دەسەڵاتی ڕاستەقینە بووە لە عێراقدا، ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی عێراق، نەیدەتوانی بەبێ ئاگاداریی ئەنجومەنی وەزیران سەردانی تورکیا بکات و باس لە ڕێککەوتنی عێراق و تورکیا دژی هەرێمی کوردستان بکات**

**عێراق وەک دەوڵەتێکی داگیرکراو «کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا» لە ٢٠٠٣- ٢٠١١، وەک مۆدێلێکی بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا بونیاد نرایەوە، جیاوازییەکەی لەگەڵ بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی بەریتانیا تەنیا ئەوەندەیە کە بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیا گۆڕاوە بۆ بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا و لە عەرەبی سوننەوە گواستراوەتەوە بۆ عەرەبی شیعە**

نەیویستووە پشتگیری لە گەلی کوردستان بکات و هاوکار بێت بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.

● لە یەکەمین کابینەی دەستووری حکومەتی عێراقدا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم جەعفەری لە ٢٠٠٥، کە یەکەم جار بوو دوای ١٠٠ساڵ دەسەڵاتی عێراق بکەوێتە دەستی شیعە، هیچ گومان لەوەدا نییە کە بەبێ ئاگاداریی ئەمریکا کە خۆی دەسەڵاتی ڕاستەقینە بووە لە عێراقدا، ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی عێراق، نەیدەتوانی بەبێ ئاگاداریی ئەنجومەنی وەزیران سەردانی تورکیا بکات و باس لە ڕێککەوتنی عێراق و تورکیا دژی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەم هەوڵە ئاشکرا بوو، لایەنی کوردی پێداگری کرد کە دەبێت سەرۆك وەزیران دەست لەکار بکێشێتەوە، بەمەش ئیبراهیم جەعفەری ناچار کرا، دەست لەکار بکێشێتەوە، لەم پرسەدا ئەمریکا خۆی نەکردە لایەنگری هیچ لایەك، چونکە بناغەکەی سیستەمە تازەکەی بەو جۆرە دارشتبوو، کە بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵی چووەتە لای عەرەبی شیعە و هەر عەرەبێکی شیعە جێگەی دەگرێتەوە.

● لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ کە دەبوو ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بە هەر سێ قۆناغی «ئاساییکردنەوە، قەرەبووکردنەوە، ڕیفراندۆم»، ئەمریکا لە ڕێگەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ئەم ماددەی بەش کرد بۆ ناوچەی «سارد و گەرم» کەرکووکی بە بۆمبێکی کاتکراو وەسف کرد، کە ناکرێت دەستکاری بکرێت، لە ڕاپۆرتەکەی دیراسەتی عێراق ناسراو بە ڕاپۆرتی «بیکەر هاملتۆن ٢٠٠٧» چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەگشتی و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك وەك خەتی سوور ئاماژەی پێ کراوە.

● بۆ ئەوەی بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵی بە تەواوەتی بگوازرێتەوە بۆ دەستی عەرەبی شیعە، ئەمریکا لایەنگریی ئەو تەفسیرەی کرد کە دادگای فیدراڵی بۆ «گەورەترین فراکسیۆن» کردی، کە ئەویش بە پێی دەستور «گەورەترین فراکسیۆن» ئەو فراکسیۆنەیە کە لە ئاکامی سندووقەکانی دەنگدان یەکەم دەبێت، بەڵام گۆڕییان بۆ ئەو فراکسیۆنە گەورەیەی لەناو پەرلەماندا دروست دەکرێت، بەمەش جارێکی دیکە دەسەڵات درایەوە بە عەرەبی شیعە.

● ئەمریکا کاتێك لە ٢٠١١ بڕیاری دا، هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، خۆی باش دەیزانی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیی عێراق نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن سەقامگیری بپارێزن، خوێنی ڕژاوی نێوان عەرەبی شیعە و سوننەش لە شەڕەکانی ٢٠٠٦-٢٠١٠ وشك نەبووەتەوە، کە لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە و عەرەبی شیعە و سوننە هەستی تۆڵەکردنەوەیان لەیەکتری سڕابێتەوە، بەڵام هێزەکانی کشاندەوە بۆ ئەوەی عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی نیشتمانیی هاوچەرخ و پێکهاتەکانی بتوانن پێکەوە بژین.

ئاماژەکردنمان بۆ ئەم چەند خاڵە وەك بناغەیەك بۆ دووبارە دروستکردنەوەی بەناو «دەوڵەتی عێراقی نوێ»، بۆ ئەوە بوو تیشك بخەینە سەر پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت وەك دەوڵەتێك کە مۆنۆپۆلی هێز دەکات بۆ خۆسەپاندنی پێکهاتەیەك، نەك بونیادنانەوەی دەوڵەتێك کە ڕایەڵەیەکی پتەو لە نێوان پێکهاتە نەتەوە و ئایینەکانی ئەو دەوڵەتە دروست بکات و، هاووڵاتیانی تێدا شانازی بکەن کە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتەن.

بە داخەوە دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی داگیرکراو «کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا» لە ٢٠٠٣-٢٠١١، وەك مۆدێلێکی بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا بونیاد نرایەوە، جیاوازییەکەی لەگەڵ بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی بەریتانیا تەنیا ئەوەندەیە کە بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵی بەریتانیا گۆڕاوە بۆ بیرۆکراسیەتی کۆلۆنیاڵیی ئەمریکا و لە عەرەبی سوننەوە گواستراوەتەوە بۆ عەرەبی شیعە.

ئەمریکا لەماوەی هەشت ساڵی یەکەم کە خۆی بە کردەیی حاکمی عێراق بوو، بە نهێنی لە ڕێگەی حکومەتی کاتی و پاشانیش بە ڕێگەی هەڵبژاردنەکان حوکمرانی دەکرد و، پشتگیری لە مانەوەی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی دەکرد، کە دەبێت هەر ئەوان لە دەسەڵاتدا بمێننەوە و، ئامانجی ئەوە بوو دوای ئەوەی عێراقیش بەجێ دەهێڵێت، ئەو بیروکراسیەتە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت وەك خۆی

بەردەوامی هەبێت و، وەك لە دوای ٢٠١١شەوە تا ئێستا (ساڵی ٢٠٢٤) دەبینین، ئەو بیرۆکراسییە کۆڵۆنیاڵییە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق بناغەی بۆ داڕێژراوە، هەتا ئێستا وەك خۆی بەردەوامە و ئەمریکاش کە بەتەنیا لە شەڕی عێراقدا سێ ترلیۆن دۆلاری خەرج کردووە و زیاتر لە پێنج هەزار کوژراو و دەیان هەزار بریندراری قوربانی داوە بێدەنگە و پشتگیریی ئەم بیرۆکراسییەتە دەکات، ئەمەش پرسیارە گەورە بێ وەڵامەکەیە!!

### ئاکامی ئەو دەوڵەتانەی بە بیرۆکراسیەتی کۆڵۆنیاڵی بەڕێوە دەبرێن

بەلجیکا کە پایتەختەکەی «برۆکسل»ـە و لە هەمان کاتدا «برۆکسل» پایتەختی فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپایە، ئەم دەوڵەتە ئەورووپییە کە بڕیار لە چارەنووسی هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا دەدات، لە ئێستادا کە بە یەکێك لە سەرکەوتووترین دەوڵەتانی فیدراڵی لە جیهاندا لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرۆکراسیەتی کۆڵۆنیاڵیی فەرەنسی کە سەردەمانێك بەلجیکا کۆڵۆنیاڵی فەرەنسا بووە و هەوڵ دراوە کە زمانی فەرمی لە بەلجیکا زمانی فەرەنسی بێت و، بەشێکی زۆری فلامییەکانیان کردووە بە فەرەنسی و پرۆسەی زمانی فەرەنسییان لەسەر پیادە کردووە «Franchification» و ئەوان باڵادەست بوون لە بیرۆکراسیەتی دەوڵەتدا، هەتا ئێستاش فلامییەکانی هەرێمی فلاندرز دەیانەوێت لە بەلجیکا جیا ببنەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی فلامییەکانی هەرێمی فلاندرز کە بە هۆڵەندی قسە دەکەن، ڕێژەی ٤٤٪ و فەرەنسییەکان کەمتر لە ٢٥٪ پێکدەهێنن، هاتوون لە بری ئەوەی بەلجیکا بەسەر دوو هەرێمیدا دابەش بکرێت، بەسەر سێ هەرێمدا دابەشیان کردووە، کە بریتین لە «بروکسل، فلاندرز، والان»، بەڵام ئەوەی پارسەنگی بۆ هەرێمی والانی فەرەنسی زمان ڕاست کردووەتەوە، هەرێمی برۆکسلە کە بە فەرمی دوو زمانە (هۆڵەندی و فەرەنسی) ئەم هەرێمە کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی گۆڕینی زمانی هۆڵەندییەکان بۆ فەرەنسی بووە، ئێستا زمانی فەرەنسی لە برۆکسل وەك زمانی فەرمییە و ٩٠٪یان بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن. ئەم بیرۆکراسییە کۆڵۆنیاڵییەی فەرەنسی کە زاڵ بووە لە فەرەنسا، بووەتە هۆکاری ئەوەی گۆڕینی زمان لە «هۆڵەندییەوە بۆ فەرەنسی» بکاتە ئەمری واقیع، هەمان سیاسەتە کە بیرۆکراسییەتی بەریتانی لە عێراقدا و لە ناوچە کوردستانییەکاندا پیادەی کردووە و ئێستا لە زۆر ناوچەی کوردستانیدا گۆڕینی زمانی کوردی بۆ عەرەبی و بوون بە عەرەب بووەتە ئەمری واقیع. بەڵام بەپێچەوانە سویسرا کە ئەویش هاوشێوەی بەلجیکا دەوڵەتێکی فرە نەتەوەی زمانەکانی «ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتاڵی»یە، کە سێ زمانی سەرەکین، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدوای ساڵی١٩٤٨ـەوە لە سویسرا خۆیان بیرۆکراسییەتی دەوڵەتیان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی خۆیان دارشتووە و سنوورەکانی جیاوازیی نەتەوەییان تێپەڕاندووە، ئەوا ئێستا دەوڵەتی سویسرا هیچ مەترسییەکی دابەشبوونی لەسەر نییە.

دەوڵەتی عێراق کە لە دوای ٢٠٠٣وە بە بیرۆکراسییەتی کۆڵۆنیاڵیی ئەمریکی بەڕێوە دەچێت، نەك لە هیچ ڕوویەکی «ئابووری، سیاسی، حوکمڕانی» لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك بەلجیکا بەراورد ناکرێت و لانیکەم ئێستا بەلجیکا کە بە بیرۆکراسییەتی پێوەرەکانی فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەورووپا بەڕێوە دەچێت و یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە پێشکەوتووەکان لە ڕووی خۆبژێوی و داهاتی نەوتەکەی بۆ نەوەی داهاتوو هەڵگرتووە، بەڵام تا ئێستاش نەیتوانیوە ئاسەواری نەرێنیی بیرۆکراسییەتی کۆڵۆنیاڵی فەرەنسی بسڕێتەوە و مەترسیی دابەشبوونی لەسەرە، ئەوا دەوڵەتی عێراق نەك هەر مەترسیی دابەشبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، بەڵکو دروستبوونی شەڕی ناوخۆش ئەگەرێکی دوور نەبێت و، دابەشبوونە ئیتنی و ئایینەکانیش تەنیا جیاوازیی نێوان «کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە» نەبێت، لەناو ماڵی شیعەی عەرەبدا وەك چۆن ئێستا دروست بووە، دابەشبوونەکە قووڵتر دەبێتەوە لە نێوان «شیعەی عەرەبی عێراق و شیعەی وەلائی» و لە هەستی بەشی هەرە زۆری عێراقییەکاندا ئەو هەستە دروست دەبێت، کە نەتوانن شانازی بە هاووڵاتیبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بکەن.

**ئەمریکا لەماوەی هەشت ساڵی یەکەم کە خۆی بە کردەیی حاکمی عێراق بوو، بە نهێنی لە ڕێگەی حکومەتی کاتی و پاشانیش بە ڕێگەی هەڵبژاردنەکان حوکمڕانی دەکرد و، پشتگیری لە مانەوەی لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی شیعەی دەکرد**

**ئەو بیرۆکراسییە کۆڵۆنیاڵییە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق بناغەی بۆ داڕێژدراوە، هەتا ئێستا وەک خۆی بەردەوامە و ئەمریکاش کە بەتەنیا لە شەڕی عێراقدا سێ ترلیۆن دۆلاری خەرج کردووە و زیاتر لە پێنج هەزار کوژراو و دەیان هەزار بریندراری قوربانی داوە بێدەنگە و پشتگیریی ئەم بیرۆکراسییەتە دەکات، ئەمەش پرسیارە گەورە بێ وەڵامەکەیە**

**لەبەر ئەوەی لەدوای ساڵی١٩٤٨ـەوە لە سویسرا خۆیان بیرۆکراسییەتی دەوڵەتیان بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی خۆیان دارشتووە و سنوورەکانی جیاوازیی نەتەوەیان تێپەڕاندووە، ئەوا ئێستا دەوڵەتی سویسرا هیچ مەترسییەکی دابەشبوونی لەسەر نییە**



پ.د. سەباح سابیر خۆشناو
بۆ گوڵان:

# کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و هەوڵەکانی خنکاندنی ئابووریی هەرێم ڕەهەندی سیاسی و ئەجیندەی دەرەکیی لە پشتە

# دیدگە و فەلسەفەی دارایی و ئابووریی حکومەت دەبێت هەڵقوڵاوی خواستی خەڵک بێت و بارگرانی لەسەریان دروست نەکات

**چارەسەر نەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و تەحەددییەکانی بەردەم ئابووریی هەرێمی کوردستان، تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر سەباح سابیر خۆشناو، پسپۆری ئابووری و دارایی گشتی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** با سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین، وەکو شارەزا و پسپۆڕێکی ئابووری و دارایی گشتی، چۆن دەڕوانیتە ئابووری و دۆخی دارایی عێراق، کە ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان وابەستەی ئەو بارودۆخە ئابووری و داراییە بووین؟**

- عێراق خاوەنی ئابوورییەکی ڕەیعییە و پشت بە یەك سەرچاوەی داهاتی نەوتی دەبەستێت، ئەم شێوازەی بەڕێوەبردنی ئابوورییەش تەندروست نییە، چونکە پشتبەستنی داهاتی گشتی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بە فرۆشتنی نەوتێك کە لە بازاڕە جیهانییەکاندا نرخەکەی جێگیر نییە، زیانیی گەورە بە سەقامگیریی ئابووری و دۆخی دارایی دەگەیەنێت، هەرگیز لەم جۆرە ئابوورییانەدا ناتوانرێت وڵات لە چوارچێوەی بودجەیەکی تەندروستدا بەڕێوە ببرێت، هەر خۆی لە خۆیدا بە درێژایی ٥٠ساڵی ڕابردوو ئابووریی عێراق وەکو دەوڵەت جێگیر نەبووە، جەنگ و ناسەقامگیریی سیاسی و گەمارۆ و پەیڕەونەکردنی سیاسەت و بەرنامەی نازانستی و ناعەقڵانی هەمووی پێکەوە کاریگەریی نەرێنی هەبووە و، بوونەتە فاکتەرە لاوازەکانی سەر ئابووریی عێراق. بارودۆخی دارایی و ئابووریی کوردستانیش کە وابەستەی ئەم وڵاتەیە لە دۆخێکی خراپتردایە، چونکە عێراق وەکو دەوڵەت مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ فیدراڵییەت و هەرێمی کوردستاندا ناکات، ئەمە وێڕای ئەوەی لە بەغداوە کار لەسەر بڕینی بودجە و گەمارۆ و دژایەتیی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەجندەی دەرەکی و سیاسی و زۆر جار بۆ مەرام و مەبەستی شۆڤێنییش، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق و دادگای ناوبژیوانانی پاریس بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ کرا، کەچی نەك تەنیا پشکی هەرێمیان نەنارد، بەڵکو مووچەی مووچەخۆرانیشیان وابەستەی ئەو کێشە و ململانێیانە کردووە، بۆیە دۆخەکەی لێرە خراپترە و فاکتەر و پێگەکانی بەهێزی ئابووریمان لەدەست داوە. لە ئێستادا هەرچەندە عێراق وەکو دەوڵەتێکی فیدراڵی مامەڵە ناکات و وەکو وڵاتێکی پێشکەوتووش نییە و هەموو کەرتەکانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە پرۆسەی تێکڕای بەرهەمهێنانی نێوخۆیی (GDP) بەشدار نییە، بەڵام بەو پێیەی بەهای نەوت بەرزە و خاوەنی سیاسەتی دارایی و نەختینەییە، بۆیە دۆخی دارایی و ئابوورییەکەی ڕوو لە باشییە.

*** بەڵام بارگرژییەکانی ناوچەکە و ئەگەری زیادبوونی ڕووبەڕووبوونەوەکانی نێوان میلیشیاتە چەکدارەکانی سەر بە ئێران و ئەمریکا لە عێراق، ئایا مەترسیی ئەوەی لێ ناکرێت، ناسەقامگیریی سەربازی و سیاسی**

**عێراق وەکو دەوڵەت مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ فیدراڵییەت و هەرێمی کوردستاندا ناکات**

**بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیی عێراق و دادگای ناوبژیوانانی پاریس بۆ ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە جێبەجێ کرا، کەچی نەک تەنیا پشکی هەرێمیان نەنارد، بەڵکو مووچەی مووچەخۆرانیشیان وابەستەی ئەو کێشە و ململانێیانە کردووە**

**عێراق لە بەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە و ڕەهەندەکانی ئاسایش و سیاسی و ئابووری زۆر مەترسیدار دەبێت**

**لێ بکەوێتەوە و، کاریگەریی نەرێنی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری بە شێوەیەکی گشتی هەبێت؟**

- هەرچەندە ئابووریی عێراق بە درێژایی ٥٠ ساڵی ڕابردوو دۆخێکی واباشی دارایی و ئابووریی بەخۆیەوە نەبینیوە و یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی چووەتە سەرووی ١١٠ ملیار دۆلار و، بە سەدان تۆن زێڕ یەدەگی هەیە و نرخی نەوتیش پێشبینی ناکرێت، بەم نزیکانە دابەزێت، بەرزیی نرخی نەوتیش لە سەرووی ٨٠ دۆلار، کەمێك شوێنەواری ئەم کێشە و گرفتانەی لەسەر کەم کردووەتەوە، بەڵام منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە ئەم بارگرژییانە لە دوای شەڕی ئیسرائیل- حەماس و پەرەسەندنەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێوەگلانی زۆر لایەنی سیاسی و باڵی سەربازی لە عێراقیشدا، لە ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمریکا کاریگەریی نەرێنی سیاسی و سەربازی و ئابووریی لەسەر عێراق دەبێت، بەمەش عێراق لە بەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە و ڕەهەندەکانی ئاسایش و سیاسی و ئابووری زۆر مەترسیدار دەبێت، گرفتەکە لەوەدایە زۆر لایەنی دەرەکی و نێوخۆیی لەبری ئەوەی ڕووبەڕووی تەحەددییە ئابووری و دارایی و خاڵە لاوازەکانی گەشەسەندن ببنەوە و گرفت و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکەن، کەچی ئاڵۆزتری دەکەن و وڵاتەکە لە ناوەڕۆکی فیدراڵییەت و دیموکراتی و یاساکان بەتاڵ دەکەنەوە، ئا لێرەدا مەترسییەکان بۆ ئایندە و چارەنووسی وڵاتەکە بە زەقی دیار دەبێت.

*** لە نامەی دکتۆراکەتدا ئاماژەت بە پەیوەندیی ئابووری و دارایی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان کردووە، ئایا تا کەی ئەم گرژی و دواخستنی چارەسەری کێشە و گرفتانە بەردەوام دەبێت؟**

- هەرچی ماف و شایستە داراییەکانی گەلی کوردستان هەیە لە دەستووردا جێگیر کراون، بەو پێیەی دەستووریش دایکی یاساکانە، کەواتە هەرچی ئەو ماددە دەستوورییانە هەیە کە تایبەت بە هەرێمی کوردستان و مافەکانی، پێویستە بە وردی لەسەری ڕاوەستین و ڕێگە نەدەین بە بۆچوون و مەرامی تایبەت تەفسیری جیاوازی بۆ بکرێت، ڕەنگە کرۆکی کێشەکە لەوەدا بێت، خوێندنەوەی جیاواز بۆ ماددە دەستوورییەکان دەکرێت و هەندێك ماددەش هەن بۆ جێبەجێکردنیان پێویستیان بە یاسا هەیە و دەرنەچوونە، وەکو نەبوونی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی. دەبێت جەنگی ئەم قۆناغەمان بۆ چەسپاندنی هەموو ئەم مافە دەستوورییانە بێت و کار بۆ دەرکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بەهاوبەشی لەگەڵ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی بکەین.

*** کەواتە گەیشتن بە چارەسەری دۆسێی نەوت لە نێوان ناوەند و هەرێمی کوردستاندا زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکات، ئایا بەو عەقڵییەتە شموولی و چەقبەستووەی سۆمۆ و وەزارەتەکانی نەوت و دارایی عێراق، ئومێد هەیە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت؟**

- زۆربەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ڕەهەندی سیاسی و ئەجیندەی دەرەکیی لە پشتە، باشە کاتێك داگای فیدراڵیی عێراق یاسای نەوت و گازی هەرێم هەڵدەوەشێنێتەوە، ئێ خۆ لە عێراق یاسای نەوت و گازی فیدراڵی نەبووە، بۆ کار لەسەر دەرکردنی ئەو یاسایە بە هاوبەشی لە نێوان هەردوو حکومەتدا ناکرێت، باشە کاتێك هەرێم گرێبەستی کردووە و نەوتی ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوەی کردووە، عێراق پشکی هەرێمی لە بودجە بۆ نەناردووین، ئەوەی لە بەغدا بەرانبەر هەرێم دەکرێت، لە سیناریۆیەك دەچێت تێیدا ڕۆڵەکان پێشوەختە دابەش کراون دژی هەرێمی کوردستان، بەشێکی ئەم واقیعە تاڵەش هەڵەی نەزانین و بەلاڕێدابردنی سەرکردایەتیی سیاسییە، کەسانێکی ناشارەزا، یان نابەرپرس دۆخەکەیان بەم قۆناغە گەیاندووە، ناکرێت لە ساڵی ٢٠١٤ بابەتی خەرجیی کرداریی بەسەر وەزارەتی دارایی و نوێنەری کورد لە لێژنەی دارایی لە پەرلەمان تێپەڕ بوویێت و ئێستا باجەکەی بدەینەوە، تەنانەت لە کاتی هەناردەکردنی نەوتیشدا دەبوایە کار بۆ پلانی B بکرایە، بەوەی لەکاتی ئەگەری ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوت بەهەر هۆکارێکی سیاسی و تەکنیکی و یاسایی، یان داشکانی بەهای نەوت لە جیهاندا بێت، ئێمە بچینە سەر پلانی B، دەبوو پیشەسازیی نەوت و پیشەسازیی پترۆکیمیایی و جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات لە ڕێگەی کشتوکاڵ

**ئەوەی لە بەغدا بەرانبەر هەرێم دەکرێت، لە سیناریۆیەک دەچێت تێیدا ڕۆڵەکان پێشوەختە دابەش کراون دژی هەرێمی کوردستان، بەشێکی ئەم واقیعە تاڵەش هەڵەی نەزانین و بەلاڕێدابردنی سەرکردایەتیی سیاسییە**

**زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا ببرێتە بەر فاکتەری دەرەکی، چ ئەمریکا بێت، یان ئێران بێت**

**ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات، نەبوونی هەماهەنگییە لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا، هەروەکو چۆن ستراتیژیەتێک بۆ پەرەپێدان لە بەرهەم و ئابووریی هەرێمی کوردستاندا نییە**

و پیشەسازی و گەشتیارییەوە، لەو سەردەمەدا لەکاتی بەردەستیی پارەدا هەنگاوی بۆ بنرایە. ئەوەتا عێراق رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی بەهۆی راوەستانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و تەنانەت بەشێکی نەوتی کەرکووکیش لەدەست دەدات، کەچی مێش میوانی نییە، چونکە ئەو پشکی خۆی لە هەناردەکردنی نەوت لە ئۆپێك دەنێرێتە دەرەوە، دواتر ئەو زیانەش ئەوەندەی ئەو مەبەستێتی بەر هەرێمی کوردستان بکەوێت و تۆڵە و سزادانی هەرێمی کوردستانی لا مەبەستە، ئەوەندە خەمی خۆی و ئابووری و گەلەکەی نییە، لەبەر ئەوەی وەکو ئاماژەم پێدا، دۆخی دارایی و ئابووری لەم قۆناغەدا باشە و تەنیا لە ژێر فشاری جێبەجێکردنی ئەجیندەی دەرەکیدایە. بۆیە زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا ببرێتە بەر فاکتەری دەرەکی، چ ئەمریکا بێت، یان ئێران بێت، بەتایبەتی ئێران، چونکە دوای شەڕی حەماس و ئیسرائیل رۆڵی ئەمریکییەکان لەسەر فشارخستنە سەر حکومەتەکەی ئیتاری تەنسیقی لاواز بووە.

*** پێشتر لە توێژینەوەیەکی زانستیتدا (پلاتفۆرمێکی ئابووری بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان) کە ئامادەت کرد، چەند پێشنیارت بۆ پاراستنی ئابووری و هەنگاونان بەرەو پەرەپێدانی ئابووری خستبووە ڕوو، ئایا دەکرێت پوختەی ئەو پلاتفۆرمەمان بۆ باس بکەیت؟**

- لە پلاتفۆرمی ئابووریی هەرێمی کوردستاندا جگە لە دەرخستنی خاڵە لاوازەکانی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان، کە (شێواوی و لاسەنگی و پاشکەوتە بە ئابووریی دەرەکی و نەبوونی سیاسەتی نەختینەییە، کە لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵە و نەبوونی دیدگایەکی ڕوون و نەبوونی بودجە و بەرزیی ڕێژەی خەرجیی سەربازی و ئاسایش و زیادبوونی خەرجیی گشتی و چەندین خاڵی دیکە..)م خستەڕوو، هاوکات باسی چارەسەرییەکانیشم کرد و چەند پێشنیاریشم خستووەتە ڕوو، کە لێرەدا تەنیا بوار هەیە بە پوختی و کورتی هەندێکی باس بکەم، لەوانە (پەیڕەوکردنی دادگەریی کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری و هەژاری و ناعەدالەتی و گەندەڵی و قۆرغکاری، لەگەڵ کەمکردنەوەی هەڵاوسان و باشکردنی بارودۆخی کرێکار و جووتیار و گرنگیدان بە پڕۆژە و پیشەسازیی بچووك و چەندین بابەتی دیکەی وەکو چارەسەرکردنی پرسی مووچە و کاراکردنەوەی سندوقی خانەنشینان و. .هتد).

ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات، نەبوونی هەماهەنگییە لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا، هەروەکو چۆن ستراتیژیەتێك بۆ پەرەپێدان لە بەرهەم و ئابووریی هەرێمی کوردستاندا نییە. دەکرێت ئەو گەمارۆ و فشارانەی بەغدا دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ناوخۆ بکەین، هەر وڵاتێك بەرهەمهێن بێت، بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا، کەمتر قەیرانەکان کاریگەرییان لەسەری دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا هەست ناکرێت بەرپرسانی ئابووری و دارایی و باج و کەرتە ئابوورییەکانی دیکە بە شێوازێکی زانستی بەڕێوە ببرێن، بە پەلەکردن بڕیار و ڕێنماییەکان دەردەکرێت، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ لایەنی زانستی ئابووری و ئەزموونی وڵاتان، لەم ئیجرائاتانەدا ڕەنگە سەرەتا بە حیسابێکی هەڵە بڕە پارەیەکمان وەکو داهات دەست بکەوێت، بەڵام دوا جار لە ڕووی زانستی و مەنتیق و واقیعەوە زیانەکانی لە قازانجەکان زیاتر دەبێت، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی پسپۆڕ و شارەزا و لێنەپرسینەوە وا دەکات، دۆخەکە ڕوو لە خراپتر بکات و چالاکی کەم ببێتەوە و خەڵك وا لێ دەکات، خۆیان لە باج و ڕسووماتەکان بدزنەوە، کۆتاجار حکومەتەکە خۆی زیانی گەورەی بەردەکەوێت. کاتی ئەوە هاتووە حکومەت بزانێت ڕەچاوی سایکۆلۆژیا و خواستەکانی خەڵك بکات، نەوەکو دوای ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا بکەوین کە چەندین قۆناغ لەپێش ئێمەوەن و، ناکرێت لەم قۆناغەدا جێبەجێ بکرێت، ڕاستە هەندێك جار لۆژیکی ئابووری و گەشەسەندن و چاکسازی پێویستە بۆ چارەسەری بنەڕەتیی کێشەکان، بەڵام ناکرێت پەلە بکرێت و ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە چوارساڵدا تێیپەڕێنین، نەخێر با لە هەشت ساڵدا چارەسەری بکەین بەڵام هەنگاوەکانمان نەبێتە هۆی بارگرانی لەسەر خەڵك و لە قۆناغێکدا زیاتر داهاتی تاکەکەسی لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە کزی و لاوازی بکات.

**دەکرێت ئەو گەمارۆ و فشارانەی بەغدا دەرفەتێک بێت بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و ناوخۆ بکەین**

**لە هەرێمی کوردستاندا هەست ناکرێت بەرپرسانی ئابووری و دارایی و باج و کەرتە ئابوورییەکانی دیکە بە شێوازێکی زانستی بەڕێوە ببرێن**

**کاتی ئەوە هاتووە حکومەت بزانێت ڕەچاوی سایکۆلۆژیا و خواستەکانی خەڵک بکات، نەوەکو دوای ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا بکەوین کە چەندین قۆناغ لە پێش ئێمەوەن**



# کوردیش وەک هەموو نەتەوە و میللەتانی دیکە مافی خۆیەتی دەوڵەتی خۆی هەبێت

## جێی خۆیەتی بە یاسا و چارەسەرێکی دەستووری مەودای فراوانبوونی فتوای سیاسی بەرتەسک بکرێتەوە



**پ.د.عیرفان ڕەشید شەریف نەقشبەندی**
مامۆستای زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان
و ئەندامی ئەنجومەنی فتوا لە هەرێمی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**ئەو ئایینەی لای خوای پەروەردگار وەرگیراو و مەقبووڵ بێت، بریتییە لە ئایینی ئیسلام، بەڵام بەو مانایە نییە کە کەسێک ئایینی ئیسلام بکات بە ئامراز بۆ چەوساندنەوەی گەلانی دیکە**

**ئایین بۆ ئەوە هاتووە کە رێز لە خاکی خۆت بگریت و تەنانەت گیانبەخشین لە پێناو خاکی خۆت (شەهادەتە)**

**پێویستە ئێمە بەهێزی ئایینەکەمان و خۆشەویستیی نیشتمانەکەمان کە کوردستانە، رێگە نەدەین مێژوویەکی کۆن دووبارە ببێتەوە کە هۆکار بێت بۆ پەرتەوازەبوون و لەناوبردنی ئێمە**

**ئەرکی زانایانی ئایینییە لە وتارەکانی خۆیاندا خۆشەویستیی نیشتمان و سەربەخۆیی کوردستان بکەنە هەوێنی وتارەکانیان و بیدەن بە گوێی ئەو نەوەیەدا کە تازە پێدەگات و بیر دەکاتەوە کە دین بریتییە لە چی**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەك دواهەمین ئایین کە خودای پەروەردگار ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە ئاسوودەیی بژین و بۆ خۆشبەختی مرۆڤەکانە، تاوەکو هەر مرۆڤێك کە دینداری بکات و بیەوێت ئایینێکی هەبێت، کە ئەو ئایینەی لای خوای پەروەردگار وەرگیراو و مەقبووڵ بێت، بریتییە لە ئایینی ئیسلام، بەڵام بەو مانایە نییە کە کەسێك ئایینی ئیسلام بکات بە ئامراز بۆ چەوساندنەوەی گەلانی دیکە، ئێمە وەك کورد موسڵمانین کە لە ساڵی (١٦)ی کۆچییەوە ئیسلاممان قبوڵ کردووە، وەکو ئایین ئێمە ئیسلامین و وەك نەتەوەش کوردین، هەر کاتێك ئێمە دەسەڵاتمان هەبێت، نابێت ئایینەکە بۆ چەوساندنەوەی گەلێکی دیکە بەکار بهێنین، لە کوردستان جگە لە گەلی کورد پێکهاتە و نەتەوەی دیکەش هەن، وەك نەتەوەی تورکمان و ئاشووری و کلدانی و ...تاد، لە کاتێکدا ئێمە بەهێزین و دەسەڵاتمان هەیە، نابێت بەهێزیی نەتەوە و ئایینەکەمان ببێتە هۆی چەوسانەوەی ئەوانی دیکە، چونکە حیکمەتی بوونی مرۆڤەکان بە یەکەوە بوونە، کە خودای پەروەردگار مرۆڤەکانی کردووە بە گەل و نەتەوە و هۆز، وەکو خودای پەروەردگار دەفەرموێت «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ»، واتە کە ئێوەم بەو شێوەیە دروست کردووە، بۆ یەکترناسینە و ناکرێت ئایین بکرێتە ئامرازێك بۆ پەرتکردن و جیاوازی خستنە نێوان مرۆڤەکان، بەڵکو دەبێت وا لە مرۆڤەکان بکرێت، خاکی خۆیان خۆش بوێت. دین بۆ ئەوە هاتووە کە رێز لە خاکی خۆت بگریت و تەنانەت گیانبەخشین لە پێناو خاکی خۆت (شەهادەتە)، نموونەیەکی دیکە بۆ خۆشەویستی خاك و نیشتمان و پیرۆزییەکان هەیە، لەو کاتەی پێغەمبەر (د.خ) مەککەی بەجێهێشت، فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و فەرمووی: «وەڵڵا ئەگەر خەڵکەکەی تۆ منیان وەدەر نەنایە، هەرگیز تۆم جێ نەدەهێشت، چونکە تۆ ئەی مەککە خۆشەویستترین خاکی خوای لەلای منی». بۆیە پێویستە ئێمە وەك کورد و موسڵمان رێگە نەدەین دوژمنانمان بە ناوی ئایینەوە، یان بە ناوی هێزەوە، یان بە ناوی هەر دروشمێك بێت، پەرتەوازەمان بکەن و لەناومان ببەن، بەڵکو پێویستە ئێمە بەهێزی ئایینەکەمان و خۆشەویستیی نیشتمانەکەمان کە کوردستانە، رێگە نەدەین مێژوویەکی کۆن دووبارە ببێتەوە کە هۆکار بێت بۆ پەرتەوازەبوون و لەناوبردنی ئێمە.

گەلانی دیکە لە کاتی خۆی کە هێزیان هەبووە و دەوڵەتی خۆیان دامەزراندووە، بۆ خۆیان رەوا بووە، دەوڵەت و قەوارەیەکیان هەبێت، بۆچی بۆ ئێمە بە رەوای نازانن کە قەوارە و دەوڵەتێکمان بۆ خۆمان هەبێت؟ ئێمە ئایینەکەمان ئیسلامە و دەکرێت قەوارەیەکیشمان هەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا کە دەوڵەتی کوردستان بێت، بۆچی ئێمە هاوکاری دوژمنەکانی خۆمان بین، لەوەی کەوا رێگەمان پێ نادەن کە بە سەربەخۆیی و ئازادی بژین؟ ئەرکی زانایانی ئایینییە لە وتارەکانی خۆیاندا خۆشەویستیی نیشتمان و سەربەخۆیی کوردستان بکەنە هەوێنی وتارەکانیان و بیدەن بە گوێی ئەو نەوەیەدا کە تازە پێدەگات و بیر دەکاتەوە کە ئایین بریتییە لە چی، هاوکات ئەرکی مامۆستایەکی زانکۆیە و ئەرکی مامۆستایانی بنەڕەتییە کە لە وانەکانی خۆیاندا پەیامی خۆشەویستی و بەرگریکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد بگەیەنە قوتابیەکانیان و نەوەکانی ئێمە، تاوەکو نەوەیەك پەروەردە ببێت، کە خۆشەویستیی بۆ نیشتمان و خاك و خەڵکی خۆی هەبێت .

سەبارەت بە پرسی فتوا و فتوای سیاسییش، ئەوە دەسەڵاتی سیاسی (چ وەك پێکهاتەیەکی حوکمڕانیی خاوەن سیادە، یان گرووپ و قەوارەیەکی چەکدار) لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا، لە دیوێکدا کە پاراستنی بەرژەوەندیی سیاسی باڵاترین مۆرکێکی یەك ماهییەت و ناسنامەی بەخشیوەتە خۆی، هێزێك کە لە سەردەمی ئێرانی کۆندا، یان لە میسرییە فیرعەونییەکاندا بووبێت، شەریعەت و یاسایەکی ناسراوی لەتەکدا بووبێت وەك ئاموورییەکانی حامۆرابی، یان شێوەی هەمەجییەتی لەخۆ گرتبێت، وەك مەغۆلەکان، ئایینی بە خۆ دابێت، یان بانگەشەی ئیلحادی کردبێت، هەر هەمووی

لە پاراستنی پایەکانی حوکم و هەژموون و دەسەڵاتی بازنە حوکمڕانییەکەی خۆیدا لە مەڕ بێدەنگکردن و کپکردنی دژەکانی و، بۆ بەردەوامبوون بە ویلایەتی ڕەعیەت، یەك تێز و بیرکردنەوە و زمان و ئامانجیان هەبووە و هەیە، بە هەمان شێوە ئەوەی پەیڕەوی لێ دەکەن، پەنابردنە بۆ تەقدیسکردن و ڕەواپێدانی بەشێك لەو تاکتیك و ستراتیژییانەی لەو پێناوەدا کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەر بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندنە بەسەر خەڵك و ڕەعیەتدا، ئەم شێوازە هێرش و داگیرکردنی ئەقڵ و سۆزی خەڵکە بەوەی چوارچێوەی پیرۆزییە شەخسیەکانیان تێدەپەڕێنێت و لەو نیشتمانە تایبەت و بچووکەشدا هەژموونی خۆی دەنوێنێت، ئەم لایەنە لە پەیڕەوکردنی جووڵانەوەی ئەقڵ و سۆزی خەڵك بەدەرکردنی فتوای سیاسی ئەنجام دەدرێت.

لە مێژووی کۆنی میسرییەکاندا دەسەڵات و پەرستگەی بتپەرستی هەمیشە لە کۆنتاکدا بوون، تا لە ڕێگەی بڕوای خەڵکەوە ڕەعیەت کڕنوش بۆ دەسەڵاتی عەرشی فیرعەونی ببات، هەروەها ڕۆم و فارسەکان کاهین و پیاوانی ئاتەشگە و مەعبەدیان بۆ ڕیسواکردن و ناشیرینکردنی نەیارانی خۆیان بەکار هێناوە، دواتریش قەشە و پیاوانی کەنیسە لە بەرانبەر تێرکردنی سك و ڕازاندنەوەی ڕووکەشیاندا، وەك دەرباری هەمیشە ئامادەی بەردەم کۆشکی ئیمپراتۆرییەکان فتوای لە ڕێلادانیان بۆ نەیارانی دەسەڵات دەرکردووە.

لە مێژووی ئوممەتی ئیسلامدا تا ئەو کات و شوێنەی سیاسەت و حوکمڕانی بەدوکەوتنی ئیمان و شریعەت داڕێژرابوو، هیچ کات ئەو جۆرە فتوایە نەبووە، سی ساڵی خیلافەتی شەرعیی ئیسلامی کە بە خیلافەتی ڕاشیدین ناسراوە، هەرگیز بڕگەیەك و ڕووداوێکی تێدا شك نابردرێت کە دین بۆ سیاسەت بەکار هاتبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە سیاسەت و مومارەسەی حوکمڕانی لە پێناو دین و کامەرانیی دونیایی و ئاخیرەتی ڕەعیەت بەکار هاتووە، بەڵام لە دوای ئەو مێژووەوە کە وەخت و ناوەخت و لێرەولەوێ لە بڕگە و سەردەمی جیاجیادا، دین کراوەتە هۆکاری بەردەوامبوون و بەهێزکردنی پێگەی دەسەڵاتداریی کۆمەڵ و تاقمێك، فتوای سیاسی سەری هەڵداوەتەوە و گەلێك جار حوکم و دەقێکی شەرعی بە دیوێکدا تەرجەمە کراوە بۆ واقیع، کە دوور بووە لە مانا و مەبەستی ئەسڵی لایەنە شەرعییەکەی.

لە ئێستادا کە چەندین دەوڵەت و گرووپ و تاقمی سیاسی بانگەشەی دینداری دەکەن و دینی ئیسلام بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەتی پەیڕەوکردن و دادپەروەریی قیامەت، بۆ بەرژەوەندیی کاتی بەکار دەهێنن، بەمەش مێژوویەك دەنووسنەوە تەژی و لێوانلێو لە فتوای سیاسیی ڕۆژانە کە لەگەڵ ئاوازی بلوێری تاکتیك و پڕۆژەی سیاسییاندا هاوئاهەنگ بێت.

هاوکات فتوای سیاسی جگە لەوەی یاریکردنە بە ئەقڵ و هۆشی تاك، دیسان تێکدانی قیەمە سەربەخۆکانی ڕای گشتییە کە ڕۆژێك بە ئەم دەڵێت سپی و بەوی دیکە ڕەش و لێرەدا حەرام و لەوێدا حەڵاڵ و، ئەمڕۆ جائیز و سبەی قەدەغەکراوە، ئەم دەستوەردانە لە قیەمی گشتی و عورفی دامەزراوەی ناو فەرهەنگ و کەلتووری کۆمەڵایەتیی خەڵك، بە شێوەی باری سیاسی، فەوزای ئەخلاقیی لێ دەکەوێتەوە، کە خەڵك فێری گومان لە ڕێنموونیکارانی ڕەوشت و قیەمی پاك و پیرۆز بکات.

فتوای سیاسی هەرچەندە لە کۆمەڵگە و ڕەعیەتیدا تا ڕاددەیەك پەرگرتووە لە بنەما ڕۆحییەکانی دیندا گەشە دەکات، زیاتر لە کۆمەڵگەی ڕووکاری دینی و ڕووکەش ئیسلامیدا جێگەی خۆی دەگرێت، بەڵام واش دەکرێت بە دوورکەوتنەوەی زانایانی دین و مامۆستایان ڕەوشتی گشتی کۆمەڵگە کە زانایانی ئیسلامین، لە ڕووکەشی بەرژەوەندی بە باق و بریقە هەڵخەڵەتێنەکانی دونیا و گەڕانەوە بۆ ئەرکی سەرەکیی دونیایی و ئامانجی پیرۆزی خۆیان پێش لەو هەڵکشانەی فتوای سیاسی بگرن، لە ڕووی بەرپرسیارێتیی گشتییشەوە، جێی خۆیەتی بە یاسا و چارەسەرێکی دەستووری مەودای فراوانبوونی ئەو جۆرە لە فتوا بەرتەسك بکرێتەوە و ڕێگە نەدرێت بەرژەوەندیی سیاسی و حزبی تێکەڵ بە پیرۆزییەکان ببێت.

**لە مێژووی کۆنی میسرییەکاندا دەسەڵات و پەرستگەی بتپەرستی هەمیشە لە کۆنتاکدا بوون، تا لە ڕێگەی بڕوای خەڵکەوە ڕەعیەت کڕنوش بۆ دەسەڵاتی عەرشی فیرعەونی ببات**

**ڕۆم و فارسەکان کاهین و پیاوانی ئاتەشگە و مەعبەدیان بۆ ڕیسواکردن و ناشیرینکردنی نەیارانی خۆیان بەکار هێناوە**

**قەشە و پیاوانی کەنیسە لە بەرانبەر تێرکردنی سك و ڕازاندنەوەی ڕووکەشیاندا، وەك دەرباری هەمیشە ئامادەی بەردەم کۆشکی ئیمپراتۆرییەکان فتوای لە ڕێلادانیان بۆ نەیارانی دەسەڵات دەرکردووە**

**سی ساڵی خیلافەتی شەرعیی ئیسلامی کە بە خیلافەتی ڕاشیدین ناسراوە، هەرگیز بڕگەیەک و ڕووداوێکی تێدا شک نابردرێت کە دین بۆ سیاسەت بەکار هاتبێت**



موحسین یادگار فەیلی بۆ گوڵان :

# جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە مەبەستی تەعریب و لێدانی کورد بووە

# له مامەڵەکردن لەگەڵ کوردانی فەیلی کەمتەرخەمییەکی گەورە هەیە

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی کە دژی پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کورد ئەنجام درا، سزایەك بوو لە دژی هەڵوێستی کوردایەتی و نەتەوایەتییان بەرانبەر بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلول و پشتگیری مەلا مستەفا بارزانی، لەم شاڵاوە دڕندانەیەدا دیموگرافیای بەغدا و ناوچەکە گۆڕدرا و ڕێژەی کوردی لەناو جەرگەی بەغدا کەم کردەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موحسین یادگار فەیلی سەرۆکی ڕێکخراوی گەرمەسێر بۆ کوردانی فەیلی ئەنجام دا. لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی سەرۆکی ڕێکخراوێکی تایبەت بە کوردانی فەیلیت و شارەزاییەکی باشت لەسەر پرسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی هەیە، با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێبکەین، ئایا ئەو ڕەشبگیری و جینۆسایدە کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە دژی کوردانی فەیلی بەڕێوەچوو، لەژێر چ پاساوێکدا ئەنجام درا؟**

- کوردانی فەیلی بەوە ناسراون کە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتییان لە ئاستێکی بەرزدایە. لەبیرمە ئەو سەردەمە لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کوردانی فەیلی بە گشتی پاڵپشتی و پشتگیری شۆڕشی ئەیلول و خەباتی مەلا مستەفا بارزانییان کردبوو، ئەوان لە پێشەنگی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و سازشیان لەسەر کوردبوونیان نەدەکرد، بەمەش حکومەتە شۆڤێنییەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و دواتریش حزبی بەعس، هەموویان باش دەیانزانی، بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا چ مەترسییەکی لەسەر بەرژەوەندیی و مەرامە شۆڤێنییەکانیان هەیە، بۆیە بە دڕندەترین شێوە هێرشیان کردە سەر میللەتی کورد و لە نێویشیاندا کوردانی فەیلی کە پێکهاتەی سەرەکی و ڕەسەنی کورد بوون و لە سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەکە بوون، بەتایبەتی کە کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدای پایتەخت پێگە و مەکانەتی گەورەیان هەبوو، لەناو بازرگان و فەرمانبەرانی حکومەت و کاسبکاران، بۆیە بە هەموو پێوەرەکان تاوانی بە زۆر ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و کوشتن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان دەچێتە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆسایدەکەش ڕاستە لە عێراق هەر لە سەردەمی (ڕەشید عالی گەیلانی) یەوە لە ساڵی ١٩٤٨ەوە دەستی پێکردووە، بەڵام دواتر وەکو شاڵاوێکی دڕندیی ئەنفال بە سێ قۆناغ جێبەجێ کراوە:

- ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێی یەکەمی کوردانی فەیلی لە ١٩٦٩-١٩٧٢
- ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێی دووەمی کوردانی فەیلی لە ١٩٧٤ — ١٩٧٥
- ڕاپێچکردنی بەزۆرەملێی سێیەمی کوردانی فەیلی لە ١٩٨٠—١٩٩٠.

**حکومەتە شۆڤێنییەکانی ئەو سەردەمەی عێراق و دواتریش حزبی بەعس، هەموویان باش دەیانزانی، بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کوردی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدا چ مەترسییەکی لەسەر بەرژەوەندیی و مەرامە شۆڤێنییەکانیان هەیە**

**کوردانی فەیلی لەناو جەرگەی بەغدای پایتەخت پێگە و مەکانەتی گەورەیان هەبوو، لەناو بازرگان و فەرمانبەرانی حکومەت و کاسبکاران**

**بە هەموو پێوەرەکان تاوانی بە زۆر ڕاپێچکردنی کوردانی فەیلی بۆ ئێران و کوشتن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵیان دەچێتە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتیی دژ بە مرۆڤایەتی**

**کورد و لە ناویشیاندا پێکهاتەی کوردی فەیلی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە پەراوێز خراون و قوربانییان داوە**

**زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی بەزۆرە ملێ ڕاپێچی ئێران کران و ڕەگەزنامە و هەموو بەڵگەنامەکانیان لێ سەندرایەوەو ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەرداگیرا**

**لە ڕاگواستنە گەورەکەی (١٩٨٠/٤/٧)یش زۆر لە کەسانی بەتەمەن ومنداڵ لە ئاوارەیی و پەناهەندەییدا شەهید بوون و ٢٢ هەزار گەنجیشیان لەنێوان تەمەنی ١٨-٣٨ ساڵیدا لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر کران و دواتر شەهیدیان کردن، هەندێکیشیان لەگەڵ بارزانییەکاندا تەجروبەی کیمیاوییان لەسەر جێبەجێ کردن**

*** دەکرێت شێواز و شاڵاوەکەمان زیاتر بۆ باس بکەیت؟ ئایا تا چەند بووە هۆی تێکچوونی دیموگرافیای دانیشتووان و کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد لە ناو جەرگەی بەغدا و ڕۆژهەڵاتی دیجلە؟**

- کورد و لە ناویشیاندا پێکهاتەی کوردی فەیلی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە پەراوێز خراون و قوربانییان داوە، بەڵام لە دەستپێکردنی شاڵاوەکانی بەزۆر ڕاپێچکردن و دەربەدەرکردن و کوشتنی کوردی فەیلی، زیانێکی گەورە بەر کورد بەگشتی و کوردی فەیلی بەتایبەتی کەوت، ئەوە بوو جگە لەوەی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلی بەزۆرە ملێ ڕاپێچی ئێران کران و ڕەگەزنامە و هەموو بەڵگەنامەکانیان لێ سەندرایەوە و ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەرداگیرا، زیاتر لە ٢٠ هەزار گەنجی کوردی فەیلیش لە زیندانەکانی ئەبوغرێب و نوگرەسەلمان و موخابەراتدا دەستگیر کران و لەژێر ئەشکەنجەداندا شەهید بوون، تائێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەیان ئێسك و پرووسکەکانیان نەدۆزراوەتەوە. تاوانەکە ئەوەندە قێزەوەن بوو، بەزۆرەملێ هەرچی خێزانێکی کوردی فەیلی هەبوو لە هاوسەرەکانیان جیایان کردنەوە ئەمەش بە بڕیارێکی مەجلسی قیادەی سەورەی ئەو سەردەمە بوو، لە ڕاگواستنە گەورەکەی (١٩٨٠/٤/٧)یش زۆر لە کەسانی بەتەمەن ومنداڵ لە ئاوارەیی و پەناهەندەییدا شەهید بوون و ٢٢ هەزار گەنجیشیان لەنێوان تەمەنی ١٨-٣٨ ساڵیدا لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر کران و دواتر شەهیدیان کردن، هەندێکیشیان لەگەڵ بارزانییەکاندا تەجروبەی کیمیاوییان لەسەر جێبەجێ کردن.

بۆیە هەموو شاڵاو و دەرکردنەکە بۆ تەعریب و لێدانی پێگەی کورد بوو لە عێراق، ئەو دەمە تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە ناوچەکانی کوردانی فەیلی تەعریبێکی بەرنامە داڕێژراو بەردەوام بوونی هەیە و تا دێت ئەم پیلانە مەترسیدارتر دەبێت. لە ساڵی ١٩٦٢ تاوەکو ١٩٧٢ لەبیرمە کاتێك ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆکی کۆماری عێراق بوو، نازم گزار بەڕێوەبەری گشتیی ئەمنی عێراق بوو، ئەو دەمە هێرشیان لەسەر کوردانی فەیلی دەست پێکرد، هۆکارەکەشی لەبەر کوردبوون و پاڵپشتییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بوونی ژمارەیەکی زۆر لەناو ڕیزەکانی پارتی بوو. ئەو سەردەمە کورد یەك حزبی ناسراو و وا بەربڵاوی هەبوو، بۆیە نازم گزار، پیلانێکی قێزەونی بە مەبەستی کەمکردنەوەی نفووزی مەلا مستەفا بارزانی و کورد لەناو جەرگەی بەغدا داڕشت و جێبەجێی کرد، ئەوەبوو بەپاساوی «التبعیة الایرانیة» زۆر لە خانەوادە کوردەکانی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کرد و ژمارەیەکی زۆری دیکەشی بێسەروشوێن کرد، ئەم مەترسییەی پیاوانی ڕژێم لەو سەردەمەدا بەرانبەر بوونی کوردانی فەیلی، زیاتر بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە لە دوای ئەوەی بەیانی ١١ی ئازار خوێندرایەوە، بە سەدان گەنجی کوردی فەیلی ڕژانە نێو شەقامەکانی بەغدا و پاڵپشتی و پشتگیریی خۆیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەربڕی. ئەو سەردەمە لە ساڵی ١٩٧٠ مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لە ئەبو نوئاس لە بەغدا بوون، نازم گزار، پیلانی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی دانا و کوردێکی فەیلی پێش جێبەجێکردنی پیلانەکە ئاشکرای کرد.

کوردی فەیلی لە عێراقدا هەر بەشمەینەتی حاڵیان بووە. خۆ لە ساڵی ١٩٦٣ حەرەس قەومی بەرگریی هێزەکانی عەبدولکەریم قاسمیان بە تانکەکان لەناو برد و عەبدولسەلام عارف بە کودەتایەکی سەربازی هاتە سەر حوکم و عەبدولکەریم قاسمیان لەناو ئێزگەی ڕادیۆ گوللەباران کرد، هەر ئەم عەبدولسەلام عارفە کە کەسێکی شۆڤێنی بوو، قەسابخانەیەکی دژی پارتییەکان و شیوعییەکان دروست کرد کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئەندامەکانیان لە کوردانی فەیلی بوون . ئەم شاڵاوە لە بەدرە و جەسان و مەندەلی و خانەقین و زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کە بە ناوچەکانی کوردانی فەیلی ناسرابوون جێبەجێ کرا. دوو شاڵاوی نەفیکردن بۆ شارەکانی باشووری عێراق و ڕاپێچکردن بۆ ئێران دەستی پێکرد و بە تەواوەتی دیمۆگرافیای ناوچەکە گۆڕا و تەعریبێکی فراوان دەستی پێکرد.

*** باسی نزیکبوونەوەی کوردانی فەیلیت لە مەلا مستەفا بارزانی کرد، ئەم واقیعە لە ئێستادا کەمتر دەبینین و کوردێکی زۆری فەیلی هەن کە تێکەڵ بە حزبە شیعەکان بوون، یان بەرشوبڵاو بوونەتەوە و پێگەیان لە بەغدا و عێراق لاواز بووە، هۆکاری ئەوە چییە؟**

- سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەم سەردەمە و ئەو سیاسەتەی ئێستای حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی دەیگرنە بەر، زۆر جیاوازە، مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی هەموو کورد بوو. لەلای هەموو پێکهاتەکانی کورد بەبێ جیاوازی خۆشەویست بوو. کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕایەوە، کوردان بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی بە ئاپۆڕا و چەپڵەلێدان و خۆشەویستییەوە پێشوازییان لێ کرد و تا ئۆتۆمبێلەکەی گەیشتە بەغدا پارێزگارییان لێ کرد، لە بەغدا هەرچی سەرکردە و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و تەنانەت سکرتێری پارتی، کوردی فەیلی بوون. جەعفەر محەمەد کەریم فەیلی لە کادیرە ناسراو و دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و، براکەی (حەبیب محەمەد کەریم) سکرتێری حزب بوو، یەدوڵڵا فەیلی و دەیان کوردی فەیلی دیکە پێگەیان لەناو پارتی هەبوو. لە ئێستادا جێگای دەستخۆشییە لەسەر داوا و سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی بەڕێوەچوو، بەڵام بۆ تاکو ئێستا ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە پشتگوێ خراوە، لە کاتێکدا جێبەجێکردنی داوای مەسعود بارزانی بوو؟ سیاسەتی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی و یەکێتی) لە بەغدا و عێراق پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە بەغدا و کوت کە کۆتا بۆ کوردانی فەیلی دانرابوو، لە هەردوو پاڵێوراوەکەی پارتی و یەکێتی دەنگی پێویستیان نەهێنا، لە کاتێکدا عامر داود فەیلی وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ ٤٠٠٠ دەنگی بەدەست هێنا، ئەمە لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دوو کورسی لە کوردانی فەیلی بەدەست هێنا لە سنووری ٥٠ هەزار دەنگدا، لە ئێستادا بە هۆی لاوازیی ڕێکخستنەکان و ئەدای خراپی بەرپرسانی لق و مەڵبەندەکان لە بەغدا، بە تەواوەتی کورد بەرشوبڵاو بووەتەوە و بێ خاوەنە. لە بەغدا نزیکەی ملیۆنێك کوردی فەیلی هەن، بەڵام لەلایەن هەردوو حزبەوە پشتگوێ خراون. بەڕاستی دەبێت هەردوو حزب بە بەرپرسیارێتی و کەسایەتییەکانیاندا لە بەغدا و کوت و دیالە و پارێزگاکانی دیکە چاوخشاندنەوەیەکی باش بکەن و بەرپرسەکانی حزبی بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن، نەوەکو تەنیا پاساو و بیانوو بۆ سەرۆك و کەسی یەکەمی حزبەکەیان بهێننەوە.

*** بەڵام ئایا پێت وانییە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراقیشدا مافی تەواوەتی خۆی پێ نەدراوە، کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە ئەم کەیسە گرنگە پشتگوێ خراوە و نەتوانراوە کوردانی فەیلی ئەو پێگە و دەسەڵاتەیان بۆ بگەڕێتەوە؟**

- لەم کەیسەدا حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر کەمتەرخەم بوون، تەنانەت ئەو بڕیارانەی بەعس کە دژی کوردانی فەیلی دەری کرد، تاکو ئێستا زۆر لەو بڕیارانە هێشتا ماون و لانەبراون و هەڵنەوەشاوەتەوە و، بەپێی پێویست هەنگاو بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردانی فەیلی هەڵنەگیراوە. بۆیە ئێمەی کوردانی فەیلی داواکارین:

١. لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتیمان هەبێت.

٢. پێویستە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناو دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێ بدرێت، چونکە کوردی فەیلی بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی کورد.

٣. دامەزراندنی ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی کوردی فەیلی لە سەرجەم وەزارەتەکان و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەمان لە سەرجەم وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت.

٤. لەسەر ئاستی بەغدا و ئەو ناوچانەی بە شوێن و پێگەی کوردانی فەیلی دادەنرێن، پێداچوونەوە و چاوخشاندنەوە بە پۆست و پێگەی ئەو کەسانە بکرێت کە بەرپرسیارێتیان هەیە.

**تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لەناوچەکانی کوردانی فەیلی تەعریبێکی بەرنامە داڕێژراو بەردەوام هەیە و تا دێت ئەم پیلانە مەترسیدارتر دەبێت**

**نازم گزار، پیلانێکی ڤێزەوەنی بە مەبەستی کەمکردنەوەی نفووزی مەلا مستەفا بارزانی و کورد لەناو جەرگەی بەغدا داڕشت و جێبەجێی کرد**

**دوای ئەوەی بەیانی ١١ی ئازار خوێندرایەوە، بە سەدان گەنجی کوردی فەیلی ڕژانە نێو شەقامەکانی بەغدا و پاڵپشتی و پشتگیریی خۆیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەربڕی**

**پێویستە جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەناو دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێ بدرێت، چونکە کوردی فەیلی بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی کورد**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر جەیمس سپێرلینگ بۆ گوڵان:

# سیستمی لیبراڵی سەرەڕای کەموکوورییەکانی باشترین سیستمە کە ئومێدی بۆ بخوازین

**جەیمس سپێرلینگ، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن، پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی میشیگان ستەیت، کۆلێژی داڤیدسۆن و کۆلێژی جەیمس مادیسۆن و، وانەبێژی سیاسەتی جیهانی و حکومەت (سیاسەتی بەراوردکاری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) و سیاسەتی نێودەوڵەتی و دامەزراوەکان و سیاسەتی ئەمنی بەراوردکارییە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە سیاسەتی ئەمنی و ئابووریی وڵاتی ئەڵمانیا و ئاسایشی جیهانی و ئاسایشی ناوچەیی لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا دەدات، هەروەها گرنگی دەدات، بە پرسەکانی پەیوەست بە ناتۆ و حوکمڕانیی جیهانی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و بە دیاریکراوی کاریگەریی شەڕی ئیسرائیل و حەماس و پرسی ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستمی جیهانی» و کێشە و کەموکووڕی و بەهاکانی ئەم سیستمە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** سەرەتا دەمانەوێت لەو پێشهات و پەرەسەندنەوە دەست پێبکەین، کە ئێستا جیهانی پێوە سەرقاڵ بووە، ئەویش شەڕی غەززە و ئەگەری بەرفراوانبوونی ئەم شەڕەیە، ئایا تا چەند ئەم پەرەسەندنە بووەتە هۆی ئەوەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرنج و بایەخێکی کەمتری پێ بدرێت و، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- من پێم وایە ئەو شەڕەی لە نێوان ئسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە دروست بووە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە چەن دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی ناڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ئەو شەڕەی لە نێوان هەردوو وڵاتی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ئارادایە و بەردەوامە، سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە یەکێك لەو کاریگەرییانەی ئەگەری ئەوە هەیە بێتەئاراوە (بەهۆی شەڕی غەززەوە) پەیوەستە بەوەی تا چەند هاوهەڵوێستی و یەکدەنگیی هاوپەیمانێتیی ڕۆژئاوا بۆ پاڵپشتی و هاوکاریکردنی ئۆکرانیا درێژەی دەبێت و بەردەوام دەبێت، با ئەمە زیاتر ڕوون بکەینەوە، ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زامنکار و دەستەبەرکاری ئاسایشی دەوڵەتیی ئیسرائیلە، ئەمەش ڕەنگدانەوە و بەرجەستەبوونەکەی لە دابینکردنی هاوکاریی بەردەوامی چەك و کەرەستەی سەربازی و دەستەبەرکردنی هاوکاری و پشتیوانی دیپلۆماتیدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەدی دەکەین. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوسۆزییەکی قووڵ و بەرفراوانی هەیە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، بە چەشنێك کە دەکرێت بگوترێت ئەگەر پایە، یان هێڵی سێیەم هەبێت لە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەوا بریتییە لە دابینکردنی پشتیوانی و پاڵپشتیی بێ کۆت و بەند بۆ ئیسرائیل، بەڵام ناکرێت هەمان لێکدانەوە و شرۆڤەکاری بکرێت بۆ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی دیکە. کەواتە ئەگەر لەم ڕووەوە وەڵامەکە گرێ بدەینەوە بە پرسیارەکەتانەوە، ئەوا من پێم وایە، ئەگەر ژمارەی کوژراوانی خەڵکانی مەدەنی لە نێو کەرتی غەززە بەرز ببێتەوە و هەڵکشێت، و لە هەمان کاتدا وا لێك بدرێتەوە کە کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکانی مەدەنی نابێتە هۆی بەدیهێنانی هیچ ئامانجێکی سەربازی، سیاسی، ستراتیژی، یان تەنانەت تاکتیکی، یان وەك دەرهاویشتە و دەرئەنجامێکی لاوەکی بایەخنەدانی دەوڵەتی ئیسرائیل بە کوژراوانی مەدەنی لە کەرتی غەززە، کەواتە ئەگەر ئەمە ڕوو بدات و پێشهاتەکان بەم ئاقار و ئاراستەیەدا بڕۆن، ئەوا ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە دابەشبوونێکی قووڵ دروست ببێت لە نێو ئەم هاوپەیمانێتییەدا (هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا)، کەواتە هەروەك چۆن لە شەڕی ساڵی ١٩٧٣ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدیمان کرد، کە وڵاتانی ئەورووپا بڕیاریان دا سەرباری ئیسرائیل هەوڵی بەدەستهێنانی نەوت بدەن، لێرەشدا و لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەکرێت بڕیاری ئەوە بدەن کە پشتیوانی و پاڵپشتییە دیپلۆماتی و ئابووری و سەربازییەکانیان بۆ ئۆکرانیا کەم بکەنەوە و سنوورداری بکەن.

**ئەگەر پایە، یان هێڵی سێیەم هەبێت لە نێو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ئەوا بریتییە لە دابینکردنی پشتیوانی و پاڵپشتیی بێ کۆت و بەند بۆ ئیسرائیل**

**نە دەوڵەتی ئیسرائیل و نە دەوڵەتی ئۆکرانیا ناتوانن وەک پێویست هاوکاری و پاڵپشتی بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو و باڵادەست بن**

**له پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەکرێت بڕیاری ئەوە بدەن کە پشتیوانی و پاڵپشتییە دیپلۆماتی و ئابووری و سەربازییەکانیان بۆ ئۆکرانیا کەم بکەنەوە و سنوورداری بکەن**

**پشتیوانیکردنی هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و ئۆکرانیا (لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە) پێویستی بەوە دەبێت کە بودجە و خەرجیی پەیوەست بە هاوکاری و پشتیوانیی سەربازیی زیاتر بکرێت**

**ئەو کۆمارییانەی کار بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی پێگەی گەورەیی و مەزنی بۆ ئەمریکا دەکەن و دەیانەوێت و لێکدابڕانێک لەگەڵ ئۆکرانیادا دروست بکەن و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) هەبێت**

*** بەڵام ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ساڵی دووەمی نزیك دەبێتەوە و، شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماسیش پێ ناچێت بەم نزیکانە کۆتایی پێ بێت، تەنانەت باس لە ئەگەری بەرفراوانبوونیشی دەکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی پێشهاتەکانی ئەم دواییەی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵای لوبنانی، ئایا لە حاڵەتی درێژەکێشانی زیاتری ئەم دوو شەڕەدا، ڕێژەی هاوکارییە سەربازییەکان بۆ ئۆکرانیا کەمتر نابنەوە؟**

- ئەمە ڕاستە، چونکە ئەگەر ئێمە لەو ڕاستییە بڕوانین کە پشتیوانیکردنی هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و ئۆکرانیا (لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە) پێویستی بەوە دەبێت کە بودجە و خەرجیی پەیوەست بە هاوکاری و پشتیوانیی سەربازیی زیاتر بکرێت، یان دەکرا هاوکارییەکی کەمتر دەستەبەر بکرێت، ئەگەر شەڕەکەی دیکە ڕووی نەدایە، یان ئەگەر کۆتایی پێ بهاتایە، بە دەربڕین و گوزارشتێکی دیکە، نە دەوڵەتی ئیسرائیل و نە دەوڵەتی ئۆکرانیا ناتوانن وەك پێویست هاوکاری و پاڵپشتی بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو و باڵادەست بن.

*** ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەم پرسە بڕوانین و گرێی بدەینەوە بە ناکۆکی و بۆچوونی جیاوازی نێوان هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتەکانی نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر هەردوو شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا، ئیسرائیل و حەماس، ئەوا لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر کۆمارییەکان لە دەسەڵاتدا بوونایە، یان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەسەڵات بگرنە دەست، هیچ گۆڕانکارییەك لە هەڵوێستی ئەمریکادا ڕوو دەدات؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو شەڕەی لە غەززە دروست بووە و هاتووەتە ئاراوە، دەکرێت دەرفەتێك بێت بۆ حزبی کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەنێو کۆنگرێسی ئەو وڵاتە (بەتایبەتی ئەوانەی پێیان وایە دەبێت کار بکرێت لەسەر دووبارە گەڕاندنەوەی شکۆ و مەزنیی ئەمریکا) بۆ ئەوەی پرسەکە بە شێوەیەك دابڕێژنەوە و جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە، کە ڕاگرتن و کۆتاییهێنان بە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا کارێکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ زامنکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایشی ئیسرائیل، واتە ڕاگرتنی هاوکارییەکان بۆ ئۆکرانیا و دابینکردنیان بۆ ئیسرائیل، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە ئەم ئاراستەی کارکردنە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ دید و تێڕوانینی ئەو کۆمارییانەی کار بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی پێگەی گەورەیی و مەزنی بۆ ئەمریکا دەکەن و دەیانەوێت و لێکدابڕانێك لەگەڵ ئۆکرانیادا دروست بکەن و پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) هەبێت، و پشتیوانییەکی بێ کۆت و بەند بۆ ئیسرائیل دەستەبەر بکرێت، ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە ئەم پرسە دەنگدانەوە و سەدایەکی باشی هەیە لە نێو بەشێکی بەرفراوانی دەنگدەری نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها لەنێو نوخبەی بەئاگای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە، بە هەمان شێوە لە نێو بەشێکی گرنگی کۆمەکبەخشەکانیشدا.

*** زۆر باشە، با ئەم پرسە و پێشهاتانە پەیوەست بکەینەوە بەوەی پێی دەگوترێت سیستەمە جیهانییەکە، کە زۆر جار دروستبوونی ئەم شەڕ و ناکۆکییە گەورانە بە ئاماژەی بێتوانایی، یان شکستی ئەم سیستەمە لێك دەدرێتەوە، لە بەرگرتن بە شەڕ و دەستەبەرکردنی ئاشتییەکی ڕاستەقینە، ئایا پێت وانییە کاتی ئەوە هاتبێت، دووبارە ئەم سیستەمە لەسەر بنەمایەکی جیاواز دابڕێژرێتەوە و بونیاد بنرێتەوە و سیستەمێکی نوێ بێتەوە ئاراوە؟**

- سەرەتا دەمەوێت ڕاوبۆچوونی خۆم دەربارەی ئەم سیستەمە دەرببڕم، بە تێڕوانینی من، یان با بڵێم من قەناعەتێکی پتەوم هەیە بەوەی کە ئەوەی پێی دەگوترێت سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی باشترین سیستەمێکە کە بتوانین ئومێدی بەدیهاتنی بۆ بخوازین لە سایەی سیستەمێکدا کە پێك هاتووە لە دەوڵەتە خاوەن سەروەرییەکان، لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم کە پێم وانییە ئەم سیستەمە بێ کەموکووڕییە و بانگەشەی ئەوە ناکەم کە هیچ کێشەی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەهایانەی بوونەتە بنچینە و بناغەی ئەم سیستەمە، خۆیان لە خۆیاندا بەهای ڕوون و ئاشکران، هەروەك نووسەر و توێژەر (ڕۆبەرت ئۆسگوورد) ئاماژەی پێ دەکات، کە منیش هاوڕا و هاوبۆچوونم لەگەڵیدا.

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا دروستکردنی ڕێڕەوی (هیندستان - سعودیە - ئیسرائیل) لە نوکتە دەچێت

**هوشەنگ ئەمیر ئەحمەدی، پرۆفیسۆرە لە سکولی ئیدوارد بلاوستین بۆ پلاندان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕوتگێرز، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك دارشتن و گەڵاڵەکردنی سیاسەتی گشتی و پەرەپێدانی ئابووریی نێودەوڵەتی. هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی جیوپۆلەتیکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی دەکرێت پێی بوترێت «گەمەی ڕێڕەوەکان» و ئەگەری هاتنەئارای هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری و دروستبوونی پەیوەندی و ڕایەڵەی بەهێز لە نێوان گەلان و وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**دەبێت عەرەبستانی سعودیە هاوسەنگییەک بپارێزێت لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و ئیسرائیل و هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا**

**تاوەکو کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران لەگەڵ هەر یەکە لە ئەمریکا و ئیسرائیل چارەسەر نەبن، ناکرێت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەیەکی لەبار بۆ هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری و دروستبوونی ڕایەڵەی پەیوەندی بەهێز لە نێوان گەلان و وڵاتانی ناوچەکەدا**

*** ئاشکرایە لە ئێستادا چین توانیویەتی بەرەو بە دەستڕۆیشتوویی و پەرە بە کاریگەریی خۆی بدات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چەندین ڕایەڵەی پەیوەندیی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا گرێ داوە و دروستی کردووە، تەنانەت هاتووەتە نێو گەمە و ناکۆکییە سیاسییەکانیشەوە و ڕۆڵ دەگێڕێت و ناوبژیوانی دەکات بۆ هێورکردنەوەی ململانێکان- وەك ئەوەی لە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەدیمان کرد-، ئایا چۆن لەم پرسە دەڕوانن و پێتان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ کاردانەوەیەکی بەرانبەر هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چین لەم ناوچەیەدا هەبووە؟**

- من دەمەوێت لە پرسی گردبوونەوەی ئابووریی وڵاتانی برێکس (ڕووسیا، بەرازیل، هیندستان، چین و ئەفریقای باشوور) دەست پێبکەم، کە بەم دواییە عەرەبستانی سعودیە و ئیماراتیش بانگهێشت کراون، کە ئەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپایە و کۆمەڵێك وڵات لە خۆدەگرێت کە ئابوورییەکی گەورەیان هەیە. بەڵام کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بوو، کە ڕێڕەوێك دروست بکات لە وڵاتی هیندستانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست- بە بەشداریی عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات- و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، واتە ئامانج لەم هەوڵە ئەوە بوو کە ببێتە بەدیلی ئەو ڕێڕەوەی وڵاتی چین دروستی کردبوو، یان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵ و کۆشش و کارەکانی هەندێ لە وڵاتانی نێو برێکس، کە ئاشکرایە ئەم گردبوونەوەیە لەژێر هەژموون و باڵادەستیی چیندایە.

*** پرسێکی دیکەی زۆر گرنگ کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری زۆر لەسەر دەکرد، پەیوەست بوو بە هەوڵەکانی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتی ئیسرائیل، کە هەندێ لە لێکدانەوەکان دەڵێن یەکێك لە ئامانجەکانی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لەناوبردن، یان لاوازکردنی ئەم ئەگەرە بوو، ئایا پێتان وایە ئەگەرێکی واقیعییە ئەگەر پێشبینی پەرەسەندنێکی لەم چەشنە بکەین و پەیوەندیی فەرمی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دروست بێت؟**

- ئەوە ڕوونە کە هێشتا ئەم ئاساییبوونەوەیە ڕووی نەداوە و ئەم پرسە بە هەڵپەسێردراوی و چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. بەڵام هەروەك پێشتر باسم کرد، ئەگەر ئەو ڕێڕەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاری لەسەر کردووە کە لە هیندستانەوە بۆ سعودیە و لەوێوە بۆ ئیسرائیل و دواتر بۆ ئەوروپا، ئەوا ئەمە هاوکار دەبێت لە پرس، یان پرۆسەی کارکردن بە ئاراستەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل، چونکە ئەم ڕێڕەوی پرسی ڕاکێشان بۆری و ڕێگەی شەمەندەفەر و کێبڵ و.. هتد لەخۆ دەگرێت کە لە سعودیەوە ڕابکێشرێت بۆ حەیفا لە ئیسرائیل، و لەوێشەوە بە دەریادا بۆ ئەوروپا. هەرچەندە لە ئێستادا ئەمە زیاتر لە نوکتەیەك دەچێت، لە هەمان کاتدا ئەمە تێچوونێکی زۆریش لەخۆ دەگرێت و جێبەجێکردنیشی زۆر قورس و دژوارە.

*** بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بێت کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن و لە ئێستادا جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەم چەشنە (دروستکردنی ڕێڕەوێك) هێندە کارێکی قورس و دژوار و پڕ تێچوون بێت، بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵێکی لەم چەشنە دەدات؟**

- من پێم وایە دەکرێت بەو شێوەیە لەم پرسە بڕوانین وەك ئەمە جۆرێك لە فشار، یان با بڵێین ئەمە ئامرازێکە و ئەمریکا دەیەوێت لە پرۆسەی گفتوگۆکانی لەگەڵ چیندا بەکاری بهێنێت. لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەیە سەرنجی هیندستانیش ڕابکێشێت بۆ نێو ئەم پرۆسە ئابوورییە. هەرچۆنێك بێت، ئاساییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەر شێوەیەك بێت هەوڵی برەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات، بەڵام من پێم وایە ئەمە جێبەجێکردنی کارێکی زۆر قورس و دژوار دەبێت، بەتایبەتی کە دەتوانین بڵێین ئاستەنگی سەرەکی لەم ڕووەوە نەبوونی پەیوەندییە لە نێوان عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتی ئیسرائیل. خاڵێکی دیکە کە ئاستەنگی و دژواری دروست کردووە، ئەوەیە کە چۆن کار بکرێت لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەیەك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ڕۆڵی ئێران نادیدە بگرێت و پەراوێزی بخات، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لەم ڕوانگەیەوە لەم پرسە بڕوانین کە ئێران هەر نزیکبوونەوەیەکی عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل بە زیان بۆ خۆی لێکدەداتەوە. کەواتە دەبێت عەرەبستانی سعودیە هاوسەنگییەك بپارێزێت لە نێوان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

*** کەواتە دروستە بڵێین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە، ئەوا ناکرێت باس لە ئەگەر و دەرفەتی دروستبوونی پەیوەندییەکی پتەو و بەتینی نێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت، بە چەشنێك کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر بواری ئابووری و ژیانی گەلانی ناوچەکە هەبێت؟**

- من دەڵێم تاوەکو کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئێران لەگەڵ هەر یەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل چارەسەر نەبن، ئەوا ناکرێت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەیەکی لەبار بۆ هاوکاری و ئاوێتەبوونی ئابووری و دروستبوونی ڕایەڵەی پەیوەندی بەهێز لە نێوان گەلان و وڵاتانی ناوچەکەدا. کەواتە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕ بەسەر دۆخی ئەم ناوچەیەدا بێت، ئەوا پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران ئاسایی ببنەوە، بەڵام ئاشکرایە لەم ساتەوەختەی ئێستادا ئەگەرێکی لەم چەشنە لە ئارادا نییە، ئەمەش کێشەکەیە.

*** بەڵام ئەگەر بە دیاریکراوی باس لە پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراق بکەین، ئایا ئێوە چۆن لەم پەیوەندییە دەڕوانن؟**

- من پێم وایە هیچ کاتێك عێراق و ئێران ناتوانن ببنە دوو دۆستی ڕاستەقینە، ئەوەتا کێشەکانی عێراق زیاتر لەگەڵ دەوڵەتە شیعەکانی ناوچەکەدایە، نەك دەوڵەتە سوننەکان، هەروەها ئێرانیش کێشەی زۆری لەگەڵ شیعەکانی دەرەوەی سنووری خۆی هەیە، بڕواننە وڵاتی ئازەربایجان، کە وڵاتێکی شیعەیە و دژوارترین پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا هەیە. هەرچۆنێك بێت، من پێم وایە ئەوەی لە نێوان عێراق و ئێراندا هەیە، دەکرێت بە ئاگربەست وەسفی بکەین، چونکە دوای شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتە پەیوەندییەکانیان بە ڕادەیەکی گەورە بەرەوپێش نەچووە، ڕاستە هەڵکشان و داکشانی بەخۆوە بینیوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە عێراق پشت بە جیهانی عەرەبی و ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەستێت و ئەمەش دۆخێك ناخوڵقێنێت کە ببێتەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەوەی ئێستا هەیە باشتر بن. ڕاستە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێران کار دەکات بۆ زیادکردنی ئاستی هاوکاری و بازرگانی لەگەڵ عێراقدا کە ئاشکرایە ڕادەیەکی زۆر لە هاوکاری و بازرگانیش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێت، کە چەندین کێشە هەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا کە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و جوگرافییان هەیە، هەروەها پرسی کورد لە عێراق و ئێرانیش دەبێت لەبەرچاو بگرین لەم چوارچێوەیەدا.

*** ئەی چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟**

- ئاشکرایە کە هیچ وڵاتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاستەوخۆ لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە تێوەنەگلاوە، تەنانەت کە باس لەوەش دەکرێت، ئێران درۆنی بۆ ڕووسیا دەستەبەر کردبێت، ئەوا هێشتا ناتوانین بڵێین ئێران ڕاستەوخۆ لە شەڕەکەوە تێوەگلاوە. بە شێوەیەکی گشتی پێم وایە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تا ڕادەیەك ئیحتیوا کراوە و تەنانەت ئێستا وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش خۆیان لەم شەڕە دابڕیوە.

**هیچ کاتێک عێراق و ئێران ناتوانن ببنە دوو دۆستی ڕاستەقینە، ئەوەتا کێشەکانی عێراق زیاتر لەگەڵ دەوڵەتە شیعەکانی ناوچەکەدایە، نەک دەوڵەتە سوننەکان**

**عێراق پشت بە جیهانی عەرەبی و ئەورووپا و ئەمریکا دەبەستێت و ئەمەش دۆخێک ناخوڵقێنێت کە ببێتەهۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران لەوەی ئێستا هەیە باشتر بن**

**ئێران کار دەکات بۆ زیادکردنی ئاستی هاوکاری و بازرگانی لەگەڵ عێراقدا کە ئاشکرایە ڕاددەیەکی زۆر لە هاوکاری و بازرگانیش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە**



مەندوح سینۆ حاجی جەمال

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بیر و هزری نەتەوەیی و کوردایەتییان نەبووە

# جووڵە و کردەوەکانی پەکەکە لە بەرژەوەندیی دوژمنانی کورددایە

**سەرکردایەتیی و چەکدارانی پەکەکە لەو کاتەوە هاتوونەتە باشووری کوردستان، دژایەتیی هێزی پێشمەرگە و ئەو قەوارە فیدراڵییە دەکەن کە بە خوێنی سەدان هەزار شەهیدی گەلی کوردستانی هاتووەتەدی، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ مەندوح سینۆ حاجی جەمال ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجام دا. لێرەدا دەقی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئایا لە باکووری کوردستان شاخ و چیای لێ نییە کە پەکەکە تێدا شەڕی سوپای تورکیا بکات، یان مەبەستی دیکەی لە پشتە کە هاتووەتە باشووری کوردستان و بەتایبەت ناوچە سنوورییەکان و چیای قەندیلی داگیر کردووە؟**

- من لە ساڵی (١٩٩٥) لەناو پەکەکە دەستم بە کاری سەربازی و چەکداری کردووە و پێشتریش لە ڕێکخستنەکانی کارم دەکرد، بە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە کاری نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەنجامدانی کاری دوور لە بیری کوردایەتی ڕیزەکانی پەکەکەمان بەجێهێشت، پەکەکە زیاتر لە بیست ساڵیش دەبێت باوەڕی بە بیری نەتەوایەتی و کوردایەتی نەماوە، سەرەتاش هەر بیروباوەڕی مارکسی هەبوو، بەناو گوایە بۆ دیموکراتی تەواوی تورکیا کار دەکات، ئەم هۆکارانە و چەندین مەرامی دیکە وای کرد، باکووری کوردستان کە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیانە کاری تێدا نەکەن و بەجێی بهێڵن و ڕوو لە باشووری کوردستان بکەن، بە مەبەستی نانەوەی پشێوی و ناسەقامگیری، ئەوە بوو ناوچە و دەڤەرە سنوورییەکانیان بە زەبری چەك و پەلاماری تیرۆریستی داگیر کرد، ئەمەش وای کردووە، سوپای تورکیا بە چەندین کیلۆمەتر بێنە قووڵایی و درێژیی ناو خاکی کوردستان. بە هۆی جووڵەکانی چەکدارانی پەکەکەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ڕۆژانە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی زیاتر لە (٦٠٠) گوندی هەرێمی کوردستان ئاوەدان نەبێتەوە و خەڵکەکانی لە موڵك و ماڵ و ڕەز و باخ و بیستانەکانیان بێبەش بن. لەو کاتەی هەرێمی کوردستان بووەتە خاوەن حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەی یاسایی و دەستووریی خۆی، پەکەکە لە هەوڵی ئەوەدان کێشە و گرفت و ناسەقامگیری بۆ دروست بکەن، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە کە بەدەست لەپشتدانی داگیرکەران هاتوونەتە ناو سنووری هەرێمی کوردستانەوە. ئێمە وەك ئەوەی لەناو پەکەکە کاری جددیمان کردووە و بەرپرسیاریەتیمان بووە، دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت حزب و لایەنێکی باڵادەستی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەرجەعی نەتەوەیی کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە لەسەر ڕێبازی

**به هۆی دوورکەوتنەوەیان لە کاری نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەنجامدانی کاری دوور لە بیری کوردایەتی ڕیزەکانی پەکەکەمان بەجێهێشت**

**به هۆی جووڵەکانی چەکدارانی پەکەکەوە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ڕۆژانە بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن**

**زیاتر لە (٦٠٠) گوندی هەرێمی کوردستان ئاوەدان نەبێتەوە و خەڵکەکانی لە موڵك و ماڵ و ڕەز و باخ و بیستانەکانیان بێبەش بن**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت حزب و لایەنێکی بالادەستی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەرجەعی نەتەوەیی کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانییە لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر و کوردایەتی هاوکاریی باشی پەکەکەیان کردووە**

**لە ڕێگای ئەو هەموو گرووپەوە چەکدارانی پەکەکە بەتایبەت سەرکردەکانیان دەیانەوێت باج و سەرانە و دەستکەوتیان زیاتر بێت**

**چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی ئەو بازرگانی و کارانەی هەڵیدەسووڕێنن، بەتایبەتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لەنێوان ئێران بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا و سووریا و چەندین وڵات و شوێنی دیکە، گرووپەکانیان بڵاو کردووەتەوە**

**چەکدارانی پەکەکە لە ڕێگای ئەو جووڵە و گرووپانەوە توانیویانە زانیاریی زۆرتر و وردتریان بۆ مەبەستی سیخوڕی و هەواڵگری دەست بکەوێت**

بارزانیی نەمر و کوردایەتی هاوکاریی باشی پەکەکەیان کردووە، بەتایبەتی لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە لەسەر ئەو عەقیدەیە کە باوەڕی نەتەوەیی و سەربەخۆییان بە کورد و کوردستان هەیە، کەچی لەپاش چەندساڵێکی کەم ئەمەش بۆ پارتی و حکومەتی کوردستان دەرکەوت، کە ئەو چەکدارانە کوردایەتی ناکەن، بەڵکو بۆ مەرامی تایبەت و دوور لە نیشتمانی و کوردستانی دەجووڵێنەوە، هەر بۆیە چەکدارانی پەکەکە سەرئێشەیەکی یەکجار گەورەن بۆ هەرێمی کوردستان و کورد.

*** بۆچی ماوەیەکە چەکدارانی پەکەکە جموجووڵەکانیان زیادی کردووە لە چەندین ناوچە و دەڤەری باشووری کوردستان و، لێرە و لەوێ کاری دوور لە نەتەوایەتی و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن؟ ئایا هیچ وڵات و لایەنێك هەیە پشتگیرییان لێ بکات؟**

- چەکدارانی پەکەکە هەر ئەو دوو ساڵە نییە کە بە شێوەی گرووپ و جووڵەی نەخوازراو لە باشووری کوردستان دەبینرێن، بەڵکو چەکدارانی پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندن و چەکداربوونیان لە پەیڕەو پرۆگرامەکەیان و پیلان و کارەکانیاندا هێز و چەکدار و ڕێکخستنەکانیان بۆ گرووپی بچووك بچووك دابەش کردووە، ئەمەش بە مەبەستی:

یەکەم: بە هۆی زۆریی گرووپە چەکدارەکانیان زۆرترین شوێن داگیر بکەن و کاری خراپەکاری و پشێوی بنێنەوە.

دووەم: بەهۆی ئەو ژمارە گرووپە چەکدارانەوە وایان کردووە زۆرترین خاك و سنووری هەرێمی کوردستان هەڕەشەی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای لەسەر بێت، ئەمەش دڵەڕاوکێیەکی زۆر بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە دەڤەری سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین دروست بکات .

سێیەم: ئەو جووڵە و گرووپ گروپەی چەکدارانی پەکەکە بە مەرامی ئەوەیە، بڵێن ئێمە هەین و زۆرین و دڵنیایی و متمانەش بۆ داگیرکەران و ئەوانەی هاوکاری و دەستیان لەپشت دەدات، دەنوێنن.

چوارەم: لە ڕێگای ئەو هەموو گرووپەوە چەکدارانی پەکەکە بەتایبەت سەرکردەکانیان دەیانەوێت باج و سەرانە و دەستکەوتیان زیاتر بێت.

پێنجەم: چەکدارانی پەکەکە بۆ ئەوەی ئەو بازرگانی و کارانەی هەڵیدەسووڕێنن، بەتایبەتی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لەنێوان ئێران بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا و سووریا و چەندین وڵات و شوێنی دیکە، گرووپەکانیان بڵاو کردووەتەوە.

شەشەم: چەکدارانی پەکەکە لە ڕێگای ئەو جووڵە و گرووپانەوە توانیویانە زانیاریی زۆرتر و وردتریان بۆ مەبەستی سیخوڕی و هەواڵگری دەست بکەوێت.

دووبارە هەموو ئەوانە بە مەرامی خراپەکارییە لە دژی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی، چونکە پەکەکە دڵنیان لەوەی ئەو سەقامگیری و یاسا و دادوەری و داپەروەریەی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە جێبەجێ دەکرێت، لە بەرژەوەندیی حزب و لایەن و تاقمێکی تیرۆریستی و نانەتەوەییدا نییە، کە بە دەست لەپشدانی حەشدی شەعبی عێراق و وڵاتانی هەرێمایەتیی ئەنجامی دەدەن.

*** ئایا ئەو کارە تێکدەرانەیانە کە چەکدارنی پەکەکە ئەنجامی دەدەن، بووتە هۆکاری ئەوەی کە کوردانی باکووری کوردستان و ڕێکخستنەکانیان باوەڕیان پێیان نەمێنێت؟**

- پەکەکە لە ئێستادا بەرانبەر کادیرە پێشکەوتووە نەتەوایەتییەکانیان چاودێرییەکی زۆر توند بەکار دەهێنن، بەتایبەتی و ئەو چەکدارە شۆڕشگێڕ و کوردپەروەرانەی کە چەندین ساڵە گیانی خۆیان بە ماڵ و منداڵەوە خستووەتە خزمەتیان، چونکە بۆیان دەرکەوتووە کە ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە و کادیرەکانیان لە دەرفەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی ڕابکەن و ڕیزەکانی پەکەکە بەجێ بهێڵن. چونکە بە هۆی ئەو کار و کردەوە ناڕەوا و دوور لە نەتەوایەتی و کوردایەتییەوە بەردەوام چەکدار و میللەت و ڕێکخستنەکانیان لێیان دوور دەکەونەوە، هەروەها بە هۆی ئەو شەڕە ناڕەوا و نامەبەستییانەی ئەنجامیان داوە، زیانی گەورەی بە متمانە و خۆشەویستیی

پەکەکە گەیاندووە، هەر بۆ نموونە شەڕی خەندەق کە گەل و میللەتی کوردی باکوور بە ماڵ و گیان زۆر تێیدا زیانمەند بوون و دەرئەنجامەکەشی ماڵوێرانی بوو، بووە هۆی نارەزایەتی و گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆری کوردانی باکوور.

*** باسی ئەوەت کرد کە چەکدارانی پەکەکە پەیوەندییان بەو حەشدی شەعبییانەوە هەیە کە دژی قەوارە و گەلی کوردستانن، ئایا چەکدارانی پەکەکە چۆن بوونەتە ئەم داردەستەو زیان بە بیر و بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی دەگەیەنن؟**

- چەکدارانی پەکەکە زۆر لەمێژە بوونەتە ئەو لایەن و تاقمەی هەر جارەی وڵات و دەزگایەکی موخابەراتی بەکاریان بهێنێت. چەکدارانی پەکەکە ژمارەیەکی زۆریان بەتایبەت ئەوانەی لە دەڤەری شنگالن مووچە و هاوکاریی دارایی و لۆجستیکی لە حەشدی شەعبی وەردەگرن، دژ بە کورد و ڕۆژئاوای کوردستانیش بۆ ڕژێمی ئەسەد لە سووریا کار دەکەن، بۆیە هەموو جووڵە و مەرام و کردەوەکانی چەکدارانی پەکەکە لە بەرژەوەندیی داگیرکەران و سەرکردە شکستخواردووەکانی خۆیاندایە.

*** قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی شۆڕش و خوێنی شەهیدان و خەباتی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانە، ئەو هەرێمە بووەتە پێگەیەك بۆ هەموو گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەدا، ئایا لایەنگران و ئەندامانی پەکەکە و گرووپە چەکدارەکانیان ئەم ڕاستییە نازانن، کە کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێنەوە؟**

- پەکەکە زۆر لە هەموو خەڵکی کوردستان و هەر کوردپەروەرێك باشتر دەزانن، هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی پەناگا و چەترێکی متمانەپێکراو و باشە بۆ مانەوە و حەوانەوەی هەر کوردێك لەهەر شوێنێکی دنیا بێت، چونکە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کار بۆ سەروەریی یاسا و سەقامگیری و هێمنیی کوردستان دەکەن و لە ڕێگای هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە ناوخۆییەکانەوە بارودۆخێکی زۆر شیاو و گونجاویان بۆ تاکی کورد و کوردستانی خوڵقاندووە، بۆیە پێویستە هەموو کورد و کوردستانییەك وەك بیلبیلەی چاوی خۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بارودۆخەکەی بپارێزن، بەڵام لەبەر ئەوەی پەکەکە مەرام و بەرژەوەندیی خراپەیان تێدایە، بۆیە کێشە و گرفت دەنێنەوە و لێرەو لەوێ دژی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل کردەوەی نارەوا و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەم مەرام و پیلانە دوژمنکارییانە بە حەکیمیی جەنابی سەرۆك بارزانی لەگۆڕ نراون، لەلایەکی دیکەوە چاوکراوەیی و دڵسۆزیی گەلی کوردی باشوور و دەسەڵاتدارانی وای کردووە هەموو پیلان و مەرامە ناشیرینەکانی پەکەکە لەبار ببرێت.

*** ئایا هۆکار چی بوو چەکدارانی پەکەکە هەوڵ و پرۆسەی ئاشتییان لەبار برد، کە جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ تەرخان کردبوو؟**

- بە دڵنیاییەوە پەکەکە هیچ کاتێك باوڕی بە گفتوگۆ و ئاشتی نییە و کار و ستراتیژی و ئامانجێکی نەتەوەیی و کوردایەتیش بەتایبەتی کە لەسەر دەستی کارێزما و مەرجەعی کورد و کوردستان بێت، کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە، ئەوە نەك لە ئێستادا بەڵکو هەر لە کۆنەوە ناچنە ژێر باری و قبووڵیان نییە، چونکە دڵنیان ئەو کار و پرۆسەیەی جەنابی سەرۆك بارزانی دەستی بۆ دەبات، خزمەت بە گەلی کورد و کوردستان و هەر چوار پارچەکەی دەکات .

*** بۆچی لە ئێستادا پەکەکە زیاتر ڕوویان لە ناوچەی گەرمیان و چەمچەماڵ و مەخموور کردووە؟**

- زیاتر بۆ ئەوەیە گەنج و منداڵەکانی ئەو ناوچانە فریو بدەن و لە دایك و باوکیان دایانببڕن و لە ڕیزەکانی خۆیان چەکدارایان بکەن، ئەمەش دوورە لە هەموو بنەماکانی مرۆڤایەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، هەروەها دەیانەوێت ناسەقامگیری و کێشە و گرفت بۆ هەرێمی کوردستان بنێنەوە و سەقامگیری و بارودۆخی هێمنی و ئاسایشی کوردستان بەتایبەتی لەو ناوچانە بە دەست لەپشدانی دوژمن و ناحەزان تێك بدەن.

**ڕۆژانە چەکدارانی پەکەکە و کادیرەکانیان لە دەرفەت دەگەڕێن بۆ ئەوەی ڕابکەن و ڕیزەکانی پەکەکە بەجێ بهێڵن**

**شەڕی خەندەق کە گەل و میللەتی کوردی باکوور بە ماڵ و گیان زۆر تێیدا زیانمەند بوون و دەرئەنجامەکەشی ماڵوێرانی بوو، بووە هۆی نارەزایەتی و گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆری کوردانی باکوور**

**چەکدارانی پەکەکە زۆر لەمێژە بوونەتە ئەو لایەن و تاقمەی هەر جارەی وڵات و دەزگایەکی موخابەراتی بەکاریان بهێنێت**

**چەکدارانی پەکەکە ژمارەیەکی زۆریان بەتایبەت ئەوانەی لە دەڤەری شنگالن مووچە و هاوکاریی دارایی و لۆجستیکی لە حەشدی شەعبی وەردەگرن**



# سیحر و جادوو

## بازاڕێکی ڕەش و ئافاتێکی مەترسیدار!





**د. عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

یەکێ لەو دیاردە و کارە خراپ و بێ شەرعییانەی لەناو کۆمەڵگە هەیە و خەڵکانێك کوێرانە پەنای بۆ دەبەن، بابەتی سیحرو جادووە، کە بەداخەوە خەریکە تەشەنە دەکات و دەبێتە مەترسی و هەڕەشە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

سیحر و جادوو، بریتییە لە ئەنجامدانی تەلیسم و ڕەمز و شێواندن و خوێندن و گرێ و خەڵەتاندن و فێڵ و کاری ناسرووشتی و ناڕەوا و تاوان، کە کاردانەوەی خراپ و نەرێنی لەسەر دەروون و جەستەو بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئاراستەی کۆمەڵگە هەیە و، جاری وایە بەم هەنگاوە مرۆڤ بەرەو سەرگەردانی و شەڕ و کوشتن و یاخیبوون و جیابوونەوەی خێزانی و

**سیحر و جادوو، بریتییە لە ئەنجامدانی تەلیسم و ڕەمز و شێواندن و خوێندن و گرێ و خەڵەتاندن و فێڵ و کاری ناسرووشتی و ناڕەوا و تاوان، کە کاردانەوەی خراپ و نەرێنی لەسەر دەروون و جەستەو بیرکردنەوەی مرۆڤ و ئاراستەی کۆمەڵگە هەیە**

**سیحرو جادوو ڕێگایەکە بەرەو خراپی و فەساد و زیانگەیاندن بە مرۆڤ و ئاستی بیرکردنەوە و ئاراستەی عەقڵ و ژیان**

**کەسی جادووگەر (ساحیر) بە لادان لە دین و یارمەتی و دەستتێکەڵکردن لەگەڵ جنۆکە و شێواندنی کەلامی خوا ئەم کارە دەکات، بۆیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو ڕێگا و دەرگایەکی بەسەر ئەم بابەتە داخستووە**

**کەسانێک کەوتوونەتە نێو ئەم بازارە و لەخشتەبردنی خەڵک، کەسانێکی دیکەش بە پەنابردن بۆ ئەم ئافاتە مەترسیدارە بازاڕەکە خۆش دەکەن**

داڕووخـان و شـڵەژانی دەروونـی و لەدەسـتدانی ئۆقـرە و متمانـە و بـێ هیوایـی دەبـات.

سیحرو جادوو ڕێگایەکە بەرەو خراپی و فەساد و زیانگەیانـدن بـە مـرۆڤ و ئاسـتی بیرکردنـەوە و ئاراسـتەی عەقـڵ و ژیـان، لەسـەرووی هەمـوو ئەوانەشـەوە هۆکارێکـە بـۆ دەرچـوون لـە دیـن و نزیکبوونـەوە لـە کوفـر و وێرانبوونـی عاقیبـەت، چونکـە کەسـی جادووگـەر (سـاحیر) بـە لادان لـە دیـن و یارمەتـی و دەسـتتێکەڵکردن لەگـەڵ جنۆکـە و شێواندنی کەلامـی خوا ئـەم کارە دەکات، بۆیـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام هەمـوو ڕێـگا و دەرگایەکی بەسـەر ئـەم بابەتـە داخستووە و تەنانـەت فێربـوون و خوێنـدن و کـردن و باوەڕبـوون بـە بابەتـی سـیحر بـە نـاڕەواو نادروسـت و کوفـر دادەنێـت.

بەداخـەوە کەسـانێك کەوتوونەتـە نێـو ئـەم بـازاڕە و لەخشـتەبردنی خەڵـك، کەسـانێکی دیکـەش بـە پەنابـردن بـۆ ئـەم ئافاتـە مەترسـیدارە بازاڕەکـە خـۆش دەکـەن، لـە بابەتـی سـیحردا (چ ئـەوەی دەیـکا، یـان ئـەوەی بـڕوای پێیەتـی و بـۆی دەکـرێ) هەردووکیـان یەکسـانن لـە ئەنجامدانـی تاوانێکـی گـەورە و کردەیەکـی حـەرام و هەنگاوێکـی پـڕ لـە مەترسـی بـۆ سـەر لایەنـی ئیمانـی و خێزانـی و کۆمەڵایەتـی.

سیحرو جادوو بۆی هەیە و هەقیقەتیشی هەیە، وەك ئیمامـی نـەوەوی دەفەرمـوێ: «والصحيـح أن السـحر لـه حقيقـة، وبـه قطـع الجمهـور، وعليـه عامـة العلماء...». واتـە: سیحر هەقیقەتی هەیە و کـۆی زانایانیـش لەسـەر ئـەوە کۆکـن. هەروەهـا ئیمامـی قورتوبـی لـەم بـارەوە دەڵێـت: «ذهـب أهـل السنة إلـى أن السحر ثابت و لـه حقيقـة». واتـە: پەیڕەوانـی ئەهلـی سـوننە پێیـان وایـە کـە سـیحر و جـادوو بنچینـە و حەقیقەتـی هەیـە، بـە دڵنیاییـەوە کاریگەریـی نێگەتیڤـی هەیـە لەسـەر مـرۆڤ و تووشـی چەندیـن نەهامەتـی دەکات، ئـەم کاریگەریـی و زیانگەیاندنـە بەپێـی دەقـی قورئـان ئامـاژەی پـێ کـراوە، وەك خـوای گـەورە دەفەرموێـت: «فَيَتَعَلَّمُـونَ مِنْهُـمَا مَـا يُفَرِّقُـونَ بِـهِ بَـيْنَ الْمَـرْءِ وزَوْجِـهِ».

ئـەو دیاردەیـە بـە پێـی شـەریعەت و دەقـی قورئـان و فەرمـوودە حـەرام کـراوە و بگـرە سـزای توندیـش بـۆ بکەرانـی دیـاری کـراوە و مەترسـی لەسـەر خـودی ئیمانـی مرۆڤەکانیـش هەیـە.

خـوای گـەورە لـە قورئانـی پیـرۆز دەفەرمـوێ: «اتَّبَعُـوا مَـا تَتْلُـو الشَّـيَاطِينُ عَـلَي مُلْـكِ سُـلَيْمَانَ وَمَـا كَفَـرَ سُـلَيْمَانُ وَلَكِـنَّ الشَّـيَاطِينَ كَفَـرُوا يُعَلِّمُـونَ النَّـاسَ السِّـحْرَ وَمَـا أُنْـزِلَ عَـلَي الْمَلَكَـيْنِ بِبَابِـلَ هَـارُوتَ وَمَـارُوتَ وَمَـا يُعَلِّـمَانِ مِـنْ أَحَـدٍ حَتَّـي يَقُـولَا إِنَّمَـا نَحْـنُ فِتْنَـةٌ فَـلَا تَكْفُـرْ فَيَتَعَلَّمُـونَ مِنْهُـمَا مَـا يُفَرِّقُـونَ بِـهِ بَـيْنَ الْمَـرْءِ وَزَوْجِـهِ وَمَـا هُـمْ بِضَارِّيـنَ بِـهِ مِـنْ أَحَـدٍ إِلَّا بِـإِذْنِ اللَّـهِ وَيَتَعَلَّمُـونَ مَـا يَضُرُّهُـمْ وَلَا يَنْفَعُهُـمْ..» البقـرە: ١٠٢. واتـە: ئـەوان شـوێنی ئـەوە کەوتـن، کـە شـەیتانەکان دەیانخوێنـدەوە دەربـارەی دەسـەڵات و حکومەتـی سـولەیمان، ئاشـکرایە کـە هەرگیـز سـولەیمان کافـر نەبـووە، بەڵکـو شـەیتانەکان کافربـوون و خەڵکیـان فێـری سـیحر و جـادوو دەکـرد، هەروەهـا مەردومیـان فێـری ئـەوە دەکـرد کـە بـۆ هـارووت و مـارووت دابەزیبـوون (کـە دوو فریشـتە بـوون) لـە بابـل (مەبەسـتیشیان تێگەیاندنـی خەڵکـی بـوو لـە سـیحر و جـادوو)، ئەوانیـش کەسـیان فێـری هیـچ شـتێك نەدەکـرد، تـا پێیـان نەوتایـە: ئـەم کارەی ئێمـە بـۆ تاقیکردنەوەیـە و خـۆت کافـر مەکـە (کەچـی هەندێـك هـەر کۆڵیـان نـەدا) و لـەو فریشـتانەوە شـتی وافێـر دەبـوون کـە ژن و مێـردی پـێ لـە یـەك جیـا بکەنـەوە، (هـەر چەنـدە) ئـەو جادووگەرانـە ناتوانـن هیـچ زیانێـك بـە کـەس بگەیەنـن، مەگـەر ویسـتی خـوای لەسـەر بێـت، ئـەو خەڵکـە سـەرگەردانە هەمیشـە فێـری شـتێك دەبـن کـە زیانیـان لـێ دەدات و سـوودی نییـە بۆیـان.

بەپێـی ئاماژەکانـی ئـەم ئایەتـە بێـت، سـیحر کاریگـەری و زیانـی مەترسـیداری خـۆی هەیـە و یەکـێ لـەو لێکەوتـە خەتەرناکانـە لێکترازانـی خێـزان و هەڵوەشـاندنەوەی ژیانـی هاوسـەرییە، کاردانـەوەی ئـەم بەدکارییـە بەسـەر تـاك و کۆمەڵگـە و تێکدانـی خێـزان و نانـەوەی نائارامـی و پشـێوی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی، هێمایـە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە، کـە جادووگـەری و سـیحر نـەك تەنیـا بـۆ خێـزان و هەڕەشـەی ئابڕووبـردن و کاری بەدڕەوشـتی، بەڵکـو لەسـەر کیـان و نیشـتمانیش مەترسـیی زۆری هەیـە. بۆیـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) هۆشـداری تونـد دەداتـە ئـەو جـۆرە کەسـانە و لـە زیـان و مەترسـییەکان ئاگاداریـان دەکاتـەوە و دەفەرموێـت: «مَـنْ أَتَى عَرَّافًـا أو كَاهِنًـا فَصَدَّقَـه

بِمَا يَقُولُ، فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ صلَّي اللهُ عليه وسلَّم»، واتە: هەر کەسێ بچێتە لای ئەوانەی کاری عەڕافی و کەهەنە دەکەن- کە بە زاراوەی ئەمڕۆ پێیان دەگوترێ جادووگەر و فاڵگرەوە- ئەوە لە کوفر نزیك بووەتەوەو بێ باوەڕە بەرانبەر ئەو شەریعەتەی بۆ پێغەمبەر هاتووە. یان لە ڕیوایەتێکی دی هاتووە: «مَن أتَى عَرّافًا فسأله عن شَيءٍ لَم تُقبَلْ له صَلاةٌ أربَعينَ لَيلَةً»، واتە: هەر کەسێك بچێتە لای عەڕافێك- جادووگەرێك- پرسیاری لێ بکات، ئەوە چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێت.

تەنانەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەم کردەیە لە دوای شەریکدانان بۆ خوا بە گەورەترین تاوان و بە یەکێ لە گوناهە گەورەکان هەژمار دەکات و دەفەرموێ: «اجتنبوا السبع الموبقات.. قيل: يا رسول الله، وما هن؟ قال: الشرك بالله، والسحر...»، واتە: خۆتان بپارێزن لە حەوت تاوانە گەورەکە، فەرموویان کامانەن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: یەکەم: شەریکدانان بۆ خوا، دووەم: کاری سیحر و جادووگەری...

ئێستا بەپێی ئاماژەکان ئەم دیاردەیە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە بەربڵاوە و کەسانێك بە ناوی دین و لەژێر ناوی مەلا و شێخ ئەم کارە دەکەن، کەسانی ساویلکەش بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاوازی دەروون و بە ئامانجی هاتنەدی ئاوات و کردنەوەی بەخت و گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو، یان خەیاڵاوی و زیانگەیاندن بە کەسی ناحەز و دەرکردنی ڕق و کینە لە کەسانی دیکە و.. هتد. پەنا بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەبەن و پارەی خۆیان بە هەدەر و ئیمانیان تووشی لەدەستدان و ژیانی خۆیان بەرەو سەرگەردانی دەبەن.

بۆیە ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە بەرواری ٢٣ی٥ی٢٠٢١ لە فەتوایەکی گرنگ و تایبەت هەڵوێست و دیدگای شەرعی لەم بارەو لەپێناو هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە خۆپارێزی بەرانبەر ئەم دیاردەیە و چوون بۆ لای فاڵگرەوە و جادووگەران بڵاو کردەوە، کە لە بەشێکی فەتوایەکە هاتووە: «جادووکردن و سیحر جگە لەوەی گوناهێکی گەورەیە و لە چوارچێوەی کوفردایە و سزایەکی گەورەی لە قیامەتدا هەیە، کاریگەریی زۆر خراپیشی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵگە و تێکدانی شیرازەی خێزان، هەروەها پارە بە هەدەردان و زەرەرگەیاندن بە خەڵکی بێتاوانی تێدایە و کە ئەمانە تێکڕایان گوناهی گەورەن و پێویستە کۆمەڵگەیان لێ دوور بخرێتەوە». لە بەشێکی دیکەیدا هاتووە: «پێویستە موسڵمانان خۆیان بەدوور بگرن، هەر کەسێکیش کاری وای ئەنجام داوە، پێویستە دەمەو دەست تەوبەی لەسەر بکات».

بە دوایدا لە ٢٢ی٦ی٢٠٢١ یەکێتیی زانایان نووسراوێکی فەرمی بە ژمارە (٤٤٧) ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم کرد، لە پێناو پاراستنی شکۆی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان، داوای کرد پێویستە ڕێگە لە هەموو ئەوانە بگیرێت کە سیحر و جادوو دەکەن و بەو ناوە هەم بازرگانی بە دین و ژینی میللەت دەکەن، هەم کارێکی پێچەوانە لەگەڵ ناوەرۆکی ئیسلام ئەنجام دەدەن.

خۆشبەختانە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پڕۆژەیەکدا چەند ڕێنماییەکی بە ناونیشانی (ڕێنمایی تایبەت بە نەهێشتنی دیاردەی سیحر و جادوو و هاوشێوەکانی) دەرکرد و لە ژمارە (٣١٣)ی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاو کرایەوە و، لە بەرواری ٣ی١ی٢٠٢٤ گشتاندنێکی بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاف کرد، بە ئامانجی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێنماییەکان لە بارەی دیاردەی سیحر و جادووەوە.

لە ژێر ڕۆشنایی هەنگاوە پەیوەستەکانی ئەم بوارە، بۆردی باڵای وتاری هەینی لە وەزارەتی ئەوقاف؛ چەندین وتاری هەینی تایبەت کردووە بەم پرسە بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە لەبارەی مەترسییەکانی سیحرو جادوو پەنا بردن بۆ ساحیران، کە دوایین وتاری بە ناونیشانی (سیحر و مەترسییەکانی لەسەر خێزان و وڵات) پەسند کردووە.

هەموو ئەو پەیام و هەوڵە گرنگانە و هاوشان هیممەتی مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی، پێویستە ببنە هاندەر و زەمینەیەکی باشی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کە وەك بازاڕێکی ڕەش خەریکە شیرازەی خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات.

**جادووگەری و سیحر نەک تەنیا بۆ خێزان و هەڕەشەی ئابڕووبردن و کاری بەدڕەوشتی، بەڵکو لەسەر کیان و نیشتمانیش مەترسیی زۆری هەیە**

**پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئەم کردەیە لە دوای شەریکدانان بۆ خوا بە گەورەترین تاوان و بە یەکێ لە گوناهە گەورەکان هەژمار دەکات**

**بۆردی باڵای وتاری هەینی لە وەزارەتی ئەوقاف؛ چەندین وتاری هەینی تایبەت کردووە بەم پرسە بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و کۆمەڵگە لەبارەی مەترسییەکانی سیحرو جادوو پەنا بردن بۆ ساحیران**

**مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی، پێویستە ببنە هاندەر و زەمینەیەکی باشی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو نەهێشتنی ئەم دیاردەیە کە وەک بازاڕێکی ڕەش خەریکە شیرازەی خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات**

# بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تریفە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبات

تریفە کە قوتابی قۆناغی ئامادەییە، دوای ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە داوی کوڕێکی تاوانبارەوە، ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات. خوشکی ئەو کچە قوربانییە باسی وردەکاریی رووداوەکە بۆ گوڵان دەکات و ئەوەش دەخاتەڕوو کە کوڕەکە لەلایەن پۆلیسەوە دستبەسەر کراوە، مەبەستی لە گێڕانەوەی رووداوەکەش خۆی گوتەنی تەنیا بۆ پەندوەرگرتنی کچان بووە، هەتا تووشی هەڵەی لەو شێوەیە نەبن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تریفە کچێکی تەمەن ١٧ساڵان و قوتابیی پۆلی ١٠ی بنەڕەتییە، پێش چەند مانگێك ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و لە ئێستادا بە روخسارێکی شێواو درێژە بە ژیان دەدات. ئەو وەك زۆربەی کچانی هاوتەمەنی گیرۆدەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە و لە ڕێگەی فەیسبووکەوە کوڕێکی بە ناوی ئاسۆ ناسیوە کە تەمەنی ٣٧ ساڵە و بە فێڵی خۆشەویستی خستوویەتە داوی خۆیەوە و دواتر بەردەوام داوای پارەی لە تریفە کردووە.

خوشکی تریفە کە خۆی بە خوناو ناساند، لە بارەی بەسەرهاتی خۆشکەکەیەوە تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتەئاخاوتن: «بەداخەوە من سەفەری ئەورووپام کردووە و لەوێ نیشتەجێم، بۆیە لە خوشکە بچووکەکەم دوور بووم کە ئەو هەموو شتانەی بەسەرهات. سەرەتا دەمەوێ بڵێم: مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی خوشکم، تەنیا ئەوەیە کە کچانی نیشتمانەکەمان پەند لەو رووداوە وەربگرن و هەرگیز تووشی هەڵەی وا گەورە نەبن کە دوارۆژی خوشکمی سووتاند. زۆر بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر تاوانی گەورەی لێ کەوتووەتەوە و ژیانی سەدان کەسی خستووەتە مەترسییەوە کە خوشکەکەی من یەکێکە لەوانە، لە راستیدا دوای ئەوەی تریفە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی ئاسۆ، کە تەمەنی ٢٠ ساڵ لە تریفە گەورەترە، ئاسۆ داوای وێنەی لێ دەکات، بەڵام تریفە رازی نابێ، چەندین جار داواکارییەکەی رەتدەکاتەوە، بەڵام کوڕەکە بە فێڵ و سۆزدارییەکی ساختە بەردەوام تکای لێدەکات، دواتر تریفە وێنەیەکی خۆی بۆ دەنێرێت. خوشکم تەنانەت لە فەیسبووکی خۆی وێنەی خۆی دانەنابوو. هەرگیز نەچووتە جێژوان و رازی نەبووە کوڕێکی نامەحرەم ببینێت. نازانم چۆن فریوی ئەو کوڕە نامەردەی خوارد، ئەویش بە بێ ئەوەی لە نزیکەوە چاوی پێ بکەوێت. پاش ماوەیەك ئاسۆ لێی دەپاڕێتەوە کامێراکەی بۆ بکاتەوە، دیسان تریفە رازی نابێت، بەڵام دوای چەندین جار پێداگری و تکا و پاڕانەوە رازی دەکات بە کردنی ئەو کارە، دواتر جارێکیان بە سوێندان و پاڕانەوەی زۆر داوای لێکردووە جلەکانی دابکەنێ، کە تریفە بەوە رازی نابێت، کوڕە پێی دەڵێت: دیارە تۆ منت خۆش ناوێت و ئیدی پەیوەندیمان با کۆتایی پێ بێت، ئەمجارەش تریفە رازی دەکات و لەبەردەم کامیرا بەشێك لە سینگی رووت دەکاتەوە و ئەویش بە دزییەوە چەند وێنەیەکی لێ دەگرێت. بە حوکمی ئەوەی باری داراییمان زۆرباشە، کوڕە ئەمە بە هەل دەزانێت و ناوە ناوە داوای پارەی لە تریفە کردووە، جاری یەکەم ٥٠٠ دۆلار و جاری دووەم ١٠٠٠ دۆلار، دواجاریش داوای یەك دەفتەر دۆلاری کردووە، ئەمجارە تریفە ناتوانێ ئەو هەموو پارەیە پەیدا بکات، جارەکانی پێشوو بڕەکە ئەوەندە زۆر نەبووە و ئەو پارەکەی لە ماڵەوە دزیوە، بەڵام ئەمجارە دەڕواتە لای دایکم بەسەرهاتەکەی بۆ باس دەکات، ئەویش بۆ باوکمی دەگێڕێتەوە، باوکم پیاوێکی تێگەیشتووە و کەسێکی ئارام و لەسەرخۆیە، دوای زانینی کێشەی کچەکەی یەکسەر لە دادگا سکاڵا لەسەر کوڕەکە تۆمار دەکات و فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، داوا لە تریفە دەکەن پەیوەندی بە ئاسۆوە بکات بۆ وەرگرتنی پارەکە وەکو جارەکانی پێشوو، لەولاشەوە هێزێکی پۆلیس بە جلی مەدەنی لەبۆسەدا دەبن و ئاسۆ دەستگیر دەکەن، ئاسۆ لە دادگا ددان بە تاوانەکەیدا دادەنێت. بەڵام براکەم زۆر لە تریفە تووڕە دەبێت و سوێندی لێ دەخوات مۆبایل و ئینتەرنێت و تەنانەت قوتابخانەشی لێ قەدەغە بکات، زۆریشی لێ دەدات، دەرەنجام تریفە لە حەوشەی پشتەوە ئاگر لەخۆی بەردەدات، بەڵام دایکم زوو دەیکوژێنێتەوە، دوای مانەوەی زیاتر لە دە رۆژ لە نەخۆشخانە تریفەیان گەڕاندەوە ماڵەوە، بەڵام روخسار و مل و گەردەنی زۆر خراپ شێواوە.»

باران محەمەد چالاکی مافناس، لە رووی یاساییەوە هەڵسەنگاندن بۆ کێشەکە دەکات و دەڵێت: «ئەگەر بێت و کەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دی بکات بەوەی وێنەی بڵاو دەکاتەوە، ئەوا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارەی ١١١ ساڵی ١٩٦٩ مادەدەی ٤٣٠، ئەو کەسە سزادەدرێت بە زیندانیکردن کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت، بەڵام ئەگەر تاوانەکە لە ڕێگەی ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانەوە بوو، وەك مۆبایل و فەیسبووك و ئینستاگرام و . هتد، ئەوا راستەوخۆ تاوانەکە دەچێتە قاڵبی تاوانە گشتییەکانەوە، دەبێ بە زرووفی مشەدەد، واتا سزاکەی قورستر دەبێت. تاوانەکە تاوانێکی (جنائی)یەو بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان ئەنجام دراوە. لێرەدا تاوانبار هیچ زرووفیکی (مخفف) نایگرێتەوە، لەم حاڵەتە ئەگەر تاوانەکە سەلمێندرا قورسترین سزای تاوانبار دەدرێت لەلایەن دادوەرەوە، سزای تاوانباریش بەپێی یاسای سزادانی عێراقی و ئەو واقیعەی کە رووی داوە لەلایەن دادەرەوە دیاری دەکرێت.»

زۆر بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر تاوانی گەورەی لێ کەوتووەتەوە و ژیانی سەدان کەسی خستووەتە مەترسییەوە کە خوشکەکەی من یەکێکە لەوانە

باوکم پیاوێکی تێگەیشتووە و کەسێکی ئارام و لەسەرخۆیە، دوای زانینی کێشەی کچەکەی یەکسەر لە دادگا سکاڵا لەسەر کوڕەکە تۆمار دەکات

براکەم زۆر لە تریفە تووڕە دەبێت و سوێندی لێ دەخوات مۆبایل و ئینتەرنێت و تەنانەت قوتابخانەشی لێ قەدەغە بکات، زۆریشی لێ دەدات، دەرەنجام تریفە لە حەوشەی پشتەوە ئاگر لەخۆی بەردەدات



# زیادبوونی منداڵانی سەر شەقام و بەرکار

## هۆکار و چارەسەر



نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1948 پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی دەرکرد و، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد. دواتر ڕێککەوتننامەی ساڵی 1989 تایبەت بە مافەکانی منداڵان پەسەند کرا. هەر لە پەراوێزی ئەو یاسایەدا ڕۆژی 17/ 6 وەك ڕۆژی جیهانیی کارپێنەکردنی منداڵان دیاری کرا، لە یاسای کاری عێراقیش کارکردن بە منداڵان سنووردار کراوە. بە هەمان شێوە لە یاساکەدا قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت، بەڵام وێڕای بوونی ڕێککەوتننامەی پاراستنی مافەکانی منداڵ و چەندین مادده و بڕگەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی منداڵ، کەچی لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە نەتوانراوە وەکو پێویست مافەکانی منداڵ دەستەبەر بکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ پرسی کارپێکردنی منداڵان دەکەن.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مامۆستا مەلا ڕەعد ئۆمەربلی بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا، واجبە لەسەر دایك و باوك کە منداڵی خۆی بەخێو بکات و، پەروەردەیەکی جوانی فێر بکەن و، جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوانیاندا نەهێڵن، هەروەها لە دوای تەمەنی حەوت ساڵی پەروەردەی ئایین و نوێژیان فێر بکەن و، فێری ڕێز و خۆشەویستی بکرێن، هەروەها دایك و باوك دەبێت ژیانی منداڵی خۆیان دابین بکەن، کوڕ تا تەمەنی بلووغ (کامڵبوون) واتە لە سەرووی تەمەنی (١٥) ساڵی و کچ تا ئەو کاتەی شوو دەکات و ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، کەواتە بەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆ منداڵ لەسەر دایك و باوك واجبە». لە بارەی کارپێکردنی منداڵیش ئەو مامۆستا ئایینییە گوتی: «منداڵ دیاری و خەڵات و ئەمانەتی خودای گەورەیە لە لای دایك و باوکان، بۆیە دەبێت منداڵان بە خوێندن و هەندێك گەمەی گونجاو سەرقاڵ بکرێن، نەك کارپێکردن و پارە پێ کۆکردنەوە، ئەگەر ویسترا، لەبەر ئەوەی فێری کار ببێت و لە داهاتوو کەسێکی خاوەن پیشەی لێ دەربچێت، دەکرێ وەکو شاگرد لەلای کەسێکی دەست و داوێن پاك و بە ویژدان دابنرێن، بەڵام کارکردن بە منداڵ لەسەر جادە و لە هەندێك کارگە، بە هیچ پاساوێك دروست نییە لەو شوێنانە کاریان پێ بکرێت».

مەلا ڕەعد ئۆمەربلی، لە درێژەی ڕێنماییەکانیدا باسی ئەوە دەکات، «ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە سواڵکردن نادات و هانی خەڵکی داوە بە کارکردن، ئەگەر سواڵکردن بۆ کەسی گەورە و بەتەمەن ڕێگەپێ نەدراو بێت، کەواتە هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەو کەسانەی سواڵ بە منداڵەکانیان دەکەن، ئەم کارە لە ئیسلامدا حەرام و قەدەغە کراوە. لەمە خراپتر ئەوەیە خەڵکانێکی چاوبرسی کار بە منداڵانی هەژار دەکەن، یان لەلایەن هەندێك سواڵکەر ترافیك و شوێنە قەرەباڵغەکان داگیر دەکەن، یان بە یەکتری دەفرۆشنەوە».

تەنیا بەدرەدین پسپۆڕی دەروونزانییە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ هەموو تاکێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بۆی نییە کار بکات، بێگومان منداڵ پێویستی بەوەیە بەخێوکەرانی ژیانێکی شایستەی بۆ دابین بکەن و لە خوێندن بەردەوام بێت. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لە جیهاندا بڵاو دەکرێنەوە، بەشی زۆری ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) کار دەکەن، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی گەورە دەبنەوە، بەتایبەت لە هەندێك وڵاتی تازە پێگەیشتوو، یان دواکەوتوو، لە هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا کۆمەڵێك منداڵ لەسەر شەقامەکان و ترافیکەکان کار دەکەن لە هەردوو ڕەگەز و لە خوار تەمەنی ١٨ساڵیدان». گوتیشی: «بەپێی ئەو کەیسانەی کە هەمان بووە، یان ئەو حاڵەتانەی کە ئاگاداری بووین، بەداخەوە کەسانی دەروون نەخۆش هەوڵ دەدەن دەستدرێژی بکەنە سەر منداڵانی شەقام لە کچ و لە کوڕ، بە حوکمی ئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا لە ڕووی عەقڵییەوە تەواو پێنەگەیشتووە و هەموو ئامانجیشی لەو کاتەدا پارە پەیداکردنە، هەر بۆیە ڕەنگە ئاسانتر لە بەرانبەر پارە قەناعەتی پێ بهێندرێت. تەنانەت هەندێکجار ئەو منداڵانە بۆ دەستکەوتنی پارە پەنا دەبەنە بەر دزیکردن، هاوکات ئەو منداڵانە لەسەر شەقامەکان فێری زۆر خوو و ڕەوشتی نەشیاو و ناشیرین دەبن، ئەوانەی گوێبیستی دەبن دوورە لە دونیابینی منداڵیی خۆیان. لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە زۆرجار منداڵ بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێندرێت و دوور نییە بەو هۆیەوە خودی منداڵەکەش فێری بەکارهێنانی ماددەکە بێت. لە ڕووی دەروونییشەوە ئەو منداڵانە باری دەروونییان تێکدەچێت و ڕووبەڕووی سووکایەتیی جۆراوجۆر دەبنەوە و ئەگەری هەیە لە داهاتوودا تووشی خەمۆکی و قەیرانی گەورەی دەروونی ببن، وێڕای ئەوەی لەلایەنی جەستەییشەوە زەرەرمەند دەبێت و ڕووبەڕووی لێدان و ئەشکەنجە و سزادان دەبنەوە، یان لەگەڵ منداڵانی دیکە تووشی شەڕ و ئاژاوە دەبن، هەندێك جاریش تووشی ڕووداوی نەخوازراوی هاتوچۆ دەبن».

سۆلین عوسمان چالاکی مەدەنییە سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «مەسەلەی منداڵ و گیروگرفتەکانی لە وڵاتەکەماندا بەگشتی و لە شارەکەی من (سلێمانی) بەتایبەتی گرنگییەکی باشی پێ دراوە، بەڵام وێڕای ئەمانەش هێشتا بە لێشاو منداڵ لەسەر شەقام و لەناو کوچەی بازاڕەکاندا دەبینین کە لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناچار بە سواڵ، یان کارکردنی زۆرەملێ کراون. هۆکارەکەشی ناهۆشیاریی خێزانە کە بەداخەوە هەست بە بەرپرسیارێتی بەرانبەر گوزەرانی منداڵەکانیان ناکەن، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری منداڵانی سەر شەقام کورد نین و زۆربەیان سوورین و بەشێکیشان عەرەبن، بەڵام لەگەڵ

**باوک دەبێت ژیانی منداڵی خۆی دابین بکات، کوڕ تا تەمەنی بلووغ (کامڵبوون) واتە لە سەرووی تەمەنی (١٥) ساڵی و کچ تا ئەو کاتەی شوو دەکات و ژیانی هاوسەری پێک دەهێنێت**

**دەبێت منداڵان بە خوێندن و هەندێک گەمەی گونجاو سەرقاڵ بکرێن، نەک کارپێکردن و پارە پێ کۆکردنەوە**

**هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەو کەسانەی سواڵ بە منداڵەکانیان دەکەن، ئەم کارە لە ئیسلامدا حەرام و قەدەغە کراوە**

**بەشی زۆری ئەو منداڵانەی لە خوار تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) کار دەکەن، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگی گەورە دەبنەوە**



ئەوەشدا جیاوازی نەتەوایەتی وا ناکات، دڵمان ئێش نەکات بۆیان، چونکە لە کۆتاییدا هەموویان مرۆڤن و لە زەمەنێکی پاکدان کە لایەق بەو پیسکردن و بەلاڕێ بردنەیان نین. چارەسەری ئەم پرسەش بەشێکی بە خێزان و کۆمەڵگە و بەشەکەی دیکەشی بە حوکمەت دەکرێت. پێویستە ڕۆژێك دروست بکەین، کە نە هیچ منداڵێك بۆ وەرگرتنی پارە بپاڕێتەوەو نە هیچ باوك و دایکێك لە ئەسڵی خۆیان دەربچن و منداڵیان لەسەر شەقام ڕەها بکەن، ئەمەش هەمووی بە کاری پێکەوەیی چارەسەر دەکرێت».

ئیدریس محەمەد، وەك ڕێنماییکاری دەروونی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پەروەردە مەسەلەیەکی گشتگیر و بەردەوامە، مرۆڤ بە درێژایی ژیانی لە کاتی بوونییەوە تاوەکو نەمانی پێویستی بە ئاراستەکردنی پەروەردەیە و خۆیشی بە حوکمی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی پەروەردەکەی ئاراستە دەکاتەوە بۆ دەوروبەری، لە قۆناغی منداڵییش چونکە بناغەیە و ئەو بناغەیەش زۆرجار دەبێتە ئاوێنە بۆ قۆناغەکانی دیکەی تەمەنی، ئەگەر بە باشی پەروەردە نەکرا و، بە باشی ئاراستە نەکرا، بە لاڕێدا دەڕوات. سواڵپێکردن لە تەمەنی منداڵیدا ئاراستەکردنێکی خراپە لەلایەن پەروەردەکارانەوە و پەروەردەیەکی ناتەندروستە، پێویستە ئەو دایکان و باوکانە بە خۆیاندا بچنەوە، ڕاستە کۆمەڵێك بیانوویان هەیە، لەوانە هەژاری و بێکاری و نەخۆشی، بیانووەکانیان ڕاستن، بەڵام بۆ منداڵەکان نا، پێویستە دایك و باوك چارەسەرێکی باشتریان هەبێت دەکرێ بەخۆیان کاربکەن، ئەوان پێیانوایە ئەگەر منداڵەکەیان ئەوە نەکات، لە برسان دەمرن، بێ ئەوەی بیر لە داهاتووی ئەو منداڵە بکەنەوە».

ئەو ڕێنماییکارە دەروونییە، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «سواڵکردن پاڵنەرە بۆ ئەوەی منداڵەکە بیرکردنەوەکانی منداڵیی بیربچێتەوە، هاوکات ڕووبەڕووی دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبێتەوە. منداڵی سەرشەقام و بەرکار بە حوکمی ئەوەی زۆربەی کات لە دەرەوەیە، بەرکەوتنی لەگەڵ خەڵك و هاوڕێی خراپ زۆر دەبێت و لە ئاکامدا تووشی تاوانی جۆراوجۆر دەبێت، ئەو کات گەستنی پەنجەی پەشیمانی هیچ سوودێکی نابێت، وێڕای ئەوەی ئەو منداڵە ڕووبەڕووی ئازار و ناخۆشی دەبێتەوە و ڕەنگە لەلایەن کۆمەڵگەوە سزا بدرێت». گوتیشی: «دایك و باوك پێویستە بنەماکانی پەروەردە لەبەرچاو بگرن بۆ ئەوەی دیدگای خۆیان و منداڵەکانیان فراوانتر بێت، بۆ ئەوەی هەمیشە شتەکان بە بەرفراوانی ببیندرێن و بە بیرتەسکی لە کێشەکان نەڕواندرێت، چونکە منداڵ نیعمەتێکە لەژێر دەستی دایك و باوکدا و پێویستە بە جوانترین پەروەردە ئاراستەی کۆمەڵگە بکرێن و کەرامەتیان پارێزراو بێت».

**زۆرجار منداڵ بۆ فرۆشتن و ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێندرێت و دوور نییە بەو هۆیەوە خودی منداڵەکەش فێری بەکارهێنانی ماددەکە بێت**


**هێشتا بە لێشاو منداڵ لەسەر شەقام و لەناو کوچەی بازاڕەکاندا دەبینین کە لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناچار بە سواڵ، یان کارکردنی زۆرەملێ کراون**

## شانوکار عادل حەسەن بو گولان:

# بەری سەرهلدانێ شانوکار ب کەسێن شورەشگێر دهاتنە بەرچاڤ کرن

عادل حەسەن ناڤەکێ بەرنیاسە د بزاڤا شانویا دەڤەرا بەهدینا و کوردستانێ و رولەکێ بەرچاڤ هەبوویە د بەردەوام بوونا و پێشڤەچوونا بزاڤا شانویی، بەری سەرهلدانێ زێدەتر ل بیست شانوگەری ل سەردەمێ رژێما بەعس پێشکەش کرینەو سەروکێ کوما شورەشڤان یا هونەری بوویە بەری سەرهلدانێ و پشتی سەرهلدانێ و سەروکێ کومەلا هونەرمەندێن کوردستانێ لدهوکێ و ئەندامێ دەستەیا بالا یا هونەرمەندان و سەروکێ سەندیکا هونەرمەندان لدهوکێ و ئەندامێ دەستەیا بالا بوویە.

د دیدارەکێ دگەل گوڤار گولان عادل حەسەنێ شانوکار بڤی رەنگی بەرسڤا چەند پرسیارەکێت مە دا.



*** بزاڤا شانویێ نها لدەڤەرا بادینان دچ رەوش دایە ؟**

- بگور هزرا من شانووا كوردى بخوو وەك هونەر دیروكەك كەڤن نینە، چونكى شانوو بەرى میلادێ ددونیاییدا پەیدابویە و بەردەوامی دایە خو، لێ هونەرێ شانویێ لسالێن ١٩١٨ هاتیە دناڤا كوردادا و لباشورى كوردستانى ئەم دشین بێژین لسالێن ١٩٣٠ دا پەیدابویە، پەیدابونا وێژى كارەك سەرەتایى بویە و زیدەتر ل بیرهاتن و هەلكەفتا دا هاتیە بەرچاڤ كرن و لسالێن ١٩٧٠ گەشەكریە و بویە هونەر لناڤا كوردان‌دا و لسالێن هەشتێیاندا بویە زانست و گەشەكریە، ئەڤە بگشتى.

دەربارەی بزاڤا شانویێ نوكە لدەڤەرا بادینانـدا، دشێم بێژم وەك هونەر لئاستەكێ گەلەك باشدایە و وەك بینەر ئارادەكێ زور باشە، لێ وەك بەرهەم و هولێن شانویێ و پشتگیریا داراییدا نوكە لقەیرانەكا مەزن دایە.

*** وەك هونەرمەندێ شانویێ هون درازینە؟**

- نەخێر ئەم درازی نینن و گەلەك ئەگەر هەنە كو ئەم دنەرازیبین، گرنگترین ئەگەر ئەز دشێم بڤان خالێن خوارێ بكورتى دیار بكەم:

١- هونەرمەندێ شانویێ بخو یەك ژئەگەرایە، چونكى تاكو نوكە شانوو نەبویە بەشەك ژخوین و هەست و هزرا وى و شیانێن قوربانیدا نینن بو هونەرێ خو و نەشیایە ب بەرخودانەكا دژوار رابوەستیت بەرانبەر ڤێ قەیرانێ .

٢- حكومەتا هەرێما كوردستانێ یا دقەیرانەكا داراییدا دبوریت دڤان دەهـ سالین چویدا و ئەڤ قەیرانە بویە ئەگەر كو حكومەتێ ئەڤ هونەر پشتگوە هاڤێتیە و نەكەتیە دبەرنامێ وان دا و وەزارەتا رەوشەنبیری رولەكێ لاواز هەبویە ژبو بەرهنگاریا ڤێ قەیرانێ و چەوانیا سەردەربكرنێ و نەبوونا هونەرمەندێن راستەقینە دناڤا راوێژكاریا حكومەتێدا و دیسان دناڤا وەزارەتا رەوشەنبیریدا .

٣- نەبونا هولێن بچیك بو بەرهەمێن شانویێ

٤- لاوازیا هەبونا تەكنیكێن شانویێ دناڤا هولاندا .

٥- زوربەی شانوكارێن كورد چوینە دبیاڤێن دیێن هونەری، نەخاسمە دبوارێ سینەماییێ و راگەهاندن و سیاسەتێدا.

٦- گوتنەك هەیە دبێژیت بدەمن نانى و شانوییێ دێ دەمەتە مللەتەك رەوشەنبیر، چونكى نوكە شانوو نانى نادەتە شانوكارى ژبەرهندێ بیاڤێ كارێ خو گوهارتییە تاكو بشێت زاروكێن خو بخودان كەت .

٧- خەرجیاتێن وەزارەتا داراییێ بو هونەرمەندێ شانوكار زورا قەلسە، بوو نمونە : شانوكار سێ هەیڤا پروڤا دكەت تاكو شانویەكێ حازر بكەت، لێ وەزارەتا رەوشەنبیری كێمترین پارە كو مروڤ شەرم دكەت بێژیت چەندە خەرج دكەت بوو ماندیبوونا هونەرمەندى .

*** تە شانویا كوردى بەرى سەرهلدانێ چەوا ددیت ؟**

- لبەرى سەرهلدانێ شانوكارێن كورد هەردەم شانوو ب دەربرینەك شورەشگێرى ددیت و











شانوكار ب كەسێن شورەشگێر دهاتنە بەرچاڤ كرن، داگیركرنا خاكا كوردستانێ و بندەستیا مللەتێ كوردستانێ و زوڵم و زوداریا دەستهەلاتا بەعس ب مژارێن سەرەكی ین بەرهەمێن شانوییێ دهاتە دیتن، ئەڤە دبوو ئەگەر كو بینەری هەردەم شانووگەری ب پەیامنێرێ شورەشا كوردی ددیت و دهاتنە پێش شانوگەرییا تاكو بزانن كێشا كوردی و شورەشا كوردی و ستراتیجیەتا سیاسەتا كوردی بەرەڤ چ ئاراستە دچیت .

*** شانوكارێن دهوكێ هزر دفیستەڤالەكا شانوییێ یا نێڤدەولی نەكریە ؟**

- ئەڤ پرسە داباشتر بیت كو رێڤەبەریا گشتی یا رەوشەنبیری و هونەری بەرسڤ دابا، لێ بگور پێزانین من كو فیستەڤالا شانوویی یا دەولی بو پارێزگەها هەولێرێ كەتیە چونكی بگوری پلانا ستراتیجی یا فیستەڤالێن دەولی هاتینە دابەشكرن لسەر پارێزگەها، ئەڤ ڤیستەڤالە ل هەولێرێ دهێتە ئەنجامدان، لێ جهێ داخێیە ئەڤ فیستەڤالە هاتیە راوەستاندن ئەوژی ژئەگەرا نەپشتگیریا داراییە، لدهوكێ بگور پیزانینێن من كو لئەڤ سالە دبیت دیدارا شانوییێ بهیتە ئەنجام دان .

*** بیروكا بەرچاڤكرنا شانووگەرێن دەڤەرا بادینان ل سلێمانییێ چەوا چێبوو ؟**

- ئەڤە نەبیروكەكا نویە، بەلكو بەردەوام هەبویە و هاتینە ئەنجام دان، لێ ئەڤە چەند سالە لئەنجامێ رەوشا دارای ئەڤ جورە چالاكیە هاتبونە راوەستاندن، مە هەولدا كو جارەك دی ڤان جورە پەیوەندیان ساخكەینە ڤە، راستە گەلەك ئاستەنگ بوو مە چێبوون، لێ بخەمخورییا هندەك شانوكارێن سلێمانییێ و دهوكێ جارەك دی ئەڤ جورە چالاكیە ساخبونە ڤە.

مە نوكە هندەك شانوكاران وەك كەس ل(دهوكێ و هەولێری و كەركوكێ و دیار بەكر و سەقز) تورەك چێكریە كو ڤان جورە چالاكیان ئەنجام بدەین و ئەڤە چەند سالە جێبەجێ دكەین و نوكە ئەمێ هەولا ددەین كو هندەك شانوكارێن سلێمانێیی ژی بیننە دناڤ ڤێ تورێدا، واتە ئەم خو لهیڤیا سازێن حكومەتێ ناگرین تاكو ئەو خەون بهێتە ئەنجام دان .

لسالا **٢٠٢٣** مە دوو شانوگەری ژبلی لدهوكێ مە بەرچاڤكری ل دیار بكر و هەولێر و سلێمانییێ و زاخو و سێمێل بەرچاڤ كرینە و لسالا **٢٠٢٤** دی ل سەقز و كەركوكێ ژی بەرچاڤ كەین و پێچەوانەژی هەمان چالاكی هەنە.

# شەمسی کوێتی: حەزم لە جل و بەرگی شاراوە نییە

***

**بەردەوام خانمە گۆرانیبێژی کوێتی (شەمس) ڕەخنەی لێ دەگیرێت، بەهۆی دەرکەوتنی بوێرانە و لێدوانەکانی، بەڵام هەمیشە بە لێدوانی بوێرانەتر وەڵام دەداتەوە، بەتایبەتی لە وەڵامی ئەو هێرشانەی بەهۆی جلوبەرگەکانییەوە دەکرێتە سەری.**

***

شەمسی کویتی، ڤیدیۆیەکی لە ئەپڵیکەیشنی تیك تۆك بڵاو کردەوە، ئەمەش وەك وەڵامێك بۆ ڕەخنەی یەکێك لە فۆڵۆوەرەکانی، لە ڤیدیۆکەدا دەڵێت: «من جلوبەرگ بۆ خۆم دەپۆشم، حەزم لە لەبەرکردنی ئەوە جلوبەرگەیە کە شاراوە نەبێت و پیاسەکردن بەم شێوەیە".

شەمس لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ئەگەر وا بیر دەکەیتەوە کە من ورووژێنەر و سەرنجت ڕاکێشم، من تۆم نەبینیوە و ناتناسم، بۆیە سەرنجت ڕاناکێشم، دواتر خۆت دەبینیتەوە کە سێ چارەکت ورگە، وەك ئەوەی تۆ سوپەر ماریۆ بیت، کەواتە بۆچی سەرنجت ڕابکێشم؟"

لە کۆتایی ڤیدیۆکەدا شەمس گوتیشی: «ئەگەر بمەوێ سەرنجی کەسێك ڕابکێشم دەبێ جوان و ڕێك بێت، کەسێك تاقی دەکەمەوە کە هەموو دنیا بهێنێت، کە فڕۆکە و کەشتییەکانی لە بەندەر و فڕۆکەخانەکان وەستا بن و جیهان بە ناوی سەرسام بن».

شەمس سەبارەت زیادەڕۆیی لە خەرجکردنی پارە دەڵێت: «من پێشتر خەرجیم زیاد لە پێویست بوو و چێژێکی زۆریشم لێ وەردەگرت، جاری وا هەبوو بۆ ژەمی ئێوارە یان خواردنی ئایس کرێم دەچوومە پاریس، تەنیا خەرجی فڕۆکەکانم لە سەد هەزار دۆلار زیاتر بووە، ئەگەر ئەو پارانەی لە شتی بێ مانا و چێشتخانەکان لە زیادە خەرجم کرد، دەمتوانی وڵاتێکی پێ بکڕم».

شەمس پێشبینییەکانی خۆی بۆساڵی ٢٠٢٤ بەم شێوەیە خستەڕوو، کە دەڵێت:

«من بۆ ئەمساڵ گەشبین نیم، پێموایە لەمساڵ بەدواوە جیهان دابەش دەکرێت بە سەر دوو لایەندا، کۆیلە و سەردەستە، کە پشت دەبەستێت بە دوانەی خێر و شەڕ، نێر و مێ ڕەش و سپی، ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە هەر دوو هەزارساڵێك دووبارە دەبێتەوە و پێی دەڵێن چاخی سەتڵ، ئەمانەش لێکدانەوەی فەلەکی و زانستین و ئەو دوو هەزار ساڵەی کە باسم کرد، لە دوو هەزار و بیست و چوار دەست پێدەکات، کە تێیدا پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیای ترسناك و خیرا ڕوو دەدەن، ئەو کەسەی کە ملیارێکی هەبێت دەبێتە کەسێکی ئاسایی و تەنانەت لەمساڵیشدا سەروەت و سامانی زۆر زۆر ئاشکرا دەبن و دەدۆزرێنەوە».



## ڕەوشەن چەلکەر:

# زۆر گرنگە ئافرەتی کورد لە ڕێگەی هونەرەوە پەیامی خۆی بگەیەنێت





ڕەوشەن چەلکەر لە شاری بەدلیسی باکووری کوردستان لە دایکبووە، خوێندنی بەشی ڕاوێژکاریی کۆمەڵایەتیی لە ئەنقەرە تەواو کردووە، لە بواری میوزیکدا شارەزایی لە کەمان و ڤیولیندا هەبووە و لە ئەرمینیا و جۆرجیا بەشداریی لە چەندین چالاکی و فیستیڤاڵی هونەریدا کردووە، موزیکی بۆ ژمارەیەك فیلم و زنجیرە درامادا داناوە.

ڕەوشەن کە خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لە بواری گۆرانی و موزیکدا، سەبارەت بە هونەرمەندە گەنجەکان دەڵێت: «پێویستە هونەرمەندە گەنجەکانمان کار بکەن بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، چونکە بە کۆڵنەدان و کارکردن دەتوانن پاشەڕۆژی هونەریی خۆیان دابین بکەن، لەم ساڵانەی دواییدا، هونەر گۆڕانکاریی زۆری بەخۆیەوە بینیەوە، هیوادارم پەلە نەکەن، چونکە سەرکەوتن کاتی دەوێت»، ڕەوشەن سەبارەت بە بوونی ئافرەتی کورد لە گۆڕەپانی هونەردا دەڵێت: «سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی، بەڵام ئافرەتی کورد توانیویەتی بەردەوام لە بواری هونەردا پێگەی هەبێت، گرفتەکان پەیوەندیی بە کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، کە ئەمەش وای کردووە ئافرەت بە دوودڵییەوە بێتە نێو هونەر، بۆیە پێویستە ئافرەتی کورد کۆڵنەدات و لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە دەنگی خۆی بگەیەنێت وەك ئافرەتێك، لە هەمان کاتدا خزمەتیش بە هونەری کوردی بگەیەنێت، من خۆم سوودم زۆر لە ئەزموونی خانمە هونەرمەندان وەرگرتووە و بەردەوام گوێ لە گۆرانییەکانیان دەگرم، بەتایبەتی مەریەم خان، ئایشەشان، مەرزییە فەریقی، لەیلا فەریقی و چەندین خانمە هونەرمەندی دیکە».

# دونیا بەتمە: قوربانیی پیلانێکی گەورەم



خانمە هونەرمەندی مەغریبی (دونیا بەتمە) تۆمارێکی ڤیدیۆیی لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە ئینستاگرام بڵاو کردەوە، کە تێیدا دەرکەوت بە کوڵ دەگری و ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات، باسی ئەوەش دەکات کە ئەو قوربانیی پیلانێکی دارێژراوە.

گریانەکەی دونیا باتما دوای چەند کاتژمێرێك دێت لە ڕەتکردنەوەی دادگای مەغریب، بۆ ئەو تانەیەی پێشکەشی کردبوو لەو دۆسێیەی کە بە دۆسیی حەمزە مون بیبی ناسراوە.

دۆنیا باتما لەو گرتەیەدا دەڵێت: «من بوومەتە قوربانیی پیلانێکی گەورە، من باسی وردەکارییەکان ناکەم، بەڵام خودا لە سەروویە، و ئەو مافەکانی من وەردەگرێت.. ڕاستییەکان بە تێپەڕبوونی کات ئاشکرا دەبن، زۆر شتی دیکەیش دەدۆزریتەوە دەربارەی خراپەکاریی هەندێك کەس کەچاڵت بۆ هەڵدەکەنن و ناپاکیت لێ دەکەن، سوپاس بۆ خودا، هەوڵم دا نەگریم، بەڵام نەمتوانی، چونکە منیش مرۆڤم».

دۆسێکە چەند ساڵێك لەمەوبەر بڵاو بووەوە، دوای ئەوەی کەسێکی نەناسراو ئەکاونتێکی لە ئەپڵیکەیشنی سناپچات دروست کرد، کە لە ڕێگەیەوە هونەرمەندانی مەغریبیی دەکردە ئامانج و چەندین بابەتی نەشیاوی لەسەریان بڵاو دەکردەوە، ئەمەش مشتومڕێکی گەورەی لەو وڵاتەدا درووست کرد، دواتر دونیا باتما و خوشکەکەی (ئیبتیسام) تۆمەتبارکران بە بەڕێوەبردنی پەیجەکە، کە بووە هۆی زیندانیکردنیان بۆ ماوەی ساڵێك.

فۆڵۆوەرەکان ڤیدیۆی دونیایان بڵاو کردەوە و کۆمێنتەکانیان جیاواز بوو، هەندێکیان بە کاریگەریی گریانەکەی پشتگیریيان کردووە، بەڵام بەشێکی دیکە هێرشیان کردووەتە سەری، هەندێك لە کۆمێنتەکان بریتی بوون لە (بەخوا ئەوەی تۆ دروستت کردووە کەس ناتوانێت بیکات، ئەوەی ڕووی دا سزایەکە بۆ ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی ئیرەیی لێت، هەمیشە لە بیرت بێت، بژێویی ژیان وەك کێك وایە، هەرکەسێك لەتێکی لێ دەخوات، جیاوازییەکە تەنیا لە قەبارەکەیدایە، دڵتان پاك بکەنەوە).

دوای چەند مانگێك لێکۆڵینەوە، دەسەڵاتی دادوەریی مەغریب سزای هەشت مانگ زیندانیی بەسەر دونیا و، ئیبتیسامی خوشکی بە ساڵێك زیندانی سەپاند، هەروەها گەشتی دەرەوەی وڵاتیشی لێ قەدەغە کرا، و لەژێر چاودێریی دادوەریدا مایەوە.

تەرزە مزەفەر

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی تەق تەق:

# هەر وەرزشێک زەحمەتی خۆی هەیە، بەڵام خۆشەویستی بۆ یاری وا دەکات ماندوو بوونت بیر بچێتەوە

ناحیەی تەق تەق یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کە گرنگیی زۆر بە یاریی تۆپی باڵەی کچان دەدات، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو شارۆچکەیە ڕکابەری سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستانن لەم یارییەدا، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی تەق تەقیش گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لەسەر ئاستی کچان، کچانی تەق تەق لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان (تەرزە مزەفەر رەحمان)ـە، کە لەدایك بووی ساڵی ٢٠٠٣ی قەزای کۆیەیە و قوتابیی فاکەڵتی وەرزییە لە زانکۆی کۆیە، بۆ هەردوو یانەی کۆیە و تەق تەق یاریی کردووە، ئێستاش لەگەڵ یانەی تەق تەق بەردەوامە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی



● چۆن بوو بڕیارت دا بێتە نێو یاریی باڵە؟

- هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووم بۆ وەرزش هەبوو و وەرزشی دیکەم تاقی کردووەتەوە، بەڵام زیاتر خۆم لە یاریی باڵەدا دۆزیوتەوە و دەمەوێ لەو یارییەدا ئاستی خۆم بەرەو پێش ببەم.

● ئایاهە بەوە دەکەیت کە وەرزشێکی زەحمەت ئەنجام دەدەی؟

- بێگومان هەر وەرزشێك زەحمەتی خۆی هەیە، بەڵام خۆشەویستی بۆ یاری وا دەکات کە ئەو زەحمەت و ماندوو بوونەت بیر بچێتەوە.

● چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟

- کردنەوەی خولی زیاتر بۆ ئەوەی یاریزانەکان ئەو ئاستە باشەی کە هەیانە نیشانی بدەن.

● گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینیت؟

- تەرخان نەکردنی بودجەیەکی تەواو لەلایەن یانەکانەوە کە بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین گرفت.

● ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینیت لە کوردستان؟

- بە خۆشحاڵییەوە ئێستا لە ئاستێکی باشدایە و هیوادارم لە داهاتوو باشتریش بێت و گیروگرفتەکانیش چارەسەر بکرێ.

● بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟

- بەنیازم زیاتر هەوڵی خۆم بدەم بۆ ئەوەی بگەم بەو خەونەی کە هەمە.

● هیچ گرێبەستێکت پێشکەش نەکراوە لەلایەن یانەکانەوە؟

- لە ئێستادا نەخێر بۆم نەهاتووە.



● بۆچی ئافرەتان بە کەمی ڕوو لە وەرزش دەکەن؟

- بە بۆچوونی من هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگە ڕێگرە لە بەردەمییاندا، و نەبوونی حەز و خولیای خانمانیش بۆ وەرزشکردن لایەنێکی دیکەی بابەتەکەبە.

● پێشنیار و داواکاریت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟

- داواکارم گرنگییەکی زیاتر بدرێ بە یاریی باڵەی کچان، وە زیاتر کردنەوەی خولەکان بۆ ئەوەی هەلی زیاتر بڕەخسێ بۆ یاریزانەکان.

● خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟

- خەونم ئەوەیە کە یاریی باڵە لە ئاستێکی زۆر باشدا ببینم و ببمە یەکێك لە پاڵەوانەکانی عێراق.

● پلانت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو وەرزشکارێك؟

- پلانم ئەوەیە کە هەوڵێکی زۆر باش بدەم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

● پاڵەوان بوون لای تۆ چی دەگەیەنێ؟

- پاڵەوان بوون واتە گەیشتن بە ئامانجەکەت.

● حەز ناکەیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك لە یاریزانەکانی بیت؟

-بەڵێ بە دڵنیاییەوە بەهیوام بە زووترین کات دابمەزرێ.

● ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکەن.







# تیمۆ ڤێرنەر گەڕایەوە خولی ئینگلیزی

تیمۆ ڤێرنەری ئەڵمانی گەڕایەوە خولی ئینگلیزی و ئەمجارە لە دەرگای تۆتنهام خولەکە تاقی دەکاتەوە. هێرشبەرە ئەڵمانیەکە پێشتر کاتێک لە ساڵی ٢٠٢٠ لایپزیگی بەجێهێشت و ڕوویکردە ئینگلتەرا، لەگەڵ چێلسی چانسی خۆی تاقی کردەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو تا ساڵی ٢٠٢٢ گەڕایەوە ئەڵمانیا وا جارێکیتر لە ڕێگەی تۆتنهامەوە پەیوەندی بە خولی ئینگلیزیەوە دەکات.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ڤێرنەر بە خواستن و پەیوەندی بە تۆتنهام کردووە، بەڵام بژاردەی کڕین لە گرێبەستەکە هەیە. لەئەگەری کڕینی هەمیشەیی ئەوا نرخەکە بە ١٧ ملیۆن یۆرۆ دیاری کراوە.

# کوردێک چووە خولی ئینگلیزی

یاریزانێکی کورد بەفەرمی چووە یانەی برێنتفۆردی ئینگلیزی و لە خولی ئینگلیزی یاری دەکات.
یونس ئێمری کۆناک یاریزانی لاوی کورد، کە لە یانەی سیڤاسپۆری تورکی یاری دەکات، لەگەڵ یانەی برێنتفۆردی ئینگلیزی گەیشتووەتە ڕێککەوتن و پەیوەندی بەو یانەیە دەکات.
کۆناک تەمەنی ١٨ساڵە و لە هێڵی ناوەڕاست یاری دەکات.
کۆناک لە بۆرسەی یاریزانان نرخی ملیۆنێک و ٨٠٠ هەزار یۆرۆیە و بەبڕی ٣,٥ ملیۆن یۆرۆ ڕوو لە یانەی برێنتفۆردی ئینگلیزی دەکات، بەمەش ئەو کوڕە کوردە دەبێتە گرانبەهاترین یاریزان لە مێژووی یانە تورکیەکە.
کۆناک ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری باتمان لە باکوری کوردستان لە دایکبووە تاوەکو ساڵی ٢٠١٨ لە لاوانی باتمان یاریکردووە و پەیوەندیی بە یانەی سیڤاسپۆر کردووە ساڵی ڕابردوو ئەو کوڕە کوردە بانگهێشتی هەڵبژاردەی خوار ١٨ ساڵانی تورکیا کرا و دوو یاری بە درێسی هەڵبژاردەکە کردووە.



# ئەستێریەکی ئیتاڵی چووە خولی تورکی



لیوناردۆ بۆنۆچی و فەنەرباخچەی تورکی گەیشتنە ڕێککەوتن و ئەو یاریزانە خولی ئەڵمانیا جێهێشت.
بەپێی ڕۆژنامەکانی تورکیا، فەنەرباخچە ڕێککەوتنی کردووە لەگەڵ یونیەن بەرلین بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەرگریکارە ئیتاڵییەکە بەگرێبەستێکی ئازاد، کە تەنها تا یۆنیۆی ئەم ساڵ دەخایەنێت، پەیوەندی بە یانە تورکیەکە دەکات.
بونۆچی مانگی سێپتەمبەری ڕابردوو لە دوای یۆڤەنتوس پەیوەندی بە یانەی یونیەن بەرلین کرد و لە نۆ یاریدا گۆڵێکی تۆمارکرد.

# سۆران ڕاهێنەرێکی تازەی هێنا

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران لە کۆی ئەنجامدانی ١٤ یاری لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، خاوەنی ١٤ خاڵە و لە پلەی سێزدەیەمی خولەکە دێت، ئاست و ئەنجامی تیپەکە لەم وەرزە وەکو پێویست نەبووە لە خولی نایابی کوردستان، یانەکە لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکاریی تەواوە بۆ یارییەکانی داهاتوو، هەر چەندە ڕاهێنەری یانەکە کۆڤان نەزمی و زانا محەمەدی یاریدەدەری ڕاهێنەر وازیان لە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەکە هێنا، کارگێڕیی یانەکە لە شوێنی ئەوان سەرەتا لەگەڵ کاپتن بژار ئەکرەم ڕاهێنەری پێشووی یانەی مەخمور لە گفتوگۆدا بوو، دواتر یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری سووری (یونس سلێمان) واژوو بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە یارییەکانی داهاتووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەکە جگە لەم ڕاهێنەرە، گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێکیش مۆرکردووە، لەوانەش (فەرمان عوسمان لە یانەی سەید ساددق، عەلی جومعە لە یانەی قاسمی خولی عێراقی، محەمەد هاوار لە یانەی هەندرێن) یانەکە دەیەوێت لە قۆناغی دووەمدا تیپەکە بە شێوەیەکی باشتر هەڵبسێنێتەوە.





## خاک خۆی بەهێز دەکاتەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی خاك، ئەم وەرزە بەشداریی کردووە لە یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەکەش دەیەوێت ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێنت، بەڵام لەم قۆناغەدا ئاست و ئەنجامی تیپەکە وەکو پێویست نییە، هەر بۆیە کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ دارا محەممەدی کوڕی شارەکەی و ڕاهێنەری پێشووی یانەی بازیان واژوو کرد، بۆ ئەوەی تیپەکە ببەنە قۆناغێکی باشتر، لەم بارەشەوە دارا محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی خاك واژوو کردووە، بەهۆی بارودۆخی خێزانیم بۆ من شاری کەرکووك لە هەموو شوێنێك باشترە، یانەی خاك لەم کات و ساتەدا پێویستی بە من بوو، بۆیە منیش بەوپەڕی ئامادەباشییەوە دەمەوێ یانەی خاك بیگەڕێنمەوە شوێن و مەکانەتی خۆی لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لە بارەی هەبوونی گرێبەست لە خولی پلە نایابەکانیش دارا محەممەد گوتی: «چەند یانەیەك داوای سەرپەرشتی کردنیان لێکردووم، بەڵام بەهۆی بارودۆخی خێزانی و منداڵەکانم نەمتوانی ئەرکی هیچ یانەیەك لە ئەستۆ بگرم، بەڵام گەورەیی یانەی خاك و ئەنجامە خراپەکانی ئێستای، وای کردووە کە بەوپەڕی ئامادەباشییەوە تیپەکە لە ئەستۆ بگرم و بتوانین پشتیوان بە خوای گەورە تیپەکە بگەڕێنینەوە شوێن و مکانەتی خۆی، بە هەموو جۆرێك کار بۆ سەرخستنی یانەکە دەکەین و ئەوەی لەتوانامان بێت کەمتەرخەمی ناکەین بۆ بەرز کردنەوەی ناوی یانەی خاك، جگە لەوەش یانەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ فەرحان شوکری گۆڵکاری یانەی کەرخ مۆرکردوە و ئێستا گەڕاوەتەوە کەرکووك بۆ بەرگری کردن لە درێسی یانەی خاك».

## هەولێرییەک ئافرەتانی دهۆک دەکاتە پاڵەوان

تیپی تۆپی فوتساڵی ئافرەتانی دهۆك ئەم وەرزە گرێبەستیان لەگەڵ ستافێکی فوتساڵی شاری هەولێر واژوو کردووە، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لە سەر ئاستی کوردستان لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە مەزن محەممەد وەکو بەڕێوەبەری تیپ خۆی و یاریزانەکانی لە دهۆك دەبن، بۆ ئەوەی کچانی دهۆك بکەنە یەکەمی کوردستان و عێراقیش، لە دوو یاریی ئەم خولەشدا دوو سەرکەوتنیان بەرامبەر کچانی سۆران و کچانی خەلاتی پێنجوێن بەدەست هێناوە و چاویان لە ئەنجامی گەورەیە لە خولەکەدا، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «زۆر دڵخۆشم لەگەڵیان، چونکە کارگێڕییەکی وەرزشی و کارەکانی ئێمەیان جێبەجێ کرد، ئەوانیش دڵخۆشن بە هەبوونی ئێمە لە دهۆك و بە هەموو لایەك پشتی تیپەکە دەگرن، ئێمە بەردەوام ئەنجامان دڵخۆشکەر بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و، گەشبینین کە ئەمساڵ جامەکە دەهێنینەوە شاری دهۆك و منیش وەك ڕاهێنەر چاوم لە ئەنجامی گەورەیە»، مەزن محەممەد گوتیش: «بەداخەوە چاوەڕێ بووم لە هەولێر ڕێزم لێ بگیرێ، بەڵام سەرباری ئەو هەموو ئەنجامە باشە، کەچی لە شاری خۆشم جێگەم نەبووە و خۆم و یاریزانەکانم لە دەرەوەی هەولێر پەرە بە وەرزش دەدەین، زۆر گلەییم لە بەرپرسانی وەرزشیی شاری هەولێر هەیە کە هیچ پشتگیرییمان ناکەن، ئێستا هەڵبژاردەی عێراق درووست کراوە و زۆربەی کچەکانی کوردن و یاریزانی ئێمەن، کەچی ئێمەیان لە ستافی ڕاهێنەران دانەناوە و عەرەبێکیان کردووەتە ڕاهێنەر ئەوەش غەدرە لە شاری هەولێر دەکرێت».





# کەمبوونەوەی شلەی لەش لە زستاندا

گەلێك کەس پێیان وایە کە کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydra-tion لە وەرزی ساردی زستاندا ڕوو نادات، بەڵام لە لایەنی زانستییەوە مەسەلەکە پێچەوانەیە و لەوانەیە کە لە ساردترین کاتەکانی زستاندا کەمبوونەوەی شلەی لەش لەبەر چەند هۆکارێك ڕوو بدات، کە هەندێك جاریش مەترسی دەخاتە سەر تەندروستی. هۆکارە هاندەرەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش لە وەرزی زستاندا: زیاد مانەوە لە ژوورەکان بە ئاستی بەرزی گەرمیی ناوماڵ، کە هۆکارە بۆ وشکبوونی هەوای ژوور و ونکردنی شلەی لەش، پۆشینی زۆری جلوبەرگی گەرم، کە ئەگەری ئارەقەکردن زیاد دەکات، هەروەها کەم خواردنەوەی ئاو و شلەمەنییەکانی دیکە هۆکارێکی هاندەری دیکەن بۆ کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، لەوکاتەی کە پێویستیی ڕۆژانەی خواردنەوەی ئاو لە وەرزی زستاندا بۆ پیاو بریتییە لە ٨-١٠ پەرداخ، بۆ ئافرەتیش ٦-٨ پەرداخ. لە وەرزی زستاندا، هەستکردن بە تینووبوون وەکو وەرزی هاوین بەهێز نییە، کە ڕێژەی ئارەقەکردن زۆرە، بەڵام لە کەشی ساردی زستانیشدا ئاو ون دەبێت لە ڕێگەی ئەو هەڵمەی کە لەگەڵ هەناسەدانەوەدا دێتە دەرەوە. لە لایەکی دیکەوە هەستکردن بە تینووبوون نیشانەی سەرەتای کەمبوونەوەی شلەی لەش نییە، بەڵکو پاش چەند نیشانەیەك ئینجا سەر هەڵدەدات. نیشانەکانی کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش: سەرئێشە، ورووژانی نۆری سەرئێشە لە تووشبووانی شەقەسەردا، وشکبوونی دەم، وشکبوونی پێست، سەرسووڕان، هەستکردن بە بێهێزی و بێ وزەیی، گرفت لە تەرکیزکردندا، هەروها لە حاڵەتەکانی توندی کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەشدا نیشانەی دیکە بەدی دەکرێن، کە مەترسی دەخەنە سەر ژیانی تووشبوو وەکو شێوان، لەهۆشچوون و هێدمە Shock، خێرابوونی لێدانەکانی دڵ و هەناسە.

# کاربۆهیدرات و دابەزاندنی کێشی لەش

پسپۆڕانی تەندروستی جەخت دەکەنەوە کە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بە شێوەیەکی تەندروست، هەرگیز پێویست ناکات کە کاربۆهیدرات بە تەواوی لە خۆراکی ڕۆژانەدا دووربخرێتەوە، بەڵکو کەمکردنەوەی کالۆری گشتیی ڕۆژانە هاوکات لەگەڵ خواردنی بڕێکی هاوسەنگ لە کاربۆهیدراتی تەندروست کە بڕەکەی لە نێوان ١٨٠-٢٦٠ گرامدا بێت لەگەڵ پرۆتین و چەوریدا، هاندەر دەبێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بە شێوەیەکی تەندروستییانە، بە مەرجێك بڕی کالۆریی وەرگیراو لە خۆراکی ڕۆژانەدا بۆ پیاو لە نێوان ١،٢٠٠-١,٦٠٠ کالۆریدا بێت و بۆ ئافرەتیش لە نێوان ١،٠٠٠- ١،٥٠٠ کالۆری، بەم شێوەیە واتە کەمکردنەوەی تەنیا ٥٠٠ کالۆری لە خۆراکی ڕۆژانەدا هاندەرە بۆ دابەزاندنی نزیکەی نیو کیلۆگرام کێشی لەش، هەروەها کەمکردنەوەی ١،٠٠٠ کالۆری لە خۆراکی ڕۆژانەدا هاندەرە بۆ کەمکردنەوەی نزیکەی یەك کیلۆگرام کێشی لەش، ئەوە ڕوونە کە بڕی زیادی کاربۆهیدرات لە خۆراکی ڕۆژانەدا کە زیاتر بێت لە ٦٥٪ی کالۆری ڕۆژانە، کرداری دابەزاندنی کێشی لەش سەخت دەکات و لەوانەشە کە ببێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش، چونکە کاربۆهیدرات هاوشێوەی پرۆتین هەستی تێربوون پەیدا ناکات و بڕێکی زیادی کالۆری بە خێرایی دەداتە لەش. پسپۆڕان ئاماژەیان بەوەش کردووە کە بە مەبەستی دابەزاندنی کێشی لەش، خۆراکی کاربۆهیدراتی دەوڵەمەند بە ڕیشاڵ Dietary fiber باشترین هەڵبژاردەیە، بۆ نموونە پاقلەمەنییەکان، تۆوەکان، دانەوێڵەی تەواو، سەوزە و میوەکان، لەگەڵ کاکڵەکانی وەکو گوێز، باوی، کازو، فستق، بندق..تاد.





# هۆکارەکانی هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان

هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان Rheumatoid arthritis نەخۆشییەکی درێژخایەنە کە سیستمی بەرگریی لەش پەلاماری خانە تەندروستەکانی لەش دەدات و دەبێتە هۆی پەیدابوونی هەوکردن لە لەش و جومگەکاندا. لە قۆناغی سەرەتای نەخۆشییەکەدا، ئازار لە جومگەی دەستەکانەوە دەست پێدەکات، لەگەڵ مەچەك و ئەژنۆکان، ئەگەر حاڵەتەکە چارەسەرنەکرێت ئەوا گرفتی زیاتر بۆ جومگە گەورەکانی وەکو ئانیشك و ئەژنۆ پەیدا دەکات. ئەگەرچی تا ئێستا هۆکاری تەواوی تووشبوون بە هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان نەزانراوە، بەڵام هەندێك هۆکاری هاندەر دەستنیشان کراون، کە ئەگەری تووشبوون زیاد دەکەن.

توێژەران گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بۆماوە و هۆکارە هاندەرەکانی دەوروبەر ئەگەری تووشبوون زیاد دەکەن لە هەر تەمەنێکدا، بەڵام نزیکەی ٥٠٪ی حاڵەتەکان لە تەمەنی سەرووی ٦٥ساڵیدا بەدی دەکرێن، هەروەها ئافرەت دوو تا سێ هێندەی پیاو ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشییەکە لێ دەکرێت.

هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان: بوونی مەیلی خێزانی بۆ تووشبوون بە هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان، جگەرەکێشان کە ئەگەری تووشبوون تا دوو هێندە بەرز دەکاتەوە، قەڵەوی کە ڕێژەی زۆری چەوریی لەش هۆکارە بۆ پەیدابوونی پرۆتینەکانی هەوکردن بە ناوی سایتۆکاینەکان Cytokines کە ئەگەری هەوکردن لە جومگەکاندا زیاد دەکەن، هەروەها سترێس کە دەبێتە هۆی ڕوودانی کاردانەوەی لەڕادەبەدەری سیستمی بەرگریی لەش.





# ئەو خۆراکانەی ئەگەری بەردی گورچیلە زیاد دەکەن

خۆراکی جیاواز کاریگەریی جیاواز دەکەنە سەر گورچیلەکان و هەندێکیان ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە زیاد دەکەن، بەتایبەتی ئەگەر بە بڕی زیاد بخورێن و هاوکات بێت لەگەڵ کەم خواردنەوەی ئاو یان شلەمەنییەکانی دیکەدا. بەردی گورچیلە Kidney stones بریتییە لە بارستەی چەند کانزا و خوێیەك لە ناو شانەکانی گورچیلەدا، چەند ماددەیەکی کیمیایی لە هەندێك خۆراك و شلەمەنیدا دەبنە کریستال و یەك دەگرن، دەرئەنجام بەردی گوچیلە دروست دەبێت. ئەو خۆراك و شلەمەنییانەی کە ئەگەری دروستبوونی بەردی گورچیلە زیاد دەکەن بریتین لە: شیرینکارە دەستکردەکان Artificial sweeteners کە بۆ شیرینکردنی چێژ لەجیاتی شەکر لە گەلێك خۆراك و شلەمەنیدا بەکاردێن، وەکو سۆدای دایێت، نان، میوەی قوتووکراو، شیرەی شوکولاتە، میوەی وشککراوە، شوفان، ماستی چێژکراو، هەروەها سپۆرت درینك Sport drinks، بڕی زیادی خوێ لە خۆراکدا، گۆشتی سوور، خواردنەوە کاربۆنکراوەکان (گازدارەکان) وەکو بیبسی و کۆلا، بڕی زیادی شیرەمەنییەکان کە ڕێژەیەکی بەرزی کالسیۆم لەخۆدەگرن، خۆراکی دەوڵەمەند بە ئۆکزالەیت وەکو چەوەندەر یان سپێناغ لەگەڵ کاکڵ و چەرەزات، پەتاتەی سوورکراوە لە ڕۆن، جیبسی پەتاتە، خۆراکی دەوڵەمەند بە پرۆتینی ئاژەڵی، شەربەتی دەستکردی میوە یان شلەمەنییە شیرینکراوەکان، بەکارهێنانی بڕی زیادی ڤیتامین C یان زیاد خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامین C، زیاد خواردنی ماسیی ساردین، هەروەها بڕی زیادی شلەمەنییە کافئینییەکانی وەکو قاوە، چای، کاکاو، سۆدا، یان خواردنەوە وزەبەخشەکان.

# کاتژمێری بایۆلۆژی چییە؟

ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی لەش Circadian rhythm بریتییە لە پرۆسەیەکی سرووشتیی لەش کە کاتەکانی نووستن و بیداربوونەوە ڕێك دەخات. ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی، زۆر جار بە کاتژمێری ناوەوەی لەش ناوزەد دەکرێت، کە بەردەوام سووڕی ٢٤ کاتژمێری ڕێك دەخات لە کاتی نووستن، کاتی بیداربوونەوە، کاتی خواردن..تاد؟ هەروەها لە کەسەکاندا جیاوازیی هەیە و کەوووەتە ژێر کاریگەریی بۆماوە(جینەکان) و چەند فاکتەرێکی دەرەکی، تەنانەت تێکچوونێکی بچووك لە ڕۆتینی ڕۆژانەدا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی، بەڵام دەتوانرێت بە ئەنجامدانی چەند گۆڕانێك لەم ڕۆتینەدا ڕیتمەکە دووبارە (ریسێت) یان ڕێك بخرێتەوە. ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی چۆن کاردەکات؟ ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی واتە سووڕی ناوەوەی لەش کە لە ماوەی هەر ٢٤ کاتژمێردا دەست پێدەکات و خامۆش دەبێتەوە بە کاردانەوە بەرانبەر بە ڕووناکی و تاریکی، ئەم سووڕە گەلێك کرداری لەش کە پەیوەستن بە چالاکیی ڕۆژانەوە بەڕێوە دەبات، کە سووڕی خەو و بیداربوونەوەش Sleep-Wake cycle دەگرێتەوە. ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژی لەژێر کۆنترۆڵی بەشێکی مێشکدایە، گرنگیی زۆری هەیە بۆ فرمانی دروستیی مێشك و لەش، بۆنموونە نوێبوونەوە و ئامادەکردنی وزە، هاندانی فێربوون و خەزنکردنی بیرەوەرییەکان، هاندانی دروستبوونی بەرگریی لەش، هاندانی بەرهەمهێنانی هۆرمۆنەکان، ڕێکخستنی ئارەزووی خواردن و هەرسکردنی، ڕێکخستنی پلەی گەرمیی لەش، بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و خێرایی کاردانەوەکان، هەروەها کاریگەریی هەیە لەسەر کۆلیستیرۆڵ و ئاستی شەکر لە خوێندا، لەگەڵ ڕێکخستنی سووڕی جێگیری خەو و بیداری.



# هەناسەتەنگی لەکاتی پیادەڕۆییدا

هەناسەتەنگی Dyspnea بریتییە لە هەستکردن بە ناڕەحەتی لە هەناسەدا، لەوانەیە تیژ بێت کە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك تا چەند ڕۆژێك بەردەوام بێت، یان درێژخایەن، واتە بۆ ماوەی ٤-٨ هەفتە بەردەوام بێت. هۆکارەکانی هەناسەتەنگی لەکاتی پیادەڕۆییدا بیتین لە: ڕەبوو، قەڵەوی، نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ سینگ ئێشەیەکی توند، نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ Heart arrhyth-mia، هەوکردنی شانەی سییەکان کە هەناسەتەنگی هاوکات دەبێت، لەگەڵ تەنکبوون و خێرابوونی هەناسە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەشدا، نەخۆشیی درێژخایەنی کۆئەندامی هەناسە، کە دەبێتە ئەگەری تەسکبوونەوەی ڕێڕەوەکانی هەناسە COPD کە هاوکاتە لەگەڵ ویزەی سینگ و بێهێزبوونی ماسوولکەکان، شێرپەنجەی سییەکان، هەستەوەیی قورگ و کۆئەندامی هەناسە، جگەرەکێشان، پەستی، کەمخوێنی، هەروەها بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. ڕێنمایی پسپۆڕان بۆ حاڵەتەکانی هەناسەتەنگی لەکاتی پیادەڕۆییدا بیتین لە: هەناسەوەرگرتنی لەسەرخۆ لە ڕێگەی لووت و، هەناسەدانەوە لە ڕێگای دەم، هاوکات لەگەڵ خاوکردنەوەی ماسوولکەکانی مل و شانەکان بەمەبەستی هاندانی فرمانی ناوپەنچك بۆ سووککردنی کرداری هەناسە، بەڵام ئەگەر بەم هەنگاوانە هێشتا هەناسەتەنگیی لەکاتی پیادەڕۆییدا بەردەوام بوو، ئەوا پێویستە بە سەردانی دکتۆر دەکات بۆ دۆزینەوەی هۆکاری هەناسەتەنگی و چارەسەرکردنی.



# کامێرایەک لە دیزاین و کاراییدا ناوازە



بە پێشکەوتنی مۆبایلە زیرەکەکان، ڕۆڵی کامێرا لە کزیدا، چونکە کامێرای مۆبایلەکان هەموو ئەرکەکانی مۆبایلێکی پیشەیی ئەنجام دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کامێرا هەن، بەهۆی بچووکیان و ئاسانهەڵگرتنیان کارایی خۆیان لەدەست نەداوە و وەك کامێرایەکی پیشەیی سوودیان لێوەردەگیرێت.

کامێرای جۆری 4K Moza Moin Camera یەکێکە لەو کامێرایانە. بەرهەمی کۆمپانیایەکی چینییە. لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە. هەم کامێرایە و هەم (گەیمباڵ)ە. گەیمباڵ بەو ئامێرە دەگوترێت کە لە دوورەوە کامێرای پێ کۆنترۆڵ دەکرێت. کامێراکە دەکرێت ڤیدیۆیی 4K پێ بگیرێت. بۆ وێنەش بە فۆرماتی JPEG وێنە هەڵدەگرێت. لەکاتی فیلم هەڵگرتنەوەدا، حاڵەتەکانی شوێن کەوتنی سووژە، دیاریکردنی ڕوخسارەکان و پانۆرامای هەیە. پێچەوانەی گشت کامێرا گەیمباڵەکان، لەخۆیدا شاشەی هەیە و پێویستی بە شاشەی دیکە نابێت. شاشەکەی ٢,٤٦ ئینجە. بەهۆی سیتسەمی وای-فای و بلوتوسەوە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێت. کێشی تەنیا ١٧٦ گرامە.

# ڕۆبۆتی کامێرای چاودێری

کامێرای چاودێری بەگشتی لە شوێنێك بە جێگری دانراون، بەڵام کامێرای جۆری Appbot Riley CCTV ڕۆبۆتێکی بچووکە بۆ هەموو شوێنێك دەڕوات و لە هەر شوێنێك هەست بەوە بکات جێگای گومانە فیلم و وێنە دەگرێت. لە شوێنێك جیگیر نییە، کامێراکە زیاتر بۆ ماڵەوەیە بۆ چاودێری گیاندارانی ماڵەوە و هەروەها بۆ منداڵەکان. دایك و باوك کاتێك دەڕۆنەوە دەرەوە نیازیان هەیە چاودێری منداڵەکانیان بکەن و منداڵەکان بۆ هەر شوێنێك بچن ڕۆبۆتە چاودێرەکە بەدوایان دەکەوێت. ئەگەر لەکاتی ڕۆیشتنیدا بکەوێتە خوارەوە، خۆکار خۆی هەڵدەسێتەوە، لە کاتی کەمبوونەوەی شەحنیشدا خۆکار دەچێتە شوێنی شەحنکردنەوە و خۆی شەحن دەکاتەوە.

کامێرای ئاماژە پێدراو لە شوێنی تاریکیشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. چونکە سیستەمی کامێرای شەوی تێدایە. بەکارهێنەر لە دوورەوە لە ڕێگای مۆبایلەوە کۆنترۆڵی دەکات و بە ویستی خۆی بۆ ژوورەکانی ماڵەوە دەینرێت. هەروەها کامێراکەش بە ٣٦٠ پلە دەسوورێت.



# دووربین و کامێرا پێکەوە



دووربینی چاو یا دووربینی ڕاو، ئەو دووربینانەی کە مەودای دوور نزیك بۆ بینین نزیك دەخەوە بۆخۆی سوودی زۆری هەیە، جا ئەگەر دووربین بێت و کامێراش ئەوە باشییەکەی دوو قاتە.


کامێرای دووربینی جۆری Konsivy زۆر گونجاوە بۆ هەموو شوێنێك، بەتایبەتی بۆ چیاو دارستان و وێنەگرتن لە سروشتی گیانداران. دەکرێت لە دووری دوورەوە بە جوانترین کوالیتی وێنەی گیانداران بگری. تەنیا بەیەك چاو دەکرێت سەیری بکەی. زۆر بچووکە و بە ئاسانی هەڵدەگیرێت. چەند دوگمەیەکی پێوەیە و دوگمەی تایبەت بە ڕێکخستن بۆ چاوی بەکارهێنەرەکەی لە خوارەوەیە. بە سێ کوالیتی وێنە دەگرت، QHD, 2K,4K. بۆ وێنەی پانۆرامایی زۆر گونجاوە. هێنانەوەی پێشەوەی کامێراکە ١٠ بەرابەرە. لە مەودای ٣٠ مەترییەوە وێنەی زۆر جوان دەگرێت. حاڵەتی تەك فۆکس کە بە (SF) ناسراوە بۆ گرتنی وێنەی باڵندە، فڕۆکە و دیمەنە وەرزشییە جوڵەدارەکان گونجاوە.

حاڵەتی فۆکسی خۆکار (AF) بۆ وێنەگرتن لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك کامێرای ئاسایی دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت و هەروەها سیستەمی (MF) بۆ هەردوو ئەو حاڵەتەی کە ئاماژەم پێدان گونجاوە.

# کۆمپیوتەرێک بە قەوارە بچووک بە کارایی مەزن

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەیبینن، ئامێرێکی یاری کردنی وەك پلەی ستەیشن و نینتدۆ و ئامێرەکانی تایبەت بەگەیم نییە، ڕاستە وەك هەر ئامێرێکی دیکە گەیمیشی پێدەکرێت بەڵام ئەو ئامێرە کۆمپیوتەرێکی مەزنە بە قەوارەیەکی بچووك. سیستەمی ویندۆز ١١ی لەسەرە. ڕامەکەی هەتا ٦٤ گیگابایت دەڕوات و میمۆرییەکەی لە جۆری SSDیە و هەتا دوو ترابایت دەڕوات! بە واتایەکی دیکە هەموو ئەرکێکی کۆمپیوتەرێکی مەزن ئەنجام دەدات بە خێراییەکی یەکجار زۆرەوە و هەتا هەشت گیگا دەڕوات.

شاشەکەی تەنیا ٦ ئینجە، دەکرێت وەك ئامێرێکی یاری کە هەموو دوگمەکانی یاری لەلای چەپ و ڕاستی کیبۆردەکەن. شاشەکە لەکاتی یاریکردندا دەکرێت لەسەر کیبۆردەکە دابندرێتەوە. دوگمەکانی کیبۆردەکە ڕووناکی ڕەنگاورەنگیان هەیە. سیستەمی وەرگرتن و گەیاندنی خێرای لەسەرە. سیستەمی وای-فای ٦ و هەروەها بلوتوسی ٥ کە خێراترین سیستەمی وەرگرتن و گەیاندنن.





# هیتەری شەحن بۆ هەموو شوێنێک

وەرزی زستانە، سەرما لە هەندێك شوێن تاقەت پرۆکێنە و زۆر لە خوار سیفرییە. بۆ کەسێکی وا چ لە هیتەر یا سۆبەیەك کە نە نەوتی تێبکرێ و نە کێشەی کارەبا برانی هەبێت. هیتەری گەرمی cozypod وەك ئەوە وایە بۆ هەرێمی کوردستان دروستکرابێ! سۆبەیەکی گەرم بەبێ ئەوەی هیچ سووتەمەنی و وزەی کارەبای بوێت، شەحن دەکرێتەوە. لە سیرامیك دروستکراوە و لەمسە. لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵێ دەکرێت و گەرماییەکەی هەتا ٨٠٠ واتە. لە دوو چرکەدا گەرم دەبێت. لە هەر شەحنکردنەوەیەکدا هەتا ٣٦ کاتژمێر پێویستی بە شەحن نابێتەوە. گەرماییەکەی هەتا ٣١ پلەیە. خۆکار لەکاتی گەرمای زۆردا دەکوژێتەوە. بۆ ١٨ مەتری چوار گۆشە دەگونجێت. لە هەمووی گرنگتر دەکرێت لە جانتاکەتی بخەی و بۆ هەموو شوێنێك ببەی لە هیچ شوێنێك سەرمات نابێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت چۆن بتوانم هەموو وێنەکانم کە لەسەر گوگل فۆتۆن دابەزێنمە سەر کۆمپیوتەرەکەم، چونکە زیاتر لە ١٠ گیگابایتن؟**

بەڕێز خودی گوگل بۆ دابەزاندنی وێنەکان، ئیمێلەکان بەگشتی هەرچی پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانی گوگڵەوە هەیە، خزمەتگوزارییەکی داناوە بەناوی google takeout. هەر بە ئەکاونتەکەی خۆت ئەو خزمەتگوزارییە بکەوە، پاشان ئەوەی مەبەستە دابەزێنێ هێمای دروستی لەسەر بدە و پاشان export دابگرە. دوای ئەوە وێنەکان ئەگەر حەز دەکەی پێکەو یان دوو گیگابایت دوو گیگابایت دیاری بکە و بەستراوەتەوە بە قەبارەی داتاکانت چەندن، جار هەیە رەنگە رۆژێکیش بخایەنێ، دوای ئەوە لینکێك بۆ جیمێلەکەت دێت و لە رێگای ئەو لینکەوە دەتوانی وێنەکانت دابەزینی.



# کامێرای دیجیتاڵی لە بەرگی کلاسیکدا

کامێرای پلۆراید یا کۆداك تا ساڵەکانی هەشتای سەدەی رابردوو گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە پێویستی بۆ تاقیگا نەبوو بۆ شوردنەوەی فیلمەکانی و ئۆتۆماتیکی فیلمەکەی لەسەر وەرەقەیەکی تایبەتی چاپ دەکرد.

جارێکی دیکە کۆداك هەمان کامێرای بە سیستەمێکی دیجیتاڵی بەرهەم هێناوەتەوە، پرینتەری چاپکردن لە خودی کامێراکە دایە. کوالیتی کامێراکە زۆر نییە بەڵام هاوشێوەی هەموو کامێراکانی پێشوویە، واتە دە میگاپیکسێل. قەوارەی وێنەکانی کامێرا ٢ لە ٣ ئینج دایە و چل وەرەقە تایبەتی بۆ وێنەگرتن لەخۆیدا هەڵدەگرێت. شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندانی وێنەکان بەر لە پرێنتکردنیان. میمۆری ناو کامێراکە ٢٥٦ گیگابایتە. لەکاتی وێنەگرتندا دەکرێت ئیفێکت یا فیلتەری جوانکردن و دەستکاریکردنی وێنەی بۆ دابندرێت.





## ماڵپەڕی ژیری دەستکرد بۆ وێنەی سیحری

جۆرێك لە وێنە لە سەردەمی ژیری دەستکرد سەری هەڵداوە کە فێڵ لە چاوی بەکارهێنەر دەکەن و کاتێك مرۆ سەیری دەکات، دارستانێك یا چیایەك یا رووبارێك یا گوندێك دەبینیێ، بەڵام کە چاوت بچووك دەکەیەوە یا دوور دەکەیەوە وێنەیەکی شاراوە دەردەکەوێت. ئەم جۆرە وێنانە بە ژیری دەستکرد دروست دەکرێن. ماڵپەڕیhuggingface.co تایبەتە بە دروستکردنی ئەم جۆرە وێنانە. کاتێك دەیکەوە، لە بۆکسی یەکەمدا وێنەی دڵخوازی خۆت کە لەناو وێنەی یەکەمدا دەشاردرێتەوە هەڵدەبژێری و پاشان وێنەی یەکەم جا دارستان بێت، یا چیا بێت یا... لە خوارەوە لە بۆکسێك بۆی دەنووسی و دوای ئەوە دوگمەی Run دادەگری وێنەکە دروست دەبێت.

# پرۆگرامێکی بیناسازی و ئەندازیاری بناسن

بیناسازی و ئەندازیاری یەکێکە لە پێشە دێرینەکانی مرۆڤایەتی و هەر لەسەرەتای بونی مرۆڤەوە ئەو پێیشەیە هەبووە. لەسەردەمی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو و کۆمپیوتەردا ئەو پێشەییە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە دی و پرۆگرامگەلێکی تایبەت بە بیناسازی بەرهەم هاتن کە ئەرکی ئەندازیارانی ئەو بوارەی ئاسانتر کردووە. یەکێك لەو پرۆگرامانە (SketchUp)ە. پرۆگرامێك گرنگ و بەکارهێنانی ئاسان. دەتوانین بڵێین خێراترین و ئاسانترین پرۆگرامی بیناسازییە. هەموو شتێك لەوێ بەشێوەی ئایکۆن لەبەردەستدان و تەنانەت ئەوانەی شارەزای ئەو بوارەش نین دەتوانن بەکاری بێنن.



پرۆگرامەکە لە گشت بوارەکانی بیناسازی، ڕێگاوبان، جادە و شەقام، دیزاینی ژوورەوە، دیزاینی دارتاشی و کاری MDF گرنگی تایبەتی هەیە. پرۆگرامەکە هەموو شتێك بە شێوەی سێ ڕەهەندی نیشان دەدات و هەروەها بەشێوەی ئەنیمەیشنیش نەخشەسازییەکان نیشان دەداتەوە.



# کیبۆردێک پێویستی بە تۆچ پاد و ماوس نییە

کیبۆردی جۆری Mokibo Fusion Universal Bluetooth دەکرێت سێ ئامێر پێکەوە پەیوەند بدات و لەیەك کاتدا لەسەر سێ ئامێر پێکەوە کار دەکات. لەگەڵ هەموو سیتسەمەکانی ئای ئۆ ئێس و ئەندرۆید و ویندۆز دەگونجێت. ناوازەیی کیبۆردەکە لەوەدایە پێویستی نە بە تۆچ پادە و نە بە ماوسە. خۆی کیبۆردەکە دوگمەکانی ئەرکی تۆچ پاد ئەنجام دەدەن. کاتێك بەکارهێنەر دەست بە دوگمەکانی لای ڕاست دادەنێ دەبێتە تۆچ پاد. و هەروەها دوگمەکانی لای چەپیش ئەرکی ئاراستەکان دیایر دەکەن. هەر بەهۆی کیبۆردەکە کلیکی لای ڕاست و چەپ، مایك و کامێرا و گەورە بچووك کردنەوەی تێدایە. کاتێك تەبلێتی لەسەر دادەنرێت بەتایبەتی تەبلێتی iPad وەك لاپتۆپی لێدەکات. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا ٦٠ کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت. لە هەمووی گرنگتر بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاوەوەش تێکناچێت.



## به بەکارهێنانی کەرەستەی سرووشتی چاودێریی پێستت بکە



- **پاککەرەوەی سرووشتیی پێست بە ماست و خەیار و نەعنای سەوز**

تێکەڵەیەکە کە یارمەتیی لابردنی هەموو پیسییەکانی سەر پێست دەدات، بۆ ئەم مەبەستە نیوەی خەیارێکی توێکڵکراو ورد بکە و کەوچکێك ماست و پێنج گەڵای نەعنای تازەی تێبکە، بەردەوامبە لە وردکردنی پێکهاتەکان تاوەکو یەکسان دەبن، پاشان تێکەڵەکە بدە لە دەموچاوت و بە سەری پەنجەکانت بە نەرمی مەساجی پێ بکە،دواتر بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.

- **تێکەڵەی زەیتی زەیتون و شەکر و هەنگوین**

بە تێکەڵکردنی کەوچکێك زەیتی زەیتون لەگەڵ کەوچکێك هەنگوینی سرووشتی و دوو کەوچك شەکری ورد، پاشان پێکهاتەکان بە باشی تێکەڵ بکە و بە نەرمی بیدە لە پێستی دەموچاوت، بە سەری پەنجەکانت بە نەرمی مەساجی پێ بکە و بۆ ماوەی دە خولەك لەسەر دەموچاوت بەجێی بهێڵە، پاشان بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.

ئەم تێکەڵەیە ڕێگەیەکی سەلامەتە بۆ هەموو جۆرە پێستێك و بۆ لابردنی خانە مردووەکانی پێست، بەبێ ئەوەی هیچ زیان و سووربوونەوەیەکی لێ بکەوێتەوە.



## چۆن گەشبینی لە خۆت و کەسانی دیکەدا بەرجەستە دەکەیت

بەپێی ماڵپەڕی nbcnews.com یەکەم هەنگاو بۆ پەرەپێدانی گەشبینی لە ئارەزووی کەسییەوە دەست پێدەکات، ئەویش ئارەزووی مرۆڤ بۆ گەشبینیی:

- زۆرجار ڕەشبینەکان لە شێوازی بیرکردنەوە ڕەشبینییەکانیان ڕازین، بۆیە دەبێت کەسەکە خۆی بڕیار بدات کە ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە بگۆڕێت و بە ڕەوتی ژیانی خۆیدا بچێتەوە و، خۆی فێری بینینی لایەنی ئەرێنی بکات لە هەموو بارودۆخەکاندا.
- ڕەشبینەکان سەرقاڵن بە بیرۆکەی کامڵبوون، ئەمەش ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی ماندووکەریان دەکاتەوە و، وایان لێ دەکات دڵەڕاوکێیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی تەواو، ئەمەش زۆرجار هۆکارە تا نەتوانن هیچ کارێك بکەن، بۆیە دەبێت کەسەکە واز لە باوەڕبوون بە کامڵبوونی بێ کەموکورتی بهێنێت، چونکە کەسی بێ کەموکووڕی تەنیا خودایە.
- ڕەشبینەکان پیشەگەرن لە خەیاڵکردنی کارەسات و خراپترین سیناریۆ، ئەوان هەمیشە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئایا دوای کارەساتەکە چی ڕوو بدات، ئیدی لەو دۆخەدا گیر دەخۆن، نوقم دەبن لە کاریگەرییە نەرێنییە ئەگەرییەکانیدا، کە زۆرجار هێشتا ڕووی نەداوە، کەچی ئەوان دەیانەوێت دۆخەکە بگۆڕن بۆ دەستکاریکردنی پێگەی خۆیان.



# هەندێک ئامۆژگاریی جوانکاری بۆ چاوەکانت

**کرێمی دەوروبەری چاو**

لەکاتی بەکارهێنانی کرێمی چاودا ئاگاداربە کرێمەکە ڕاستەوخۆ لە پێستی ژێر چاوەکان نەدەیت، بەڵکو لەسەر پێستی هەردوو ئێسکە دیارەکانی بدەیت، ئەویش بە جووڵەی سووك و بازنەیی، بە بەکارهێنانی هەر چوار پەنجەی دەست، چونکە ماسوولکەکانی نەرمترن لە پەنجە گەورە، ئەم شێوازە باشترینە بۆ پاراستنی ناوچەی دەورووبەری چاوەکان.

**ماسکی ئارامکەرەوەی چاو**

دوای لابردنی ماکیاژ و پاککردنەوەی ناوچەی دەورووبەری چاوەکان، ماسکی ئارامکەرەوەی چاو پاش ساردکردنەوەی لە ناو بەفرگردا بەکار بهێنە و، بە جووڵەیەکی بازنەیی و بە نەرمی ناوچەی دەورووبەری چاوەکانت مەساج بکە، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت کە پێکهاتەکان دەچنە ناو چینەکانی پێستەوە، لە کۆتاییدا دەموچاوت بە ئاوی شلەتێن بشۆ.

سیرۆم بۆ ڕێگریکردن لە چرچبوونی چواردەوری چاو

بە پەنجەی ئاماژەت لە ناوەوە بۆ دەرەوە بە نەرمی سیرۆمەکە لە گۆشەی دەرەوە و ناوەوە و بەشی ژێرەوەی چاو بدە، لە بەشی خوارەوە دەست پێ بکە و بەرەو سەرەوە بۆ پێڵوی چاو، بە کەمێك فشاردان لەسەر پەنجەکان ناوچەی چاو بە سووکی و بە جووڵەی بازنەیی بۆ ماوەی چەند چرکەیەك مەساج بکە.

**ئامادەکردنی: شیلان علی**



# گاشەبەردێكی لاری سەرنجڕاكێش لە ناوچەی قەرەداغ


ئەو گاشە بەردە دەكەوێتە ناوچەی قەرەداغ لە پارێزگای سلێمانی، بە شێوەیەك لار بووەتەوە كە جێی تێرامانە، ئەوەی بە نزیكیدا بچێت وێنەی لەگەڵ دەگرێت، لە ڕووی فیزیاییەوە سەقامگیریی پێكهاتەی بەردێك بەندە بە شوێنی ناوەندی بارستەی هەر بەردێك بەراورد بە خاڵە پشتگیرییەكانی. هەروەها هێزەكانی (بەهۆی كێش)ی بەردەكانی تریش ڕۆڵیان هەیە ئەگەر لە هەر خاڵێكدا لە سەرووی بەردەكەوە یان بەركەوتنیان لەگەڵدا هەبێت. هەر بەردێكی تاك پێویستی لانیكەم بە سێ خاڵی بەركەوتن هەیە كە لەسەری وەستاوە، بۆ ئەوەی بگاتە سەقامگیری، كە (سێ پایە) پێك دەهێنێت، بەگشتی تا خاڵەكانی ئەم سێ پایەیە لە یەكتر نزیكتر بن، بەردەكە كەمتر جێگیر دەبێت، دروستكردنی پەیكەری هاوسەنگكردنی بەرد بەوە ناسراوە كە زۆرێك پێیان وایە جوانترە، هەروەها ڕەنگە بەردەكە بە پشوودان تەنیا لەسەر یەك خاڵ پشوو بدات، ئەمەش بەپێی شوێن و شێوەی دوگۆڕێت. بۆ نموونە، سەرەوەی پێكهاتەیەك ڕەنگە شێوەی گۆڕاوی هەبێت، بەڵام نزیكە لەوەی ڕووی سەرەوەی تەخت و ئاسۆیی بێت و لە ئاراستەی ئاسۆیی و لە هاوسەنگیدایە. هەروەها سەقامگیریی پێكهاتەكە كاریگەریی لەسەر درووست دەبێت، بەهۆی خۆلێدان لە نێوان بەردەكاندا، بەتایبەتی كاتێك بە گۆشەیەكی دیاریكراو لەسەر یەكتر دادەنرێت، ڕەنگە پێكهاتەكە بكەوێت (دارمان) بە پشتبەستن بە قەبارەی دیاردەكانی دیكەی وەك با، باران، بەفر، لەرزینی زەویی ناوچەیی، یان چالاكیی بومەلەرزەیی.
كۆكردنەوەی بەردەكان بە تەختی لەسەر یەك دادەنرێت تا دەگەنە بەرزییەكی زۆر، هاوسەنگی كلاسیك، هەر بەردێك بەیەكەوە هاوسەنگ كراوە، بۆ هاوسەنگكردنی هێزی كێشكردن بەردەكانی خوارەوە پشت بە كێشی بەردەكانی سەرەوە دەبەستن بۆ پاراستنی هاوسەنگیی خۆیان، بەردەكان پێكهاتەیەك پێك دەهێنن كە درێژ دەبێتەوە بۆ بۆشایی ئاسمان، هاوشێوەی تەلارسازیی پردی بەردینی كۆن.

# وشتریش خەم دەخوات

نەریتێكی سەیر و باوی گیانداری وشتر، ئەوەیە كە وەك ئەوە وایە خەم بخوات و هەست و دەروونێكی پڕی هەبێت، بەتایبەت لەو كاتانەی كە شتێكی بەسەر دێت، یان بێچووی دەمرێ، ئێستا ئەو دیاردە زۆر بووە و لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ئەو پرۆسەیە بەسەر وشتردا دەهێنن، كاتێك خەمێكی گەورەی هەبێت بەتایبەت كاتێك بێچووەكەی دەمرێت لەبەر خەمی بێچووەكەی نان و ئاو ناخوات، بۆیە دەخرێتە ناو چاڵێك و خۆڵی بەسەردا دەكەن تاكو وا هەست بكات ژیانی لە مەترسیدایە، پاشان تێدەكۆشێت بۆ ئەوەی نەمرێت وە هەوڵ دەدات لە ژیاندا بمێنێتەوە، بەم شێوەیە خەمەكەی بیر دەچێتەوە و دەگەڕێتەوە دۆخی پێشوو.









# پێڵاوی زیرەک بۆ کەسانی نابینا

کێشەی ڕۆیشتن و دەرچوون بۆ کەسانی نابینا، ژیانیان زیاتر قورس دەکات، لای خۆیەوە زانکۆی گراز و کۆمپانیای Tec -innova-tion ی نەمساوی، پێڵاوی زیرەکیان داهێناوە، کە دەتوانێت کاتێك ئاستەنگ درووست دەبێت سیستمی سەلامەتی پەیڕەو بکات، ئەوەش لە ڕێگەی دوو هەستەوەر و لە دووریی سێ مەترەوە و لە ڕێگەی لەرزینی ئامێرەکەوە ئاستەنگەکان دیاری دەکات و کەسەکە ئاگادار دەکاتەوە، کیڤن باجێستکا بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەڵێت: ئاگادارکرنەوەکان وەك ئەوانەن کەلە ئوتومبێلەکاندا کار دەکەن، واتا تا زیاتر لە تەنەکە نزیك بییەوە دەنگ یا لەرزینەکە خێراتر دەبێت، ئەم پێڵاوانە لە ساڵی ٢٠٢٠ وەك ئامێرێکی پزیشکی لە ئەورووپا پەسەند کرا.





# ئافرەتێکی بە تەمەن سەرکێشیی بازدان دەکات



مرۆڤی بە تەمەن ئەو هێز و بازووەی جارانی نامێنێت، جگە لە هێز و بازوو، حەز و خولیای وەك پێشوو نابێت، بەڵام ئەو ئافرەتە ئوسترالییە پێچەوانەی هەموو مرۆڤێك، لە تەمەنی دوای سەدەیەکەوە دڵ و حەزی بۆ ژیان لێدەدات، تا ئێستا لە چەندین کاری سەرکێشی و سەمەرەدا بەشداریی کردووە، ئەو ئافرەتە ناوی (ئیرین ئۆشێ) بە سەرکێشترین مرۆڤی جیهان دەناسرێت، تەمەنی (١٠٢) ساڵە، دواجار داوای کرد کە سەرکێشیی بازدان لە ئاسمانەوە تاقی بکاتەوە، لەسەر داوای خۆی و دوای ئەوەی ئامادەکاریی بۆ کرا، لە ئاسمانی شاری (لانگۆرن کرێگ) کە دەکەوێتە باشووری وڵاتی ئوستralیا، لە بەرزایی (١٤) هەزار پێی لە نێو فرۆکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە، تا ئێستاش تەندرووستی باشە و جێگیرە، وەك خۆی دەڵێ: لەو کاتەی خۆم فڕێدایە خوارەوە، هەستم بە خۆشییەکی سەیر کرد، کە پێشتر تاقیم نەکردبووەوە، سەرەتا هەندێك ترسام و دواتر لام ئاسایی بوو.





## کاریکاتێر

باس لە وێنەکێشێك دەکات، کە خۆی دیار نەماوە و تەنیا کەرەستە و کلاوەکەی ماوە، کەچی لە تابلۆیەکەیدا دواجار وێنەی تیمساحێك دەرکەوتووە، کە تیمساحەکە ئەوی خواردووە و وەك بەڵگەیەکی تاوان دادەنرێت.



## دیمەنە سەیرەکان

شێوەی شامپانزی و مەیموونەکان، بە ڕۆیشتن و هەندێك جوولە هاوشێوەی مرۆڤن، ئەگەر زیاتر ورد ببینەوە لە پێکهاتە و بەشەکانی جەستەیان، زۆر لە مرۆڤ نزیکن، ئەمەش بەڵگەیەکە کە وێنەی قاچی شامپانزییەك نیشان دەدات!



## درێژترین لووت

تۆماس وێدەرزی بەریتانی کە درێژترین و سەیرترین لووتی لە جیهاندا هەبوو، دوای مردنی ناوی چووە کتێبی گینسەوە، بەو پێیەی درێژیی لووتی ٧.٥ ئینج بوو، دەرکەوت کە تۆماس وێدەرز لە دەوروبەری ساڵی ١٧٣٠ لە ئینگلتەرا لەدایك بووە، نمایشکاری سێرکێکی ئینگلیزی سەدەی ١٨ بووە و بەناوبانگ بووە. تۆماس بە خاوەنی درێژترین لوت دادەنرێت لە جیهاندا کە ٧.٥ ئینج (١٩ سم) بووە. بەپێی گێڕانەوەی مێژوویی، تۆماس وێدەرز ئەندامی سێرك بووە و حەزێکی لە ڕادەبەدەریشی بۆ گەشتکردن هەبووە.



## یاسا

**داوای گوێڕایەڵی ژن بۆ پیاوەکەی (دعوی مطاوعة)**

ئەگەر ژن ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی باوکی و نەگەڕایەوە بۆ ماڵی هاوسەری، بۆ پیاوەکە هەیە لە دادگای باری کەسی داوای گوێڕایەڵی تۆماربکات لەسەر ژنەکەی، دادگا بڕیاردەدات بەگوێڕایەڵیی ژنەکە بۆ پیاوەکەی، بۆپیاوەکە هەیە بڕیاری گوێڕایەڵیی ژنەکە جێبەجێ بکات لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێکردن (دائرة تنفیذ) پاش ئەوەی دۆسیی جێبەجێکردنی بۆ دەکرێتەوە و ژنەکەی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، کە دەبێت لە ماوەی حەوت بۆ دە ڕۆژدا گوێڕایەڵیی پیاوەکەی بکات و بگەڕێتەوە ماڵی هاوسەری، بە پێچەوانەوە گوێڕایەڵی نەکردنی بۆ پیاوەکە لە دۆسیی جێبەجێکردندا جێگیر دەکرێت، کە ژنەکە ئامادە نییە بگەڕێتەوە ماڵی هاوسەری، دۆسیەکە دادەخرێت و جێبەجێکاری دادی بڕیار دەدات کە پیاوەکە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات بۆ تۆمارکردنی داوای نشوز. پیاوەکە دەتوانێ داوای نشوز بەرزبکاتەوە لەسەر ژنەکەی پاش ئەوەی دادگا دۆسیەی جێبەجێکردن داوا دەکات و دادگا بڕیاردەدات بە ناشز بوونی ژنەکە، ئەگەر ژنەکە بژێوی بۆ بڕدرابووەوە لەلایەن دادگاوە، بۆپیاوەکە هەیە داوای نەهێشتنی بژێوی بکات پاڵپشت بە بڕیاری ناشزبوونی ژنەکە، ئینجا دادگا بڕیاردەدات بە نەهێشتنی بژێویی ژنەکە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ڕەنگە نەتوانیت ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ بکەیت، بەتایبەتی لە ژیانی تایبەتیتدا، لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگاداری تەندروستیت بە،ی بەتایبەتی تەندروستی گەدەت، لەلایەنی سۆزدارییەوە قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

زۆر چالاکیت و وزەیەکی زۆرت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزیت، ئەگەر دەتەوێت پەیوەندییەکی نوێ دروست بکەیت، ڕەنگە ئەمڕۆ ئەو دەرفەتەت بۆ دروست ببێت، بڕوا بە هەر شتێك مەکە کە دەیبیستیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا هەوڵ بدە کاتێکی خۆش لەگەڵ کەسە نزیکەکانتدا بەسەربەریت، ماوەیەکە زۆر ماندوویت و فشارێکی زۆرت لەسەرە، سوپرایزێك ڕوو دەدات، بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی ئەم بورجەن و هیچ کەسێك لە ژیانیاندا نییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە خۆشەویستەکەت بخەیتە کێشەوە، پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە بکەیت، بەهۆی کارەکەتەوە سەرقاڵیت، باشترە ژیانی تایبەتیت پشتگوێ نەخەیت، چاو و مێشك بکەرەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دەمەقاڵێی زۆر و بەردەوام مەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، دەنا بە تەنیا دەمێنیتەوە، زۆرێك لە خەونەکانت دەبن بە ڕاستی، گرنگی بە وشەی ئەو کەسانە مەدە کە هەوڵ دەدەن ڕەخنەی ڕووخێنەر لە کارەکەت بگرن.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

وریای ئەو بابەتانە بە کە لەگەڵ بەرپرسەکانت گفتوگۆی لەبارەوە دەکەیت، بەشێك لە پرۆژەکانت ناگەن بەو ئەنجامەی خۆت دەتەوێت، بەڵام ئەگەر بەردەوام بیت شکستەکان بۆ سەرکەوتن دەگۆڕێت، ئەم ماوەیە هێمن بە، بەتایبەتی لە ژیانی تایبەتیتدا.

بۆ زانیاریت

# ڕەنگی ڕەشی تایەی ئۆتۆمبێل



لاستیکی سرووشتی یان دەست کرد، ماددەی بنەڕەتییە لە دروستکردنی تایەی ئۆتۆمبێلدا، ئەم مادەیە ڕەنگێکی سپیی هەیە، بەڵام زۆر بە خێرایی ژەنگ دەهێنێت، ئەمەش وای کردووە بەرهەمهێنەرانی تایەی ئۆتۆمبێل کاربکەن بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی تایە، بە زیادکردنی (کاربۆنی ڕەش). جێگیرکەری کیمیایی کاربۆنی ڕەش تایەکان ڕەش دەکات و ڕێگری دەکات لە زیانەکانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی، هەروەها گەرمی لە بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکە دوور دەخاتەوە، کە ئەگەری هەیە لە کاتی لێخوڕیندا گەرم ببن، هەروەها وا لە تایەکان دەکات زیاتر بەرگە بگرن و بمێننەوە.



## پەند و وتە

چارلز جۆن هۆفام دیکنز، نووسەر و ڕۆماننووسی بەریتانی، لە ساڵی ١٨١٢ لە شاری پۆرسموت لە بەریتانیا لە دایکبووە و ١٨٧٠ کۆچی دوایی کردووە، باس لە کۆبوونەوەی مێش و مەگەزەکان دەکات و دەڵێت: «کاتێك مۆمێك یان ڕووناکییەکی جوان و گەشاوە لە شەوە زەنگدا هەبێت، هەموو مێش و مەگەز و گیاندارە بێزارکەرەکان لە دەوری ئەو ڕووناکییە کۆ دەبنەوە، ئایا تاوانی ئەو سەرچاوە ڕووناکییە چییە کە ئەو کۆمەڵە لە دەوری کۆ دەبنەوە!



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئافرەتێك هەیە، ئوتوویەکی بە دەستەوەیە، ئاراستەی هەردووکیان پێچەوانەی یەکترە، هەوڵ بدە ڕاستی و دروستیی وێنەکە لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکەدا ئاشکرا بکە.

فیلم

## دڵی بەردین - Heart of Stone




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە کچێك دەکات بە ناوی ڕێچێل ستۆن، کە لە بواری هەواڵگریدا کار دەکات، کارەکەی بە جۆرێکە کە نێوەندگیریی نێوان دەزگای پاراستنی ئاشتی و چەند لەیاسا دەرچوویەك دەکات، کە بکوژن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و دوو خولەکە، لە دەرهێنانی تۆم هارپەر و نووسینی جۆرج ستیل، لە زنجیرە فیلمەکانی بەرهەمی نێت فلێکسە، لە نواندنی کچە ئەکتەری ناودار، گال گادۆت، ئەلیا بەهات، جەیمی دۆرنان، ماتیس شویگیفەر، لینگ لوسی، سۆفی ئوکنیدۆ.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ناچار دەبیت گرفتەکانی ڕابردووت چارەسەر بکەیت، ڕووبەڕووی هەندێك کێشە دەبیتەوە بەهۆی کەمتەرخەمیتەوە، باشترە وریای هەنگاوەکانت بیت، زۆر کەسی نزیکت دەبینیت و لەلایەنی دەروونییەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕیارێکی گرنگ دەدەیت، هیچ هەنگاوێك بەبێ بیرکردنەوە مەنێ، هەندێك ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدەن، بە زوییش هەمو شتێك دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بە ڕەفتارە زبرەکانت کەسانی چواردەورت لە خۆت دوور مەخەرەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەنگە زۆر هەست بە باشی نەکەیت لەلایەنی دەروونییەوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو گرفتانە کە لە ماوەی ڕابردو هەتبوون، بۆ ئەوەی هێمن ببیتەوە، لەگەڵ کەسە نزیکەکانت کات بەسەر بەرە، ئەم چەند ڕۆژە بڕیار مەدە، دەنا پەشیمانیی بەدوادا دێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆشەویستەکەت، هەندێك گۆڕانکاری ڕوو دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەموو شتێك ئارامە و جێی نیگەرانی نین، هەوڵ بدە ئەمڕۆ کارەکانت تەواو بکەیت پێش سبەینێ، هیچ فشارێکی دەروونی بۆ خۆت دروست مەکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لە سەرەتای ڕۆژەکەتدا کەمێك هەست بە بێزاری دەکەیت، بەڵام دواتر هەمو شتێك بەرەو باشی دەڕوات، فشارە دەروونییەکانت بخەرە لاوە و متمانەت بە خۆت هەبێت، پاڵپشتیی خۆشەویستەکەت لە ئێستادا گرنگترین کارە بیکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەمو شتێك زۆر بە باش دەڕوات بەڕێوە، تەنیا هەست دەکەیت کەسانێك دەیانەوێت کارەکانت تێك بدەن و نازانیت سەرچاوەکەی لە کوێوەیە، پێویستە سەرکێشی نەکەیت لە کاتی هەر هەنگاوێك کە دەینێیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
January 15, 2024 Issue,No.1397


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بی تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626